دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

هەینی ١٥ی بەفرانبار ١٣٩١ ـ ٤ی ژانویەی ٢٠١٣ | ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٩ | نرخ: ١٥٠ تمەن



## پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی سالی نویی زایینی

بە بۆنەی ساڵی نوێی زایینی، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم پێڕەوانی ئەو ئایینە لە کوردستان و ئێران، هیوادارم لە ساڵی نوێی زایینیدا کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بە هەموو ئایینەکانەوە بە مافەکانی ئینسانی و دێموکراتیکی خۆیان بگەن.

ساڵێکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی بۆ هەمو لایەک ئارەزو دەکەم.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٣١/١٢/٢٠١٢**



## کوژراوانی سووریە لە ٦٠ هەزار کەس تێپەڕیوە

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی ئاڵمان ناوی پیلای ئاشکرای کردوە لە ماوەی ٥ مانگ توێژینەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەرکەوتوە لە ٢٥ ی مارسی ٢٠١١ ەوە کە سەرهەڵدانەکانی سووریە دەستی پێکردوە تا نوامبری ٢٠١٢ زیاتر لە ٥٩ هەزارو ٦٤٨ کەس لەو وڵاتە کوژراون.

ناوبراو دەڵێ بە سەرنجدان بە بەردەوامیی تێکهەڵچوونەکان لە سووریە شیمانەی ئەمە دەکرێ کە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ ، ژمارەی کوژراوەکان لە ٦٠ هەزار کەس تێپەڕیبێ.

# ساڵی نوێ، لە چاوەڕوانیی درێژەی رووخانی دیکتاتۆرییەکاندا



ساڵی ٢٠١٢ کۆتایی هات و پێمان نایە نێو ساڵێکی نوێی زایینی. ساڵی ٢٠١٢ پڕبوو لە رووداوی سیاسیی گرنگ. لە ساڵی رابردوو دا چەندین هەڵبژاردنی سیاسیی گرنگ، بەڕێوە چوون. روسیە، فەرانسە، ئەمریکا، چین و میسر هەلبژاردنی سەرۆک کۆمارییان تێدا بەڕێوە چوو کە هەر کامێکیان گرنگیی خۆیان هەبوو. لە میسر ئەگەر چی هەم لە هەلبژاردنی سەرکۆماری و هەم لە ریفراندۆم بۆ دەستووردا ئەخەوانەلموسلمین سەرکەوتن، بەلام خەڵکی ئەو ولاتە،لە بەرامبەر ئیرادەی دەستبەسەرداگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و گێرانەوەی وڵات بۆ دواوە بە توندی راوەستاون. لە سووریە، ململانێی خەڵک لە گەل دیکتاتۆریی ئەسەد لە پێشرەوی دابوو ودیکتاتۆری ئەو وڵاتە بە دەستتنەپاراستن لە هیچ چەشنە کوشتار و وێرانییەک توانی تەمەنی دەسەڵاتە خویناوییەکەی تا سەرەتای ٢٠١٣ درێژ بکاتەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی زایینی رابردوو دا، پلەی فەلەستین لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا بەرز بۆوە.

گوشاری کۆمەلگەی جیهانی بۆ سەر رێژیمی ئیرا ن لە ٢٠١٢ دا بەرەوسەر چوو.کوردستانیش،لە هەموو بەشەکانی خۆی دا، گۆڕەپانی هەوڵدان و بەربەرکانی بوو دژی داگیرکەران و زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد. ئەوەی بۆ سالی ٢٠١٣ پێشبینی دەکری، رووخان و پاشەکشەی پتری دیکتاتۆرییەکان و سەرکەوتنی ئیرادەی رزگاریخوازی و دیموکراسیخوازیی نەتەوەکانە.

## پیرۆزبایی ساڵی نوێی زایینی



بە بۆنەی بیرەوەریی لە دایکبوونی عیسای مەسیح وهاتنی ساڵی نوێی زایینی ، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەشی مەسیحیەکانی جیهان بە گشتی و بە تایبەتی مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران دەکەین.

ئاواتمان ئەوەیە ساڵی ٢٠١٣ بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دراوسێمان ،هەر وەها بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی، ساڵی بەرەوپێشچوونی خەباتی ئازادیخوازی، ساڵی پاشەکشە و شکانی دیکتاتۆری و بیدادی، ساڵی بەهێزبوون و پەرەگرتنی تەبایی و ئاشتی و وێکهەڵکردنی نەتەوە و ئایین و کولتوورە جۆراوجۆرەکان بێت.

بە هیوای تێپەڕبوونی جیژنی سەر ساڵ بە خۆشی و شادی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**دواساتەکانی ٣١ی دیسامبری ٢٠١٢**
**١١ی بەفرانباری ١٣٩١**

## لە سێدارەدانی ٣٢ زیندانی لە ئێران لە ماوەی ١٠ رۆژ دا



دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای مانگی بەفرابناری ئەمساڵەوە تا ئێستا ٣٢ زیندانیی لە زیندانەکانی وڵاتدا لە سێدارە داوە.

بە پێی راپۆڕتی هێرانا دوایین جار دادگای پارێزگای خوراسانی رەزەوی حوکمی سێدارەی ١٠ زیندانیی تۆمەتبار بە هەڵگرتن و گلدانەوەی ماددەهۆشبەرەکانی جێبەجێ کردوە.

ئەو ١٠ زیندانییە کە بە قاچاغچیی ماددە هۆشبەرەکان تاوانبار کرابوون، رۆژی چوارشەممە ٦ی بەفرانباری ئەو ساڵ لە زیندانی تایباد سەر بە پارێزگای خوراسانی رەزەوی بە شێوەی نهێنی لە سێدارە دران و هەواڵی لە سێدارەدرانی ئەوان دوای حەووتوویەک ئاشکرا کرا.

شایانی باسە کە دەزگای دادوەریی ئێران لە سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵەوە تا ئێستا ٣٢ زیندانیی لە زیندانە جیاجیاکانی وڵات لە سێدارە داون.





سیاسی



رووخانی رێژیمی سووریە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێ؟ ٥

مافی مرۆڤ




ژنێڤاکاڵ باشتر بناسین ٦

کۆمەڵایەتی



لەجیهانێکی نائەمندا، منداڵان چۆن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن؟ ٧

سیاسی



ستراتیژیی دامەزرانی قەڵغانی مووشەکی لە تورکیە و کاردانەوەی ئێران ٨

وتووێژ



کۆنفرانسەکان شوێنێک بۆ بە ئێرانی کردنی گۆتاری کوردستانی ٩


روانینمان

## با لە دوکتور قاسملۆوە فێر بین

**(وتارێک کە لە رێورەسمی شەوی یەلدا دا لەلایەن بەڕێز**

**قادر وریاوە پێشکەش کراوە)**

**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی، خۆشەویست!**

خۆشحاڵم کە هەمووتان بەتایبەتی کچان و کوڕانی لاو و تەنانەت مێرمنداڵانیش ئاوا بە ئیشتیاقەوە لەم بۆنەیەدا بەشداریتان کردوە.

ئەمشەو، شەوزستان یان یەکەم شەوی زستانی ١٣٩١ی هەتاوییە. شەوی یەلدایە، شەوی یەلدا لە نێو ئەو نەتەوانەی لە ئێران دا دەژین و نەتەوەکانی دەوروبەر، لە نێو زۆربەیان دا بە دەلایلی ئوستوورەیی و ئەو ئەفسانانەی کە لە بارەیەوە هەن و ئەو باوەڕە کۆنانەی کە لەم پێوەندییەدا هەن، جێگای خۆی هەیە. دەکرێ بڵێم لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران و لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا لەم شەوەدا جێژن و رێوڕەسمی تایبەتی بەڕێوە دەچێ. بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی یەلدا مانایەکی دیکەشی هەیە، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە کە دڵنیام بەشی زۆری ئەو کەسانەی ئاوا بە گەرم و گوڕییەوە ئەمشەو لێرە کۆبوونەتەوە و یان لە شوێنیتر ئەمشەو رەنگە ئاهەنگ و رێوڕەسم پێک بێنن، بۆ ئەوەیە کە شەوی لە دایکبوونی رێبەری ناودار، رێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوویە.

دیارە من لە سەرەتادا لە مەحزەری تێکۆشەرانێک، کەسایەتییەکانی وەک مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاک جەلیل گادانی، کاک فەتاح کاویان و زۆری دیکەتان کە تەشریفتان لێرەیە، بە راستی ئیجازە دەخوازم. چونکە ئەوان بە چەندین ساڵ بەر لە من لە خزمەت دوکتور قاسملوودا و لە ئاستی بەرز دا تێکۆشان و کاری حیزبی و سیاسییان کردوە. رەنگە لە حوزوری ئەوان دا ئاسان نەبێ بۆ من باس لە دوکتور قاسملوو بکەم، کە باسیش لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و ئەم بۆنەیە دەکەم دەمهەوێ پێتان بڵێم ئەمشەو وەکوو ٢٢ی پووشپەڕ نییە کە باسی بۆنەی شەهید بوونەکەی بێت. پێم خۆشە لایەنێکی دیکە، رەهەندێکی دیکە لە ژیانی دوکتور قاسملوو، لە خەبات و تێکۆشانی ئەو باس بکەم. چونکە وەک کوتمان ئەمشەو شەوی لە دایکبوونیەتی و ئێمەش قەرارە جێژن بگرین.

ل ٤

## پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی خەباتکاری کورد، شەرەفەدین ئاڵچی






بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان!

بۆ بنەماڵەی کۆچکردوو، نەمر شەرەفەدین ئاڵچی!

بۆ هەموو دڵسۆزانی پرسی رەوای نەتەوەی کورد!

لە حەوتووی رابردوو دا پارلمانتێر و نوێنەری شاری ئامەد لە پارلمانی تورکیە و کەسایەتیی خەباتکاری کورد لە باکووری کوردستان، شەرەفەدین ئاڵچی بە داخەوە کۆچی دوایی کرد. شەرەفەدین ئاڵچی، کە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری جزیری بۆتان لە دایک ببوو، لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیای دامەزراند. لە درێژەی کار و تیکۆشانی سیاسی و ئازادیخوازانەی دا، ساڵی ١٩٧٧ بە دەنگی خەڵکی ماردین چووە پارلمانی تورکیە. لەسەردەمی سەرۆکوەزیریی بۆلەند ئەجەوید لە دەیەی حەفتای زایینی دا بوو بە ئەندامی کابینەی ناوبراو و بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە دیاری کرا. ئاڵچی لە کاتی وەزارەتیش دا و تەنانەت لە سەردەمی دەولەتی کودەتادا، نەک حاشای لە کوردبوونی خۆی نەکرد، بەڵکوو رای گەیاند لە تورکیە شانبەشانی نەتەوەی تورک نەتەوەی کوردیش دەژی ومنیش یەک لەو نەتەوەیەم. شەرەفەدین ئاڵچی لە سەر ئەم قسەیە چووە بەندیخانە و زیاتر لە دوو ساڵ لە بەندیخانە دا مایەوە و کاری سیاسییشی لێ قەدەغە کرا.

ساڵی ١٩٩٤، ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرە پاش چەند ساڵ دوورخرانەوە لە کاری سیاسی بە دامەزراندنی پلاتفۆرمی دیموکراتیکی کورد، هاتەوە گۆرەپانی تیکۆشانی سیاسی. حکوومەتی تورکیا لەدوو ساڵ زیاتر هەلسووڕانی ئەم رێکخراوە سیاسییەی تەحەممول نەکرد و هەلوەشاوەی راگەیاند. ئاڵچی، لە تێکۆشان نەوەستا و سەرەنجام لە ساڵی ٢٠٠٠ پارتی دیموکراتی بەشداریخوازی دامەزراند وتا کاتی دوا مالاوایی لە ژیان وەک سەرۆکی ئەو پارتە درێژەی بە تیکۆشانی سیاسی دا.

نەتەوەی کورد بە کۆچی دوایی شەرەفەدین ئاڵچی، کەسایەتییەکی سیاسیی بە ئەزموون و خەباتکارێکی شێلگیری لە دەست دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی شەرەفەدین ئاڵچی ، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەم کەسایەتییە سیاسییە خەباتکارە، پارتی دیموکراتی بەشداریخواز و خەڵکی باکووری کوردستان دەکا.هیوادارین خەبات و هەوڵدانی نەمر شەرەفەدین ئالچی و هەزاران تێکۆشەری دیکە، ببێتە دەسمایەی وەدیهاتنی ئاواتە لەمێژینەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٩ی دیسامبری ٢٠١٢**
**٩ی بەفرانباری ١٣٩١**

## پەیامی هاوخەمیی ناوەندی راگەیاندنی حدک بە بۆنەی کۆچی دوایی یەکێکی دیکە لە قوربانییەکانی کارەساتی شیناوێ






بە داخەوە یەکێکی دیکە لە قوربانییەکانی کارەساتی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی شیناوێ، گیانی لە دەست دا.

رۆژی هەینیی رابردوو، سارینا رەسوولزادە، قوتابیی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی شیناوێ، کە یەکێک لە بریندار و سووتاوەکانی رووداوی رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ئەم قوتابخانەیە بوو، دوای زیاتر لە ٢٠ رۆژ بەربەرەکانی لە گەڵ مردن و مانەوە لە نەخۆشخانە، لە تەورێز گیانی لە دەست دا.

مردنی سارینا رەسوولزادە لە کاتێک دایە کە هێشتا ژمارەیەکی دیکە لە قوتابییە زیانپێکەوتووەکانی ئەو قوتابخانەیە، هەر لە تەورێز، لە ژێر چاوەدێریی پزیشکەکان دان و باری لەشساغییان بە داخەوە جێگای نیگەرانییە.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی مەرگی سارینا رەسوولزادە، هاوخەمی و هاودەردیی قووڵی خۆی بە بنەماڵەی سارینا و خەڵکی شیناوێ وهەموو خەڵکی پیرانشار رادەگەیەنێت. کارەساتێک، کە لە ئاکامی بێموبالاتی و کەمتەرخەمی و سیاسەتی نابەرپرسانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا، لە قوتابخانەی سەرەتایی شیناوێ، گیان و سلامەتی نزیکەی ٤٠ کیژۆلەی بیتاوانی کوردی خستە مەترسییەوە،مایەی خەم و نیگەرانیی هەموو نەتەوەکەمان و سەرجەم مرۆڤدۆستانە. ئێمە لە کاتێک دا سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییەکانی ئەو رووداوە دەکەینەوە و چاکبوونەوەی هەر چی زووتری سووتاو و بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین، داوا لە رێکخراوە مەدەنییەکان وداکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران دەکەین،لە پێداگری لە سەر بەدواداچوونی ئەم کارەساتە و پشتیوانی لە بنەماڵەی قوربانییەکان، بەردەوام بن و بە تەنیایان مەهێڵنەوە.

**ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٩ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی**
**( ٢٩ دیسامبری ٢٠١٢ ی زایینی)**

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕات لە کۆنسوولگەریی فەڕانسە



**کوردستان و کورد:** هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی کۆنسوولگەریی فەرانسەی کرد.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هاوڕێیەتیی برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر سەردانی کۆنسوولگەریی فەرانسە لە هەولێری کرد و لە لایەن ئالان گێسپرات، سەر کۆنسوولی نوێی ئەم ولاتە لە پێتەختی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرکۆنسوولی نوێی فەرانسە کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و پێداگری لە سەر بەردەوامیی پێوەندیی لە مێژینەی فەرانسە و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

پاشان دوو لایەن هێندێک رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەو پرسەکانی پێوەندیدار بە کێشەی کوردیان بە گشتیی هێنایە بەرباس و دوایین ئاڵوگۆرەکان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکان تاوتوێ کران.

## سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حدک لە مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی لە هەولێر



**کوردستانو کورد نیوز:** هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی مەڵبەندی ٣ ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە پێتەختی هەرێمی کوردستاندا کرد.

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی برایم زێوەیی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی مەڵبەندەوە بە سەرپەرستیی دوکتور رێبوار ئیسماعیل، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا نوێنەری حیزب جارێکی دیکەش بەپەرۆشبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی سەبارەت بە بارودۆخی سلامەتیی مام جەلال ڕاگەیاند و هیوای خواست کە مام جەلال بە زووترین کات بە سەر ئەو نەخۆشییەدا زاڵ ببێ و بگەڕێتەوە لامان، چونکی بێگومان دەور و نەخشی مام جەلال لە چارەسەریی قەیرانەکانی ئێستای عێڕاقدا تۆخ و پڕدیارە.

لەبەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشی عێڕاق و کوردستان خرانە بەر باس و پێداگری لە سەر بەردەوامیی پێوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک دوو هێزی خاوەن ڕابردوو و لێک نیزیکی کوردستان کرایەوە.

## بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی ساڵانەی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویس



کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سویس کۆنفڕانسی ساڵانەی خۆی پێک هێنا.

ئەو کۆنفڕانسە رۆژی یەکشەممە، ٣ ی بەفرانبار بە بەشداریی ئەندامان، دۆستان، لایەنگران و بەشێک لە حیزبە کوردستانیەکان و لە ژێر ناوی کۆنفرانسی پەپوولە سووتاوەکانی شیناوێ گیرا.

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێرمان کۆنفرانس بە سروودی نەتەوەیی ئەی‌رەقیب و راگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.

لە سەرەتای کاری کۆنفڕانسدا وتارێکی کورت لە سەر چۆنیەتیی ئامادەکاریی کۆنفڕانس لە لایەن کاک یاسین مەولوودی، بەرپرسی کۆمیتەوە پێشکەش بە بەشدار بووان کرا. پاشان بەڕێز خالید حەسەن‌پوور، ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، نوێنەری کۆمیتەی دەرەوەی حیزب لە سەر پێشهات و رەوتی ئاڵوگۆرەکانی جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە تایبەتی، باسێکی تێروتەسەلی پێشکیش کرد.

لە درێژەی کاری کۆنفڕانسدا بە بۆنەی لە دایک بوونی رێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور قاسملوو کورتەیەک لە وتەکانی ئەو نەمرە بە فیلم پیشانی ئامادەبووان درا و دواتر پەیامی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان بۆ کۆنفرانس لە لایەن نوێنەرانی خۆیانەوە خوێندرانەوە.

لە برگەی دووهەمی کاری کۆنفرانسدا راپۆرتی کاری کۆمیتەی سویس، لە لایەن هاوڕێ یاسین مەولوودی یەوە خوێندرایەوە و ئەندامانی حیزب بەشدار لە کۆنفڕانس بەگەرمی باسیان لە سەر راپۆرتی کۆمیتە کرد و لەو بارەیەوە بۆ هەرچی باشتر بەرێوە چوونی کاری حیزبی لە وڵاتی سویس، بە رەخنە و پێشنیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کرد و راپۆرتی کار و چالاکیەکان لە لایەن کۆنفرانسەوە پەسند کرا. دواتر لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک دا ئەندامانی نوێ بۆ بەرێوەبەریی کۆمیتە هەڵبژێردران.

شایانی باسە ئەو حیزب و رێکخراوانەی پەیامیان لەو کۆنفرانسەدا خوێندرانەوە، بریتی بوون لە: یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی سویسی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، کومیتەی سویسی پارتی دێموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و تەڤگەری جوانێن کورد لە رۆژئاوای کوردستان

## بەرزراگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ



لە رێورەسمێکی بەشکۆدا ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە نۆروێژ رێزی لێ گیرا.

کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ رۆژی شەممە، ٢ی بەفرانبار بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئالاو پێشمەرگەی کوردستان، رێوڕەسمێکی تایبەتی بەرێوە برد.

ئەو ڕێورەسمە کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ بەرێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» لەلایەن کۆرسی منالانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت قوتابیەکانی گوندی شێناوێی پیرانشار دەستی پێ کرد.

دوای بەخێرهێنانی میوانان و خوێندنەوەی چەند کۆپلە شیعرێک لەلایەن بەرێوەبەرانی بەرنامەکە، مەحبوب رەحیمی و سەید لوقمان حوسێنی، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لەلایەن ئالان نەبیزادە، ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەریی حدک لە نۆروێژ خوێندرایەوە.

لە بەردەوامیی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن چنوور ئەکبەرپوور و پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن سالار عەبدی پوور خوێندرانەوە و لە درێژەدا ئەبووبەکر قەدیکورد، بەرپرسی کۆمەڵەی کولتووریی کوردیی رۆمەریکە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پێشمەرگەو خەڵکی خەباتگێری کوردستان کرد.

چالاکییە هونەرییەکانی کۆرسی سروود و هەڵپەرکێی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندنەوەی پەخشانێک لە وەسفی پێشمەرگەدا لەلایەن پێشمەرگەی دێرین، عەبدوڵڵا شەخسە چەند برگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بوون.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بە پێشکەشکردنی گوڵ بەو کەسانەی کە رۆژانێک لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد تێکۆشاون، ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان گیرا.

شایانی باسە کە دوایین بەشی رێورەسمەکە بە شاییو هەڵپەرکێی بەشداران‌و بە دەنگی هونەرمەندانی دەنگخۆش بەختیار ساڵح، ئارەزوو عومەرزادە، نەجمان سیندی و رۆنی ڕازایەوە.

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەڵدا لە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان







**کوردستان و کورد نیوز:** یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدا، شەوی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو ڕێورەسمێکی بە شکۆی بەڕێوە برد

بە بۆنەی شەوی یەڵدا، ٨٢ ساڵەی لە دایکبوونی ڕێبەری شەهیدی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێورەسمێکی تایبەتیی بەڕێوە برد.

ئەو ڕێورەسمە شەوی ١ی بەفرانبار، شەوی یەڵدا و لە ٨٢ ساڵەی لە دایکبوونی سکرتێری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور قاسملووی نەمر، بەبەشداریی سەدان کەس لە کیژان و کوڕانی لاوی دێموکرات و بە ئامادەبوونی بەشێک لە یارو یاوەرانی بە وەفای شەهید قاسملوو ڕێورەسمێکی تایبەت لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێ دەنگیی بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن، ئازاد محەممەدزادە، ئەندامی بەڕێوەبەریی لاوانەوە پێشکەش کرا.

لە سەرەتای ئەم پەیامەدا وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە لە بەشدارانی ڕێورەسمەکە، باس لە کورتەیەک لە ژیانی پڕبەرهەمی شەهید دوکتور قاسملوو کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەم پەیامەدا باس لە لایەنێک لەکەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕ کرا.

لەم بەشەی پەیامەکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دا هاتبوو:

دکتۆر قاسملوو لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی گەورەدا یەکێک لەو ڕێبەرە دەگمەنانە بووە کە لێوەشاوانە دوو چەمکی روناکبیری و شۆڕشگێڕیی ئاوێتەی یەکتر کردوە و ڕۆشنگەری و پڕاکتیکی هاوتەریب لە گەڵ یەکتر بە گرینگ وەسف کردوە، لە ڕەهەندی سیاسەتیشدا سەرەڕای پێویستیی لە بەرچاو گرتنی ڕوانگەیەکی پراگماتیستانە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان، بەردەوام لە سەر پابەند بوون بە پرنسیپە شۆڕشگێڕیەکان پێداگر بووە و ڕێزگرتن لە بەها مرۆییەکانی بە تایبەتمەندیی سەرەکی و ڕەمزی بەخشینی شوناسی ئازادیخوازانە بە خەبات زانیوە. ڕێبەری مەزن، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە هەوڵی وەدی هاتنی ئارمانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بوو، بەڵام هاوکات هەرگیزیش لە چوارچێوەی مرۆڤێکی ئیدۆلۆگ و هزرێکی داخراو و کلیشەیی خۆی دەرنەخست و جیا لەوە بەردەوام تێدەکۆشا کە شۆڕشی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتیش لەو چەشنە قەفەسە فکری و تیۆریکیانە ڕزگار بکا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا بەڕێز قادر وریا ئەندانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و ئەندێشەکانی د. قاسملوو قسەی کرد.

قادر وریا لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای دەستخۆشی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی پێکهێنانی ئەم ڕێورەسمەو پیرۆزبایی لە بەشدارانی کوڕەکە، باسی لە شەوی یەڵداو ماناکانی ئەم شەوە بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان کرد و لەم پێوەندییەدا باسی لە گرێدانی شەوی یەلدا و لە لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو لەم شەوەدا کرد کە وای کردوە ئەم شەوە لای خەڵکی کوردستان و بەتایبەت تێکۆشەرانی دێموکرات مانایەکی تایبەتی هەبێ.

لە درێژەی قسەکانی دا بەڕێز قادر وریا باسی لە چەند لایەنێکی ژیان و کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو کردو بە ئەرکی بەرەی نوێی زانی کە ڕێز لە کەسایەتییەکانی خۆی بگرێ.

لەم بەشە لە قسەکانی دا قادر وریا باسی لە کلتووری ئاشتیخوازی، خۆشویستنی ژیان، جێژ وەرگرتن لە هونەرو موسیقی و جوانییەکان، ڕێزگرتن لە ژنان، دژایەتی لە گەڵ ناهومێدی و ڕەشپۆشی، دیپلۆمات بوون و مێژووناسی و هتد.. کرد، کە بەشێک بوون لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی شەهید دوکتوور قاسملوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا بەڕێز کاک فەتاح کاویان تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەستخۆشی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی شەوی یەڵدا، شێعرێکی پێشکەش کرد.

لە بەشی دووهەم و هونەریی ڕێورەسمەکەدا ئەم بابەتانەی پێشکەش کران:

گۆرانیی «نیگای دلبەر» بە دەنگی محەممەد ئەمین کەریمی

شێعری «شەوی یەلدا» لە لایەن بەرێز ئەحمەد قادری

پەخشانێک لە لایەن هیوا ڕاعی

هەڵپەرکێی گرووپی «ئاویەر» لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پێشکەش کردنی شێعرێک بە دەنگی خاتوو سۆیلا قادری

پێشکەش کردنی شێعرێک لە لایەن نێعمەت مەلا

گۆرانییەک لە لایەن جەماڵ ئەکبەری

شێعرێک بە ناوی «بۆ قاسملوو» لە لایەن ڕازاوە هەمزەپوور

پێشکەشکردنی گۆڕانییەک بە دەنگی کۆمار بەهاری

دوایین بەشی ئەم ڕێورەسمە بریتی بوو لە هەڵپەرکێی گشتیی کوڕان و کچانی دێموکرات.

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی ٢٠١٣ ی زایینیی






بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینیەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین کە ساڵێکی پڕ لە خۆشی و پڕدەسکەوت بێ بۆ هەموو لایەک، بەتایبەتی بۆ هاونیشتمانە مەسیحییەکان.

بەڕێزان!

ئەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان نین کە ڕووداوەکان گرینگ و جێی بایەخ دەکەن، بەڵکو ئەوە ڕووداو و بۆنە و یادەکانن کە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان گرینگ دەکەن.

هەر لەم سۆنگەیەوە، گەلانی سەر گۆی زەوی، بە جیاوازیی نەتەوە، ئایینزا و کەلتووری جۆراوجۆرەوە، زۆربەیان سەری ساڵی تایبەت بەخۆیان هەیە و، ساڵانە یادی دەکەنەوە و بەشێوازی جۆراوجۆر، ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و ڕێوڕەسمی بۆ دەگێڕن.

سەری ساڵی زایینیش، گەرچی لە جیهانی مەسیحییەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەگەر نەڵێین هەموویان، لە کاروباری ڕۆژانە و ساڵانەیاندا پشتی پێدەبەستن، ئەمڕۆکە ئیتر ئەم بۆنەیە بۆتە بۆنەیەکی جیهانی و، لەسەرتاسەری جیهاندا یادی دەکرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا سەری ساڵی زایینی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیشدا کراوەتە ڕۆژژمێر و، هەموو کار و بەرنامەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەسەر ڕێک خراوە.

هەر لەم ڕاستایەشدا، سەری ساڵی کوردییش، هێمایە بۆ سەرکەوتن بەسەر زوڵم و ستەمدا، هەر بۆیە کوردانیش لەم ڕۆژەدا لە گشت جیهاندا، ئاهەنگی خۆشی و شادی دەگێڕن. هەر بەم پێیە، ئێمەی کوردیش نابێ دژایەتی ئەم بۆنە و یادانە بکەین، بەڵکو پێویستە ڕێز لە هەموویان بگرین و، بە خۆشی و سنگ فراوانییەوەبەرەوپیریان بچین.

بەکورتی، دەبێ بە ڕوانگەیەکی مرۆڤتەوەرانە و ئینساندۆستانە و، ڕێزگرتن لە بەها و کولتووره جیاجیاکانەوە، بایەخ بەم یاد و بۆنانە بدەین و، بەرزیان ڕابگرین.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دیمۆکراتی کوردستان**
**٣١ی دێسامبری**
**٢٠١٢ی زایینی**

## بەڕێوەچوونێ ڕێوڕەسمی نوێبوونەوەی ساڵی زایینی لە بنکەی حدک







**کوردستان و کورد نیوز:** یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پێشوازی ساڵی نوێی زایینیدا ڕیورەسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١١ ی بەفرانبار لە ساڵۆنی بۆنە و ڕیوڕەسمەکانی حیزب و بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو، نوێبوونەوەی ساڵی ٢٠١٣ ی زایینی بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە لەلایەن مەندانە حەبیب زادە، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا وێڕای ئاماژە بە گرینگیی بۆنە و ڕۆژە تایبەتەکانی ساڵ هاتوە کە ئێمە دەبێ بە ڕوانگەیەکی مرۆڤتەوەرانە و ئینساندۆستانە و، ڕێزگرتن لە بەها و کولتووره جیاجیاکانەوە، بایەخ بەم یاد و بۆنانە بدەین و، بەرزیان رابگرین.

لەبەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مۆمی نوێبوونەوەی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن تێکۆشەری دێرین حوسێن مەدەنی و خاتوو خانزاد مەحموودی داگیرسا و دواتر چەند گۆرانییەک بە دەنگی بەسۆزی خاتوو نازدار ئیبراهیمی، سولەیمان ڕۆستەمپوور، سادق ڕۆستەم پوور و حەمەدەمین کەریمی پێشکێشی بەشداران کران.

بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بۆ دابەشکردنی دیارییەکانی بانانۆئێل بە سەر منداڵاندا تەرخان کرابوو.

ئەو ریوڕەسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی گشتیی ئامادەبووان ڕازایەوە.

## لە ساڵی ٢٠١٢دا زیاتر لە چوار هەزار خەڵکی مەدەنیی لە عێراق کوژراون



هەولێر ٣ی کانوونی دووەم/یەنایەر (PNA)- بەپێی ئاماری سەنتەرێکی بەریتانیا، لەماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە چوار هەزار هاووڵاتیی سڤیلی عێراق کوژراون و لەچاو چەند ساڵی ڕابردوو ڕێژەی کوشتن لە عێراقدا زیادی کردووە.

ڕاپۆرتێکی سەنتەری ژماردنی خوێنی عێراقی (IBC) کە بنکەکەی لە بەریتانیایە، ئاشکرای کرد کە لە ساڵی ٢٠١٢دا، ٤٤٧١ عێراقیی سڤیل کوژران و بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی کوژراوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە.

بەپێی ئەو سەنتەرە بەریتانیاییە، ساڵی ڕابردوو ٤٠٥٩ عێراقی کوژراون و سەنتەرەکە ئاشکراشی کردووە کە هێشتا گروپە توندڕەوەکان لەسەر تێکدانی باری ئەمنیی عێراق سوورن و لە کارە تیرۆرستییەکانیان بەردەوامن.

ئەو سەنتەرە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، ئاشکراشی کردوە کە «ئەو وڵاتە هێشتا لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا ماوەتەوە و هەوری توندوتیژی بەسەر ئاسمانی ئەو وڵاتەدا زاڵە».

سەنتەرەکە دەڵێت، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، ساڵی ٢٠١٢ یەکەم ساڵ بووە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە هێزی ئاسایشی عێراق بە تەنیا کۆنترۆڵی بارودۆخی عێراقیان کردوە.

ماڵپەڕی: پەیامنێر

## بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی حدک لە دانمارک لە کۆڕی ماتەمینیی شەرەفەدین ئاڵچیدا



هەیئەتێکی کۆمیتەی حدک لە دانمارک بە بەشداری لە کۆڕی ماتەمینیی شەرەفەدین ئاڵچیدا بەپەرۆشبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی ئەو سیاسەتمەدارەی کوردی ڕاگەیاند.

ڕۆژی شەممە رێکەوتی ٢٩ ی دێسامبر فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارک کۆرێکی ماتەمینی بۆ سیاسەتمەدار و ئەندام پارلمانی کورد، شەرەفەدین ئاڵچی، لە شاری « بوغەند بوی» پێک هێنا.

لەو کۆڕیادەدا کە هەیئەتێکی کۆمیتەی حدک بەشدار بوو، هاوڕێ ڕەحیم خالیدنژاد لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە دانماڕک هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی بە بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکەی شەرەفەدین ئاڵچی ڕاگەیاند.

لەو کۆڕیادەدا لەبارەی ڕۆڵ و نەخشی شەرەفەدین ئاڵچی لە خەباتی کورد لە باکووری کوردستان چەند وتارێک خوێندرانەوە.

درێژەی:

# با لە دوکتور قاسملۆوە فێر بین

## (وتارێک کە لە ڕێورەسمی شەوی یەلدا دا پێشکەش کراوە)



لە راستیدا زۆر کارێکی بە جێیە کە لاوەکانمان و بەتایبەتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خانەخوێی ئەم بۆنەیەن، ئاهەنگێکی وایان پێک هێناوە، کە من سپاسیان دەکەم. ڕێز گرتن لە کەسایەتییەکانی مێژوومان جا چ کەسایەتیی سیاسی بێت چ کەسایەتیی فەرهەنگی بێ، یا کەسایەتیی زانستی ، لە جێی خۆی دایە، بەتایبەتی کەسایەتییە سیاسییەکانمان کە ڕێبەرایەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمانیان کردوە . بۆ ئەوەی بزانن کە بایەخی ئەو ئینسانانە چەندە (نموونەیەک دێنمەوە تا ئێمە دەرکی ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە مێژوودا و لە نێو میللەتەکەیان و دەوروبەردا بکەین (. هەر ئەم ڕۆژانە هەواڵی نەخۆشکەوتنی بەڕێز مام جەلال بڵاو بۆوە. دڵنیام، بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی نەخۆشیی مام جەلال بە میلیۆنان کەس نیگەران بوون و کاتێکیش بە خۆشییەوە هەواڵ بڵاو بۆوە کە نەخۆشییەکەی باشترە، بە میلیۆنان ئینسان گەش بوونەوە و دڵخۆش بوون. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسایەتییەکان لە نێو نەتەوەی خۆیان دا جێگای تایبەتیان هەیە. جا دوکتور قاسملوو بە داخەوە نەگەیشتە ئەو سەردەمەی کە نەتەوەکەی ئازاد بێت تا لە هەلومەرجێکی باشتردا ڕێبەرایەتیی خەباتی نەتەوەکەی بکا، ئەگەر ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوتبایە باشتر ئەبعادی توانا و لێهاتووییەکانی ئەومان دەرک دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە نەگەیشت ئەو دەورانە ببینێ دیسان هەر لە سەردەمی ژیانی خۆی دا نیشانی دابوو کە چ کەسایەتییەکی گرینگە، چەندە توانیویەتی لەسەر حیزبەکەی، لەسەر خەباتی نەتەوەکەی، لەسەر خەباتی گەلانی ئێران شوێندانەر بێ. بۆیە ئێمە دەبێ ڕێزی کەسایەتییەکانمان، تێکۆشەرانمان، ڕێبەرانمان بگرین، چ ئەوانەی لە ژیان دا نەماون، بۆ ئەوەی لە ژیانیان فێر بین، ئەزموونەکانی ژیانیان و بیر و باوەڕەکانیان، ڕێنوێن و هاندەرمان بێت، چ ئەوانەش کە لە ژیان دان. بە راستی بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو رابردووە دوور و درێژەیەوە بە دەیان و سەدان تێکۆشەر و کەسایەتیی هەیە کە هەر یەکەی شایانی ئەوەیە بە چەندین بۆنە ڕێزیان لێ بگیرێت. چونکە تەمەنی خۆیان، تواناکانی خۆیان، هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردوە بۆخزمەتی میللەتەکەیان. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە لە بواری جۆراو جۆر دا خزمەتی نەتەوەکەیان کرد.

بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی ٢٣ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دا تێپەڕ بووە، بەڵام ئەفکار و بیر و باوەڕەکانی ئێستاش لە جاران زیاتر بۆ لاوەکانمان، بۆ نەسلە نوێیەکانمان جەزابیەتیان هەیە. ئەفکار و بیرو باوەڕی دوکتور قاسملوو ئەو جەزابیەتەیان هەیە کەخەڵک لە دەوریان کۆ بێتەوە، بیانکات بە ڕێنوێنی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی خۆی. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە بیر و باوەڕی دوکتور قاسملوو ئینسانی بوون، پێشکەوتنخوازانە بوون، دژی نەتەوەیەکی دیکە، دژی ئایینێکی دیکە، دژی ڕەگەزێکی دیکە نەبوون. لە خزمەت پێکەوە ژیان بە تەبایی، لە خزمەت ئاشتی، لە خزمەت بە سەربەرزی و بە ئازادی ژیانی ئینسانەکان دا بوون. ئەو بیر و باوەڕە کۆن نابێت و دڵنیام نەک دوای ٢٣ ساڵ،(بەڵکوو) بە دەیان ساڵی دیکەش ئەگەر لێی ورد بینەوە دەتوانین ئیلهامیان لێ وەرگرین، دەتوانین بیانکەینە ڕێنوێنی ژیانی خۆمان. نەک هەر ئەفکاری دوکتور قاسملوو، بەڵکوو خەبات و تێکۆشانەکەشی بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوونن. چونکە ئەو خەباتەی کە دوکتور قاسملوو بەڕێوەی دەبرد و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پڕن لە شتی پیرۆز، پڕن لە ئەرزش و بەهای بەرز. لە خەباتێک دا کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو بەڕێوەی دەبرد، جێگایەک بۆ تێرۆریزم و ڕەشە کوژی نەبوو، جێگایەک بۆ پەرەپێدانی دوژمنایەتیی قەومی و نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزی نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەفکارێک و ڕێگایەک کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو هەیانبوو، بۆ ئەوە بوون کە نەتەوەکان، ئینسانەکان لە پەنای یەک دا بە یەکسانی، بە مافی وەک یەکەوە بە ڕێز گرتن لە یەکترەوە بژین. نەک هەر ئەفکاری دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تێکۆشانەکەشی، چۆنیەتیی ڕێبەریکردنی بزووتنەوەکەشی و حیزبەکەشی زۆر شتیان تێدا هەیە کە دەتوانن بۆ ئێمە هاندەر بن، ڕێنوێن بن و ئێمە لە ژیانی خۆمان دا بە کاریان بێنین.

لە خەباتێک دا کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو بەرەو پێشی برد ڕێز گرتن لە ژنان هەبوو، ڕێز گرتن لە منداڵان هەبوو، ڕێز گرتن لە ئایینی جۆراوجۆر هەبوو، ڕێز گرتن لە جۆراوجۆرییەکان هەبوو. بۆیە ئێستاش کە بیر لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو، لە ئەفکاری دوکتور قاسملوو، لە تێکۆشانی وی دەکەینەوە زۆر شت هەیە کە دەتوانێ بۆمان ڕێنوێن بێ و بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشانی خۆی دا ئەوانەی پەیڕەو کردوون و ئەوانە بەڕێوە دەبات و پێیان وەفادارە.

پێم خۆشە لایەنێکی دیکە کە بۆ ئەمشەو گونجاوتر بێ باس بکەم،ئەویش تێگەیشتنی دوکتور قاسملوو لە ژیان بوو. ئەوانەی کە بە ساڵانی زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو ژیاون و ئێمەش ئەو نەسلەی کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دوای ساڵی ٥٧ ەوە دوور و نزیک لەگەڵی ئاشنا بووین، دەزانین کە دوکتور قاسملوو ئینسانێک بوو کە روانینێکی تایبەتی هەبوو بۆ ژیان. پێی وابوو دەبێ ئینسانەکان چێژ لە ژیان وەربگرن، قەدری موسیقا قەدری فیلم(قەدری هونەر) بزانن، لەگەڵ جوانییەکانی سروشت تێکەڵاو بن. بۆیە لە حیزبەکەشی دا لە نێو تێکۆشەرانی حیزبەکەشی دا هەمیشە ڕێنوێن و هاندەر بۆ ئەوەی کە خەڵکەکەمان شادی بکا، گەش بین بێ. دژی ڕەشپۆشی و دژی ماتەمداگرتن و دژی یەئس و ناهومێدی بوو. ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمدا پێشمەرگە بوون و شانازیی ئەوەیان هەبووە لە نزیکەوە ببینن دەزانن کە هەمیشە خۆشی لەو هاوڕێیانە دەهات کە بە جلوبەرگی خاوێنەوە، دێن و دەچن. گەش و زیندوون، چ لە باری بایەخدان بە وەرزش ، بە خوێندنەوە، بە روانینی گەشبینانە بۆ ژیان، نەک کەسانێکی ناهومێد و ماتەم داگرتوو. بۆیە ئێستا کە ئێمە ئەو شەو کردوومانەتە دەرفەتێک تا یادی ئەو بکەینەوە، باشیشە لەم روانگانەوە سەیری دوکتور قاسملوو و ئەو کەسایەتییە بکەین کە لە مێژووی حیزبی ئێمە و نەتەوەی ئێمە دا ئەو جێگا و بایەخەی هەیە. با لێی فێر بین کە ژیانمان خۆش بوێ و ئەگەر خۆشمان بەخت دەکەین بۆ ئەوەیە کە ئەگەر لە سەردەمی ئێمەش دا خەڵکەکەمان لە خۆشییەکانی ژیان بێ بەشە، بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بۆ داهاتوو ئەو خۆشیانەیان بۆدەستەبەر بکەین. وا بکەین نەتەوەکەمان وەک نەتەوەکانی دیکە بە سەربەستی و بە ئازادی بژی و ژیانی پڕ بێت لە خۆشی و لە چێژ وەرگرتن لە ژیان و لەو شتانەی کە شایانی ئینسانی ئەو سەردەمەن.

وەک باسم کرد ڕەهەندی جۆراو جۆر لە ژیانی دوکتور قاسملوو دا هەیە. ئەو جگەلەوەی کە ڕێبەرێکی لێوەشاوە بوو بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوەکەی و حیزبێک کە خەباتی نەتەوەکەی بەرەو پێشەوە بردوە، کۆمەڵێک لایەنی دیکە لە ژیانی دا هەیە. ئەو کەسێک بوو کە مێژوونووس بوو، کەسانێک کە کتێبی ٤٠ ساڵ خەباتیان خوێندبێتەوە کەسانێک کە هێندێک بەشی کتێبی کوردستان و کورد کە لایەنی مێژوویی هەیە، خوێندبێتیانەوە، دەزانن کە ئەو لە بواری مێژوویی دا چەندە جوان تەجزیە و تەحلیلی رووداوە مێژووییەکانی نەتەوەکەی کردوە، کە دەتوانن بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوون بن. جگەلەوەی کە مێژوونووسێک بوو، تەدوینگەرێکی سیاسی بوو. ئەو ئوسوولەی کە هەر ئێستاش حیزبەکەمان لە سەریان دەڕوا، زۆربەیان لە سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو دا و لە سەردەمێک دا حیزبی دێموکرات بە هەوڵی ئەو و هاوسەنگەران و ڕەفیقەکانییەوە، ڕێکخرایەوە، ئەو ئوسولە لە حیزبی ئێمە دا جێگیر بوون. ئەو توانی بیر و باوەڕێک، بەرنامە و پەیڕەوێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێگیر بکا کە دەتوانێ نەک هەر بۆ ئەم سەردەمە بەلکوو بۆ ساڵانێکی زۆری دیکەش بە دەرد بخوات و بە کەڵکمان بێت. لە لایەنەکانی دیکەی ژیانی دوکتور قاسملوو بە هۆی ئەو توانا جۆراوجۆرانەی هەیبوو خزمەتە دیپلۆماتییەکانیەتی، ناساندنی بزووتنەوەی کوردە بە گەلانی دیکە، بە ڕۆژئاوا و ئەو دۆستانەی کە لەو ڕێگایەوە بۆ بزووتنەوەی کوردی پەیدا کردن، و تا ئێستاش ئەو دۆستانە هەروا یار و یاوەر و پشتیوانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە رەواکەین. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر وەک لە سەرەتاوە عەرزم کردن ئەفکارێکی بەرز بوو کە دەتوانن بۆ دەیان ساڵی دیکەش بۆ نەتەوەی ئێمە شایانی لێ فێر بوون و کەڵک لێ وەرگرتن بن. دوکتور قاسملوو دژی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو، دژی ژیان بە کۆیلەیی و ژێردەستی بوو، لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئینسانەکان، نەتەوەکان، جۆراوجۆرییەکان لە پەنای یەک دا بە ڕێز گرتن لە یەکتر، بە حورمەت دانان بۆ یەکتر و بە کەڵک وەرگرتن لەو مافانەی کە هەموو ئینسانێک حەقیانە هەیانبێت، بتوانن بە خۆشی و بە شانازییەوە بژین. بۆیە ئەفکاری دوکتور قاسملوو، ژیانی دوکتور قاسملوو، هەمووی دەتوانێ بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوون بێ. ئەمن خۆشحاڵم کە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورددا ساڵ بە ساڵ زیاتر بایەخ دەدرێت بەو یادانەی کە پێوەندییان بە دوکتور قاسملووەوە هەیە، بایەخ دەدرێت بە ناسینی ئەو کەسایەتییە بۆ ئەوەی لێی فێر بین. ئێمە مێژووەکەمان بە ڕێبەرانمانەوە، بە تێکۆشەرەکانییەوە، بەو ئینسانە بە نرخانەی کە توانیویانە خەبات و تێکۆشانی ئێمە تا ئێرە بێنن، بەوانەوە جوانە. ئەوانە سامانی نەتەوەکەمانن، ئێمە دەبێ ڕێز لەو سامانە بگرین. بۆیە جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەموو ئێوە و لە هەموو ئەو کەسانەی کە بەم بۆنەیەوە شادی دەکەن و خۆشحاڵن، سپاسی یەکیەتیی لاوان دەکەم و سپاسی ئێوە دەکەم کە تەشریفتان هەیە لەم بۆنەیەدا و هیوا دەخوازم کە ئێمە بتوانین ڕۆژێک لە نێو نەتەوەکەمان دا لە هەلومەرجێکی باشتر دا ئەم جۆرە یادانە بکەینەوە و هەر لەو کاتەش دا ئەو راستییەمان لە بیر بێت کە ئەگەر بمانهەوێت زۆر بۆ نەتەوەکەی خۆمان وەکوو تێکۆشەرێک بە سوود بین، دەبێ لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین. دەبێ وەک ئەو فێر بین خۆمان لە باری فکرییەوە، لە باری ڕێبەریکردنەوە، لە باری بارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانەوە بە هێز و دەوڵەمەند بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین خزمەتمان بۆ نەتەوەکەمان لە دەست بێت.

بەو هیوایەی کە لە نێو حیزبی ئێمە و لە نێو نەتەوەی کورد دا کەسانێک کە ئەو توانا جۆراوجۆرانەیان هەبێ زۆر بن. هەوڵدان بۆ ئەوەی کە ڕێگای دوکتور قاسملوو بەرز رابگیرێت، پیرۆزە، ئەو هەوڵە هەر لە زیادبوون دابێت. بەو هیوایەی هەموومان بە یەکەوە وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە ببینین کە دوکتور قاسملوو گیانی لە سەر دانان. جارێکی دیکە ڕێز و سڵاو بۆ هەموو لایەکتان و سپاس بۆ گوێگرتنتان.

**بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی ٢٣ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دا تێپەڕ بووە، بەڵام ئەفکار و بیر و باوەڕەکانی ئێستاش لە جاران زیاتر بۆ لاوەکانمان، بۆ نەسلە نوێیەکانمان جەزابیەتیان هەیە. ئەفکار و بیرو باوەڕی دوکتور قاسملوو ئەو جەزابیەتەیان هەیە کەخەڵک لە دەوریان کۆ بێتەوە، بیانکات بە ڕێنوێنی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی خۆی**

# ساڵوەگەڕی کوشتاری ڕۆبۆسکی



**عەزیز مەعروفی**

خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگاکەی، بە درێژایی مێژوو، لە شاڵاو و هێرشی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بێ بەری نەبوون. یەکێک لە نموونەکانی ئەو دڕەندەییانە، بریتی یە لە کوشتنی کاسبکاران و کاروانچییانی کورد لە ناوچە سنوورییەکاندا بە شێوەی تاک و بە کۆمەڵ. ڕێژیمی تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران ساڵانە بە دەیان جار و هەر جارەی چەند کاروانچیی کورد دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و پاش کوشتنی کاسبکاران و وڵاخەکانیان، ئەو جار دەست بە سەر بارەکانیان دا دەگرێ. داگیرکەران نرخی گیانی خەڵکی کوردستان بە هەرزان دەزانن و کەمترین بایەخ بۆ سەلامەتی و چارەنووسیان دانانێن. سووتانی ٣٧ قوتابی لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانەی» شیناوێ» ی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان لەو چەند ڕۆژەیی دوایی دا، نموونەی هەر زەق لە سیاسەتی هێرش و کوشتن و بە هێند نەگرتنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوەیە. کوشتاری کاروانچیانی کورد لە « ڕۆبۆسکی» بە لوتکەی نموونەکانی سەرەوە، چاوی لێ دەکرێ.

شەوی ٢٨ی دیسامبری پار (٢٠١١)، لە ڕۆبۆسکی سەر بە شاری شەڕناخی باکووری کوردستان، کاروانێکی ٤٠ کەسی کاسبکارانی کورد، پاش ئەوەی لە دێهاتەکانی سنووری باشووری کوردستان دەگەڕانەوە و نیزیک ماڵەکانیان ببوونەوە، لە لایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی دەوڵەتی تورکیەوە، درانە بەر ناپاڵم و ٣٤ کەس لەوانە کە ١٩ کەسیان مێرمنداڵ و قوتابی بوون، شەهید بوون. بەم جۆرە، خوێنی قوربانیانی «ڕۆبۆسکی»ش تێکەڵ بە خوێنی دەیان هەزار قوربانیی ژێنۆسایدی دێرسیم و شێخ سەعید و هاوڕێیانی و تێکەڵ بە خوێنی کوشتاری ٣٣ گوڵلە و دەیان هەزار قوربانیی دیکەی خەڵکی باکوری کوردستان و خوێنیان تێکەڵ بە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە، ئەنفال، قاڕنێ، قەڵاتان و سەوزی و سەرچنار بوو.

نەبوونی کارخانە و نەڕەخساندنی دەرەتانی کار بۆ کورد و بە تایبەت بۆ خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، ئەوانی هان داوە ڕوو لە کاری هێنان و بردنی باری قاچاغ بۆ ئەو دیو و ئەو دیوی سنوور بکەن.ئەمەش نەک کاری ساڵێک و چەند مانگ، بەڵکو کار و کاسبیی زیاتر لە پەنجا ساڵی ناوچە سنوورییەکانی باکوری کوردستانە. حەوتووی جارێک هێنانی شەکر، گازۆڵ و سیگاربە پشتی ئەسپ، بۆ قازانجی تەنیا پەنجا لیرەی تورک، بەشی پێداویستییەکانی بەشی زۆری خەڵکەکە بۆ ژیانێکی ئاسایی، دەکات. منداڵی ١٤ ساڵان وەک سەرپەرستی بنەماڵەکەی پاش ئەوەی لە تەمەنی کەمتر دا هەر لەو ڕێگایەدا دەکەوێتە سەر مین و لاقێکی سەقەت دەبێ، هێشتا کۆڵبەری و کاروانچیێتی بە تاکە ڕێگای تێر کردنی دایک و خوشک و برا بچووکەکانی دەزانێ، ئەو کاتە قووڵایی کوشتارەکە و ڕادەی بێ دەرەتانیی خەڵکی ناوچە سنوورییەکانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

ئەمڕۆ، ڕاست ساڵێک بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە دا ڕادەبرێ و هێشتا ئاسەوارێک لە ڕوون بوونەوەی چۆنیەتیی کوشتارەکە و ناسرانی عامیلانی بریاردەر، بۆ خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیش بۆ بنەماڵەی قوربانیان، بەدی ناکرێ. بنەماڵەی قوربانیان، لە گەڵ ژانی لە دەست دانی خۆشەویستانیان، چەند مە سەلەی دیکەش، ئەو ژانەیان چەند قات و توندتر دەکات ، یەکەم: لە گەڵ ئەوەی بکەر و عامیلانی ئەو کوشتارە ڕوونە کێن و دەزانرێ لە ئاستی هەر بەرزی دەسەڵاتدارانی تورکیەوە بڕیار لە ئەنجامدانی وەها تاوانێک دراوە، کە چی هێشتا لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەیەکی شیاوی بۆ نەکراوە و هەوڵی شاردنەوە، کەمڕەنگ کردنەوە، بێ بایەخ نیشاندان ، دەدرێ.

دووهەم: پاساوی دەولەتی تورکیە، ئەوەیە کە» ئەو تاوانە بە هۆی هەڵەی ئیستخباراتی»یەوە ڕووی داوە و دەبێ پێیان وا بووبێ، ئەو خەڵکە «چەکدارانی پەکەکە»ن و ئەو هەریمەش بە «هەرێمێکی ژێر نفوزی ترۆر»!! ناسراوە و بێگومان هەڵەی «تەکنیکی و ئیسخبارات»ی! نەبا، ئەو کوشتارە قەت ڕووی نەدەدا. کەچی ڕاست بە پێچەوانەوە، وەک لە سەرەوە وتم، ئەو شێوە کاسپی کردنە، کاری دەیان ساڵی ئەو خەڵکە بووە و ڕیگای هاتن و چوون وگەڕانەوەی کاروانچییەکانیش بۆ هێزە ئەمنییەتەکانی ناوچەکە ناسراوە. خۆ ئەگەر لە تاریکایی شەودا سەعات نۆ و دەی شەویش گەڕابنەوە، ئەوە سەر لە ئێوارە پێش ئەوەی تاوی بپەڕێ بە بەر چاوی ئەو هێزانە، بەرەو دێهاتە سنوورییەکانی بەرامبەریان، هەڵکشاون. ئەو شێوە خۆ دزینەوەی دەوڵەتی تورکیە لە ڕاستی و درووستی ڕووداوەکە و پاساو هینانەوەی نەشیاو، ڕاست ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو دەوڵەتە، لە ژێر ناوی شەڕلە گەڵ پەکەکە ، بۆی گرینگ نییە، لە چاو تروکانێکدا، لاشەی ٣٤ کەس تێکەڵ بە دووکەڵ و باڕووتی بۆمبی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بکات.

سێهەم: قسەو لێدوانی دەسڵاتدارانی دەوڵەتی، سەرۆکوەزیر، سەر کۆمار و سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی تورکیە، لە گەڵ ڕاستیی ڕووداوەکە یەک ناگرنەوە. دیمەنە ڤیدیۆییەکانی فڕۆکەی بێ سەرنشینی «هێرۆن»ی تورکی و « پرەداتۆر»ی ئەمریکی هەر لە سەرەتای وەڕێکەوتنی کاروانەکە بۆ دێهاتەکانیان، تاکو بۆمب وەشاندنەکە هەڵگیراون و نەدان و شاردنەوەیان لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە، هەروەها ئەستاندن و زەوت کردنی تەلەفونی قوربانێکان و نەدانەوەیان بە بنەماڵەیەکانیان، سەرجەم پاساوەکانی دەوڵەتی تورکیە لەو بارەوە دەکاتەوە بە بڵقی سەر ئاو. چونکە کاروانچییەکان، لە گەڵ هەست کردنیان بە مەترسی بە تەلەفون قسەیان لە گەڵ بنەماڵە و پایگای نیزامیی ناوچەکە کردوە و بۆیە هێزە ئەمنییەکان ئاگاداری گەڕانەوەیان بوون و شیاوی باسە مەودای نێوان وەشاندنی بۆمبی یەکەم و بۆمبی دووهەم نیزیکەی یەک کاتژمێر بووە..

چوارەم: دەوڵەتی تورکیە، خۆی لە پێکهێنانی داداگای عادڵانە و هەر چەشنە ڕێکارێکی ئیداری و حقوقی ، پاراستوە. لە جیاتی گشت ئەمانە، لێدوان و هەڵوێستی ڕەسمی تا ئێستای دەوڵەتی، تەنیا بریتی بووە لە دانی پووڵ و ئیمکاناتی ژیان بۆ بنەماڵەکانی قوربانیان ، ئەمەش یانی دیزە بە دەرخۆنە کردنی کارەساتەکە. بەڵام، کەس و کاری قوربانییانی بە ناحەقکوژراو، ئامادە نین خوێنی ئازیزانیان بە گەوهەر و ماڵی دونیا بگۆڕنەوە..

کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکی لە ئاستی مێدیا و ڕاگەیاندنیش دا، غەدری گەورەی دەرحەق کرا وتا ئێستاش درێژەی هەیە. گشت مێدیای ئازاد و دەوڵەتی زیاتر لە دوازدە کاتژمێر، خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بوارد. کاتێک قائیم مقام وەک یەکەم کاربەدەستی دەوڵەتی لە سێهەم ڕۆژی ڕووداوەکە ویستی بەشداریی پرسە و سەرخۆشییەکە بکات، کەوتە بەر هێزی رقی خەڵک، بڵاوکردنەوە و هاودەردی لە گەڵیی



# ڕووخانی ڕێژیمی سووریە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێ؟



مستەفا مەعروفی

ساڵی ڕابردوو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیەدا بە ڕوونی گوتی پشتیوانی لە ڕێژیمی سووریە :» پشتیوانی لە هێڵی پێشەوەی بەربەرەکانی لە دژی سەهیۆنیزمە«و درێژە بەو پشتیوانیە دەدا. پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێژیمی سووریە لێرەوە دەست پێ ناکا، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هاوپەیمانەتییەکی کەموێنە لەنێوان ئەم دوو ڕێژیمەدا هەبووە کە بۆ ٣ هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم، هۆی مەزهەبیو فیرقەگەرایی ئایینی: بنەماڵەی ئەسەد کە لە ساڵی ١٩٧٠وە لە ڕێگای کوودیتاوە دەسەڵاتی سووریەی بەدەستەوە گرت سەر بە بنەماڵەیەکی شیعیی عەلەویە کە ١٣٪ حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک دێنیو ئەو بنەماڵەیە هەموو هێزو دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی پاوان کردوە. بۆ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە جیهانبینییەکەی لەسەر ئەم بەشە لە فیرقەی مەزهەبی دامەزراوە، بنەماڵەی ئەسەد و ڕێژیمەکەی بۆ ئەو ڕێژیمێکی دڵخوازە. دووەم، هەر لەسەرەتای پەیدا بوونی وڵاتی ئیسرایيل لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهانەوە، سووریە لە هێڵی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرایيل دابووە. دژایەتی لەگەڵ بوونی ئیسرایيل و قازانجەکانی لە ناوچەدا لانی کەم لە سیاسەتی ڕاگەیاندراو و ئاشکرای دا ئەوەندە پێی لەسەر داگیراوە کە وەک ڕوکنێک لە ئەرکانی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی لێ هاتوە. دوژمنایەتیی سووریە لەگەڵ ئیسرایيل - هەرچەند لەم ساڵانەی دوایی دا شەڕی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووی تێدا نەبوو- هۆیەکی گرنگ بۆ نزیکایەتیی ڕێژیمی ئێران و سووریە بووە. سێیەم، سووریە هەمیشە داڵدە و پەناگەی دوژمنانی ئیسرایيل بووە. شیعەکانی لوبنان کە هێزێکی سەر بە ئێرانن، لە ڕێگای سووریەوە یارمەتییەکانی ئێرانیان پێ گەیشتوە و لە ڕاستیدا حیزبوڵڵای لوبنان نوێنگەی هێزو نفووزی ئێرانو سووریە لە لوبنان دابووە، تەنانەت تا ساڵی ٢٠٠٥کە ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان بە پیلانی ڕێژیمی سووریە تیرۆر کرا، سوپای سووریە لە ڕێگای حیزبوڵڵاوە کۆنترۆڵی بەشێک لە خاکی لوبنانی بەدەست بوو.

ئەم هۆیانە وایان کردبوو کە پێوەندییەکی لە دۆستایەتی هەورازتر لە نێوان ڕێژیمی ئێران و سووریەدا هەبێ و پێوەندییەکی «یەک ماڵەکی«یان لە نێوان دا بمەزرێ. تەنانەت جاری وابووە ئێران لە ژێر ناوی « یارمەتییە بێ بەرامبەرەکان»دا نەوتێکی زۆری بە سووریە بەخشیوە، لە حاڵێکدا هەم بۆخۆی لەشەڕ لەگەڵ عێراقدا بووە و هەم خەڵکەکەی لە هەژاریو بێدەرتانی دا ژیاون.

ئاکامی ئەو دۆستایەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە بووە کە: ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر نفووزی لەم ناوچە حەسساسەی جیهان دا هەبێ و بتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە هەبێ. شەڕێک کە دەبێ ئێران لە سەرخاکی خۆی و لە سنووره ئاوییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا بیکا، لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بە هێزی ئینسانیی دەست پێوەندەکانی لە ناوچەدا دەیکا، بۆ وێنە تەقاندنەوەی کەشتیی ئەمریکا لە سنووره ئاوییەکانی لوبنان لە سەرەتای دەیەی ٨٠ی زایینیدا، بە بارمتەگرتنی سەربازانی ئەمریکا لە لوبنان، چەندین شەڕو پێکدادان لەگەڵ ئیسرایيلو.. هتد. لە ڕاستیدا ئێران لە کۆنەوە ناوچەی لوبنانو فەلەستینو خودی سووریەشی ( کە لە جوغرافیای کۆندا بە شام ناسرابوو ) کردۆتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە قیمەتی ئاژاوەگێڕی لەم ناوچەیەداو بە پاراستنی سەقامگیریو هێمنی لە خاکی خۆیو سنوورەکانی خۆی دا. لەوەش گرنگتر، بەشی هەرە زۆری کردەوە تێرۆریستییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا لە دژی قازانجەکانی ڕۆژئاواو ئیسرایيلو تەنانەت تیرۆری موخالیفانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بە دەستوپێوەندەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا ئەنجام داون، کە شیعەکانی لوبنان لەم بارەیەوە وەک « سەربازانی بێ ناوو نیشانی ئیمامی زەمان» خزمەتێکی زۆریان بە ڕێژیمی ئێران کردوە. جگە لەمانەش هاوپەیمانەتی لەگەڵ ڕێژیمی سووریە



ئەو ئیمکانەی بۆ ڕێژیمی ئێران پێک هێناوە کە بتوانێ ڕقەبەرەکانی لەم ناوچەیەدا لاواز بکا و بۆخۆی ببێتە ئەکتەری سەرەکی لە ناوچەکەدا بە جۆرێک کە هەم بۆخۆی لەم ناوچەیەدا ڕووداوخوڵقێن بێ و هەم ڕووداوەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

لە مارسی ٢٠١١ەوە کە شۆڕش لە سووریە دەستی پێ کردوە سێبەری خستۆتە سەر « قۆناغی زێڕینی« نفووزی ئێران لە ناوچەی سووریە و دەوروبەری دا. ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژو حەوتووەی ڕابردوو بە ڕوونی و بە ئاشکرا ئاماژە بە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە دەکەن. پێشڕەوییەکانی سوپای ئازادی سووریە لە نێوخۆی ئەم وڵاتەدا لەلایەک و ناهومێدییەکانی ڕێژیمی ڕووسیە وەک بەهێزترین هاوپەیمانی سووریە لە ئاستی جیهاندا لەبارەی چارەنووسی ڕێژیمی ئەسەدەوە لەلایەکی دیکەوە، هەروەها پێکهاتنی ئاڵتەرناتیڤی ڕێژیمی ئەسەد و بە ڕەسمی ناسرانی لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە، پێمان دەڵێن کە ڕێژیمی ٤٢ ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد لە مانگ و ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی دایە.

ڕووخانی ڕێژیمی سووریە کاریگەریی زۆرگرنگی لەسەر ئێران دەبێ. بەر لە هەموو شتێک لە ڕوانگەی حکوومەتی داهاتووی سووریەوە کۆماری ئیسلامی شەریکی ڕێژیمی بەشارئەسەد لەکوشتو کوشتاری خەڵکی سووریە لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوو دایە. گەلێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە هەبوونی چەکو تەقەمەنیی ئێران بۆ کوشتاری خەڵکی ڕاپەڕیوی سووریە لەبەر دەستی سوپای ئازادی سووریەدان کە ئێران بۆ سووریەی ناردوون. تەنانەت ئەفرادو پسپۆرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی لەسەرکوتی موخالیفانی سووریەدا گیراون یان کوژراون. لەوەش زیاتر ئیدی شۆڕشی سووریە بە کردەوە شۆڕش لە بەرامبەر هێزەکانی بەشار ئەسەد و نێردراوانی کۆماری ئیسلامی دایە. بێگومان ئەوە کاریگەریی زۆری لەسەر پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا دەبێ و کۆماری ئیسلامی تەواوی ئەو قازانج و نفووزەی لە دەست دەدا کە لە سووریە دا هەیبوون.

سووریە تا ئێستاش پردی پێوەندیی نێوان شیعەکانی لوبنان و ئێرانە. هەر وەک گوترا نفووزی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری ئێران لەو ناوچەیەدا بەشی هەرە زۆری لە ڕێگەی سووریەوە بووە. بە ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد ئەم پردەش دەڕووخێ. هەرلە ئێستاوە نیشانەکانی کەمبوونەوەی ڕۆڵ و نفووزی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین بە هۆی ڕووداوەکانی سووریەوە بەدی دەکرێن. کۆماری ئیسلامیو حەماس لەسەر ڕووداوەکانی سووریە ناکۆکیان لێ پەیدا بووە و لێک دوور کەوتوونەتەوە. لە داهاتوو دا ئێمە شاهیدی کۆتایی هاتنی « قۆناغی زێڕینی» نفووزی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا دەبینو ئەم جەبهەیەی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیەدا لە بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژئاواو ئیسرایيل دا کردبوویەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر خاکی خۆیو ئیدی ناتوانێ شەڕێک کە وەڕێی خستوە لەسەر خاکی وڵاتانی دیکەو بە هێزی ئینسانیی دەستو پێوەندیەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی درێژە پێ بدا.

ئاکامێکی دیکەی ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە دەبێ کە ئەم ڕێژیمە چیدیکە ئەکتەری سەرەکی لەو ناوچەیەدا نابێ. هەتا ئێستا بە تایبەتی ئێرانو پاشان ڕووسیە کاریگەریی بێئەم لاو ئەو لایان لەسەر ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە هەبووە. بە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە ئەم دوو وڵاتە جێگای خۆیان دەدەن بە تورکیە و عەرەبستانی سەعوودی کە لەمێژە لەسەر نفووز لەم ناوچەیەدا لە ڕقەبەرایەتی دان. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە لە ماوەی شۆڕشی خەڵکی سووریەدا ئەم دوو وڵاتە بە ڕوونی و بە ئاشکرا پشتیوانییان لە شۆڕشگێرانی سووریە کردوە. بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دامەزراندنی پێوەندییەکی پتەوو نزیک لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەو هاوکێشە سیاسییەکان دەقاودەق پێچەوانە دەبنەوە. ڕەنگە ئەگەر ڕەوتێکی ئیسلامیی میانەڕۆ لە چەشنی تورکیەو عەرەبستان لە سووریە بێتە سەرکار، ڕوانگەیەکی نوێو هەڵوێستێکی دۆستانە لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا زاڵ بێ.

کاریگەرییەکی گرنگی دیکە کە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە لەسەر ئێران دەیبێ ئەوەیە کە : لە ڕووی هەستو دەروونەوە کۆمەڵگای سیاسیی ئێران دەهەژێنێ. هەرچەند یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمی سووریەو تەنانەت هەوڵدان بۆ بردنە سەری قوربانیەکانی ئەم شۆڕشە بۆ ئەوەی بە خەڵکی ئێران نیشان بدا کە ئەگەر دەتانەوەێ شۆڕش وەڕێ بخەن، ئەوە نرخەکەیەتی، بەڵام هەرکە ڕێژیمی سووریە ڕووخا، ئەم سیاسەتە ئاکامی پێچەوانەی دەبێ. خەڵک دێنە سەر ئەو باوەڕە کە هەرچەند ڕێژێمیک دڕندەو بێ ڕوحم بێ، هەرچەند دەوڵەتانی دیکەش یارمەتیی بدەن، لەشکان نەهاتوو نییە. لە حاڵێک دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بوونی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەربڵاو بە ڕادەی ڕێژیمی سووریە کۆنترۆڵی بەسەر ئێراندا نییە. بەر لە شۆڕشی سووریە، ئەم وڵاتە زۆر لە ئێران سەقامگیرتر بوو، باری ئابووریو گوزەرانی خەڵکی لەسەر تر بوو، ئۆزیسیۆنێکی بەرچاوی نەبوو، ڕێژیمەکەی کۆنترۆڵێکی سەرسوڕهێنەری بەسەر وڵاتدا هەبوو. پشتیوانیی ڕووسیەش لە ڕێژیمی ئەسەد چەندەی بۆ ئەم ڕێژیمە خێر دایەوە لە هەر چەشنە ڕوودایکی لەم چەشنە لە ئێرانیش دا هەر ئەوەندەی خێر بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ. بە کورتی پشتیوانیی بی ئەم لاو ئەولای کۆماری ئیسلامی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە حاڵێکدا نیشانەکانی ڕووخانی بە ڕوونیو بە ئاشکرا دیارن، مەترسییەکی گەروە بۆکۆماری ئیسلامیی تێدا بەدی دەکرێ.

# سناریۆی ئێران بۆ چۆنیەتی دەرباز بوون لە قەیرانی سووریە

## ئێران لە سەرگەڵاڵەیەکی ٦ خاڵی پێ دادەگرێ



فەهیم تاش تەکین/
ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ

لە تورکیەوە: کوردۆ




قەت بە ڕادەی ئێستا، پیوەندەییەکانی ئێران وتورکیە، پڕ لە کەند ولەند و گرژ و ناخۆش نەبوون. بە لایەکدا کاناڵەکانی دیالۆگی نێوانیان بە شیوەیەکی سەرسوڕهێنەر کراوەن، بە لایەکی دیکەشدا، گرژی و ئاڵۆزیی نێوانیان هەتا بڵێی کەم وێنەن. قەیرانی سووریە، پێوەندی دڕواسێتیی دراوسێکانی ژەهراوی کردوە. هەڵوێستی تورکیە، چەندی مشت و مڕ و گلەیی هەڵ بگرێ، پرستیژی ئێرانیش بە هۆی پشتیوانی کردنی لە سووریە، ئەوەندەی دیکە شڕ و شپڕێو، بووە. ئیدی وەختێک، وتە بێژێکی وەزارەتی دەرەوە، بچیتە وڵاتێکی دیکە و لەوێ بۆ ناشتا، ڕۆژنامەنووسان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، بە نەریتێکی باو چاوی لێ ناکرێ.

ڕامین مێهمان پەرەست، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، لە سەفارەتخانەی ئێران لە ستەمبۆل چاوی بە ڕۆژنامەنووسان کەوت و زۆر تێکۆشا بیر و ڕای گشتیی خەڵکی تورکیە بەرامبەر بە ئێران سەبارەت بە سووریە، پاترۆیت و پەکەکە، بڕەوێنیتەوە. سەرەڕای شەڕەقسەی دوو وڵات، مێهمان پەرەست دەڵێ:» جاری وایە، وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵاتەکەمان، لە ڕۆژێک دا سێ جار پێکەوە ئاڵوگۆڕی پرس و ڕا دەکەن، پێوەندییەکان لە ئاستی بەرزدان. لە ڕوانگەی ئێمەوە، حکومەتی ئاکەپە، باشترین حکوومەتە. ئاکەپە، تورکیەی پێش خست و گەشەی بە پێوەندەییەکانی لە گەڵ ئێمەدا».

خۆ پێوەندییەکان بەم جۆرەش بن کە ناوبراو باسی کردن، قامکی لە سەر گوێڕایەڵیی تورکیە بۆ ڕۆژئاوا لە بەرامبەر سووریە داناوە. تەنانەت وێڕای ئەمە، تەوسێکی لە ئیدریس نایم شاهین وەزیری نێوخۆ کە وتوویە ئێران داڵدەی پەکەکە دەدات و هەروەها نقورچێکیشی لە عەلی باباجان، جێگری سەرۆک وەزیران گرتوە کە دەڵێ :» بۆ خۆی [ئێران] خاوەنی مووشەکی ٢٥٠٠ کیلۆمیترییە و لێی قبووڵ ناکەین داوای ڕوون کردنەوە لە ئێمە بکات».

هەروەها لە مەڕ هەڕەشەی کاربەدەستانی نیزامیی وڵاتەکەی وتی :» وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێ پسانەوە خەریکی پیلانگێڕانە. ئەزموونێکی خەراپمان، لە بوونی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، کەوتۆتە دەست. ئەو جار خەریکە، خۆی بە سەر جێگایەکی دیکە دا ، دەسەپێنێ. لەو لاوەش، بەردەوام باس لە هێرش بۆ سەر ئێران دەکەن. وڵاتانی ناوچە، دەبێ هەست بەو پیلانە بکەن. کاربەدەستانی تورکیەش، بە دژی ئێران قسە دەکەن و دەجووڵێنەوە. بابا جان دەڵێ، ئێران مووشەکی هەن و ئیمەش پاترۆیۆتمان هەن. ئێران، مووشەکەکانی لە دەستی خۆیدان. تاوانبار کردن بە هاوکاری و پشتیوانی لە پەکەکە بابەتێکی زۆر سەیرە. وەزیرانی نێوخۆیی هەر دووک لامان، ئاگاداری جۆرو ئاستی هاوپەیمانی و هاوکاریی دوو وڵاتن. لە ٥ ئاست دا، میکانیزمی ئەو هاوکارییانە، بەڕێوە دەچن. ئەو مەسەلەیەشمان لە گەل وەزیری دەرەوە هێناوەتە بەر باس، دەڵێن:» ئەو قسانە بۆچوونی تاکە کەسین، ڕوانگە و هەڵویستی دەوڵەت نین» پێوەست ناکات، ئەو تۆمەتانە، دە گوێی بیرو ڕای گشتی بئاخنن.»

پرسیارم لە سەناریۆی ئێران، بۆ چۆنیەتیی دەربازبوون لە قەیرانی سووریە، کرد. ئێران، شەش ماددەی بەم جۆرە ڕیز کردوون:

١- شەڕ و تێکهەڵچوونەکان ڕاوەستن.

٢- دانووستانی میللی بخوڵقێنرێ.

٣- بە بەشداریی گشت لایەنەکان، حکوومەتی کاتی پێک بهێنرێ و بە چاوەدێریی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنێکی بێگەرد و خاوێن بە ڕێوە بچێ.

٤- هاوکاریی مرۆیی بە [ سووریە] بگەیەنرێ.

٥- ڕادەی زەرەرو زیانەکانی خەڵک، دیاری بکرێ.

٦- میدیا و ڕاگەیاندن کار بۆ هێور کردنەوەی وەزعەکە بکەن.

وتەبێژ بەو هۆیانەی ژێرەوە دژی لابردنی بەشار ئەسەد، وەستایەوە: « کێ دەزانێ خەلکی سووریە چی دەوێ؟ هێزە بەرهەڵستکارەکانی چەکدار، مەشروعییەتی شەڕ لە گەڵ دەوڵەتیان، لە کوێ پێ دەگات؟ خۆیان بە زەبری چەک بە سەر خەڵکدا دەسەپێنن. سبەینێش، ڕۆژئاواییەکان، هاوکاری و پشتیوانیی گرووپە چەکدارەکانی تورکیە و ئێران دەکەن، چاویک بە دەرو بەرتان دابخشێنن. وەرن یارمەتی بە وەدیهاتنی ئیرادەی خەڵک بدەین، بەڵام پێش هەموو شتێک، پێویستە شەڕ و تێکهەڵچوونەکان، بوەستن. تورکیە و ئێران پێکەوە دەتوانن بۆ ئەوە تێ بکۆشن. هەتا شەڕ درێژەی هەبێ، خەڵکی بێ تاوان دەکوژرێن. وەختێک [ گرووپە چەکدارەکەکان]لە غەمی ئەو خەڵکە بێ تاوانە دان، بۆچی درێژە بە شەڕ دەدەن؟ چونکە دەترسن لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا، خەڵک دەنگیان پێ نەدەن. وەرن، مافەکانی خەڵک دابین بکەین. بە بێ هەڵاوارن و جیا کردنەوە، با ئەو مافانە بۆ خەڵکی بەحرەینیش دابین، بکەین.»

لە وڵامی پرسیاری تورکیە پەنای ١٥٠ هەزار سووریایی داوە، مێهمان پەرەست وتی:» ئێران، هاوکاریی گشت ئەو خەڵکانە دەکات کە گێرە و کێشەیان، هەیە. ئێمەش، ٣٠ ساڵ پێشوازیمان لە ٣ میلیۆن ئەفغانی و ٢ میلیۆن عێراقی کرد. ٣٤ ساڵە پشتیوانی لە فەلەستین، دەکەین. هاوکاری و پشتیوانیی ئێران، لە خەڵکی فەلەستین نەبا، ئیسرائیل، کوشتاری بەربڵاوتری لێ دەکردن» هەروەها، لە ئەگەری چەسپاندنی لێوارێکی کوردی دەڵێ :» ئیمە لە گەڵ یەکیەتیی خاکی وڵاتانی ناوچە داین. ناهێڵین، نەخشە و پیلانی ڕۆژئاوا سەر بگرێ.»

لە پێوندی لە گەڵ ئەوەی ئاخۆ ئەو ڕەوتە، ئێرانیش دەگریتەوە یان نا؟ وتی « ئەو گۆڕانە، ٣٤ ساڵ لەمەو بەر لە ئیران دەستی پێکرد.» لە چەند قسەیەکی تایبەتی و خۆ بە خۆدا، ئەو دیپلۆماتە ئێرانییە وتی : « ئەسەد بۆ ئێران، هێڵی سوور نییە، بەلکو چۆنیەتیی ڕاپەڕین و شۆڕشەکە هێڵی سوورە» منیش وتم :» تەنیا باس لە ئیرادەی خەڵک دەکەن، ئەدی ئەگەر خەڵک پێچەوانەی ویست و بانگەشەی ئێوەی قەبووڵ کرد؟» وڵامەکەی ئاوا بوو:» ڕێگایەکی دیکەی تێیدا نییە، ڕێز لەویش دەگرین.»

# ژنێڤاکاڵ باشتر بناسین




ئامادەکردنی : ئەلف. عبداللە

ڕۆژی ١٤ ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی، پێنج ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی هاوبەشدا لە ژنێڤ سەنەدێکیان لەگەڵ ڕێکخراوی جنێڤاکاڵ لەبواری پێشگیری لە بەچەکدارکردنی منداڵان و پاراستنی مافەکانی ژناندا ئیمزا کرد. چەند ساڵ پێشتریش دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان و بەشێک لە هێزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیمانی ئەو ڕێکخراوە بۆ خۆبواردن لەبەکارهێنانی مینە تاکەکەسییەکان و لەپێناوی لەنێوبردنی ئەو مینانەیان ئیمزا کردبوو.

جنیڤا کاڵ یان بانگەوازی ژنێڤ ڕێکخراوێکی بێلایەنی بەشەردۆستانەیە کە بە مەبەستی دەروەست کردنی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییە چەکدارەکانی جیهان لەبواری قانوونی بەشەردۆستی و مافی مرۆڤدا دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە سەرنج و هەوڵی خۆی زۆرتر دەخاتە سەر ئەو بزوتنەوە چەکدارانە کە لە دەرەوەی کۆنتڕۆڵی دەوڵەتاندا چالاکییان هەیە و بۆ ئامانجگەلی سیاسی خەبات دەکەن.

فەلسەفەی وجوودیی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ لەوە ڕا سەرچاوە دەگرێ کە ئەرک و ئیجبارەکانی نێو مافی نێونەتەوەیی زۆرتر ڕووی لە دەوڵەتانە و بۆشاییەک لەپێوەندی لەگەڵ بەرپرسیارکردن و وڵامدەربوونی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکاندا هەیە.

جنیڤا کاڵ هەوڵ دەدا لەگەڵ بزوتنەوە چەکدارییەکانی جیهان دیالۆگ بکا بۆ ئەوەی ئەگەر لە خەباتی خۆیاندا نۆرم و ستانداردەکانی قانوونی بەشەردۆستی و مافی مرۆڤ لەبەرچاو نەگرن، بە ڕەفتاری خۆیاندا بچنەوە و کردەوەیان لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسایانە بگونجێنن. جیا لەو هاوکاری و دیالۆگە نیهادییەی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ لەگەڵ ئەو بزوتنەوانەی دەباتە پێش، ئەو ڕێکخراوە تێ دەکۆشێ لە ڕێگای بە ئیمزا گەیاندنی کۆمەڵێک پەیمانی بنەڕەتی لەبواری قانوونی بەشەردۆستی لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە، ئەوان لەو پێوەندییەدا بەرەسمی دەروەست بکا. سەنەدی تایبەت بە قەدەغەکردنی مینی زیدی نەفەر و هاوکاری لەبواری ڕاماڵینی مینە تاکەکەسییەکاندا مێکانیزمێکی بەناوبانگی نێونەتەوەییە بەمەبەستی دەروەست کردنی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییە چەکدارەکان لەو بوارەدا کە ٤٢ ڕێکخراو و بزوتنەوەی چەکدار لە سەرانسەری جیهان ئیمزایان کردووە.

لەم دواییانەدا ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ بواری کار و تێکۆشانی خۆی فراوان کردۆتەوە و کۆمەڵێک بواری دیکەی یاسای مرۆڤدۆستیشی خستۆتە نێو چوارچێوەی ئەرک و ئامانجەکانی خۆی کە گرینگترینیان بریتین لە پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنان و مافی منداڵان لە کاتی شەڕ و لە پەراوێزی بزوتنەوە چەکدارییەکاندا.

جنێڤاکاڵ رادەگەیەنێ کە چالاکییەکانی خۆی بە بێلایەنی و سەربەخۆیی و شەفافییەتەوە بەڕێوە دەبا. وەک ئەسڵێکی دائیمیی کار و چالاکی، جنێڤاکاڵ بەردەوام تێدەکۆشێ ئەکتەرە پێوەندیدارەکانی دیکەی ئەم بوارانە بەتایبەتی حکومەتی ئەو وڵاتانە کە بزوتنەوە چەکدارییەکان بەدژی وان خەبات و شەڕ دەکەن، لە هەوڵ و بەرنامەکانی خۆی بۆ دەروەست کردنی ئەو بزوتنەوانە ئاگادار بکاتەوە. مەبەست لێرەد ا ئەوەیە کە حکومەتی ئەو وڵاتانە نەتوانن بە بیانووی پابەندنەبوونی بزوتنەوە چەکدارەکان بە ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و قانوونی بەشەردۆستی، ئەو ئەسڵانە پێشێل بکەن.

دیالۆگی جنێڤاکاڵ لەگەڵ ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییە چەکدارەکان لە ڕێگای پێوەندییە تایبەتییەکانیەوە یان لە ڕێگای لایەنی سێهەمەوە بۆ نموونە پسپۆڕانی بواری کێشەی چەکداری، ئەندامانی بزوتنەوەکە لە دیاسپۆرا و دەرەوەی وڵات یان ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکانەوە دادەمەزرێ. بڕیاری متمانە کردن بۆ دەروەست کردنی بزوتنەوە یان ڕێکخراوێکی چەکداری پاش هەڵسەنگاندنی وردی سروشت و ئامانج و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و ڕابردووی کار و کردەوەکانی ڕێکخراوەکە و هەروەها لێکدانەوەی دینامیکی کێشە چەکدارییەکە و فاکتەرگەلی دیکەی وەک توانا و ئیرادەی لایەنە چەکدارەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و ئیلزاماتی بانگەوازی ژنێڤەوە پەسند دەکرێ.

قازانجی ڕێکخراو یان بزوتنەوەیەکی چەکداری بۆ پەیمان بەستن لەگەڵ جنێڤاکاڵ دەکرێ لە زۆر شتدا خۆی بنوێنێ، بۆ نموونە بردنە سەری ئاستی ئەمنیەت و گوزەرانی ئەندامانەکانی ( چ ئەوانە کە چەکدارن و چ ئەوانە کە مەدەنیین و لایەنگری لە ڕێکخراوەکە دەکەن یان لە ناوچەی ژێر کۆنتڕۆڵی ویدا دەژین)، ڕێگا خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامە نێودەوڵەتییەکانی ڕاماڵینی مین لەو دەڤەرانە کە ڕێکخراوەکەی لێ هەڵکەوتووە، و هەروەها نیشاندانی باوەڕ و توانا و ئیرادەی ڕێکخراوەکە بۆ ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و قانوونی بەشەردۆستی و بەمجۆرە خستنەڕووی سیمایەکی ئینسانی و شارستانی لە خەباتەکەی لەبەردەم بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتیدا.

لەپێناوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی جێبەجێکردنی ئەرک و ئیجبارەکان، هێندێک لە ئەکتەرە چەکدارە غەیرە دەوڵەتییەکان مێکانیزم و ئۆرگانی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پەیمانەکانی جنێڤاکاڵ دادەمەزرێنن. لەو پێناوەشدا جنێڤاکاڵ بە وەڕێخستنی پرۆگرامی جۆربەجۆر لەبواری ڕاهێنان و فێرکردن و بەڕێوەبردنی وۆرکشاپ و لە ئیختیارنانی ئیمکاناتی پسپۆڕیی خۆی لەبواری پەروەردەی مافی مرۆڤ و هەڵگرتنەوەی مینەکان و لەنێوبردنی کۆگاکانی میندا یارمەتیی ئەو ڕێکخراوانە دەکا.

بەمەبەستی چاوەدێری کردنی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکان، جنێڤاکاڵ داوا لە ڕێکخراوە چەکدارەکان دەکا کە لە ڕێگای ڕاپۆرت دانەوە و دیالۆگی بەردەوامەوە جنێڤاکاڵ لە هەوڵەکانیان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئیلزاماتە ئاگادار بکاتەوە. لەحاڵەتێکدا کە جنێڤاکاڵ زانیاریی لەپێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکان لەلایەن بزوتنەوە یا ڕێکخراوێکی چەکدارییەوە هەبێ، هەوڵ دەدا تیمەکانی خۆی بنێرێتە شوێن و ناوچە پێوەندیدارەکان و هەنگاوی پێویست بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکە هەڵدێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێکخراوی جنێڤاکاڵ لە ڕووی قانوونییەوە بنیاتێکی غەیرە دەوڵەتییە، بەڵام لەلایەن «کۆنفێدراسیۆنی سویس» و کۆماری ژنێڤەوە پشتیوانی دەکرێ. بەهۆی ئەوە کە دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە واتە خانمی «ئێلیزابێت دێکرێ-وارنێر» سیاسەتمەداریکی ناسراوی سویسییە و پێشتریش سەرۆکی پارلمانی ئەیالەتی ژنێڤ بووە، هەروەها بە هۆی ئیعتبارێک کە ئەو ڕێکخراوە لە سویس و لەلای ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا وەدەستی هێناوە، ئەو ڕێکخراوە لەبواری پەرەپێدان بە رایەڵەی پێوەندی و هاریکارییەکانی بزوتنەوە و گەلانی بێ دەوڵەتیشدا جێگە و پێگە و گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە.

بزوتنەوەی کورد لە ئێران هەمیشە بەوە ناسراوە کە ڕێز لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ گرتووە و قانوونی بەشەردۆستیی وەبەرچاو گرتووە، بۆ نموونە شۆڕشگێڕانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە خۆیان لە تێرۆریزم و بەکاربردنی مێتۆدی نائینسانیی وەک شکەنجە و کوشتنی دیلەکانی شەڕ و بە بارمتەگرتنی مەدەنییەکان و ئازاردانی خەڵکی بێدیفاع پاراستووە. هەر لەو کاتەدا حکومەتی نەیاری ئەو بزوتنەوەیە واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران کارنامەیەکی زۆر ڕەشی لە پێشێل کردنی ستانداردەکانی مافی مرۆڤ و قانوونی بەشەردۆستیدا هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، دەروەست بوونی هێزە مەیدانییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ جنێڤاکاڵ هەم دەتوانێ پەیامی باش لەپێوەندی لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە بداتە بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی و هەم بەستێنیکیش بۆ هاوکاریی هاوبەشی ئەو هێزانە بەڕووی کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان لە هێندێک بواری ستراتیژی وەک پرسی ماف و ئازادییەکانی ژنان و بەگشتی پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤدا پێک دێنێ.



# ڕاپۆرتی وەرزانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

## ( کوژران، برینداربوون و گیران و خرانە بەندیخانەی ١١٩ کەس لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەم ساڵدا)

**کوردستان و کورد نیوز:** سەرکوت و کوشتوبڕی خەڵکی بێتاوانی کورد و، گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و کپکردنی دەنگی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستان بە هۆی دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە.

دەزگا ئەمنیەتی و هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە هاوکاریی یەکتر و وێڕای دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمە لە سەرەتای ئەو ساڵەوە تا ئێستا بوونەتە هۆی گیان لە دەستدان و برینداربوونی ٤٩ کەس لە کوردستان و هەروەها خرانە زیندان و سزادانی ٧٩ کەس و؛ لە جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام لە کوردستان بەردەوام بوون.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ٣١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٢٦ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون و بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ٤ زیندانیی کوردی لەژێر ناوی قاچاغچیی مادە هۆشبەرەکان لە دار داوە.

هەر لە ئاکامی کەمین دانانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٨ کەس بریندار بوون. تەقینەوەی مین لە کوردستان دیسانەکەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێ کەوتەوە و دوو کەس بەم هۆیەوە کوژراون و بریندار بوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ٥٩ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ٢٠ کەس لە گیراوان و چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوە و سزای لە ١٨ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٤٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕیونەتەوە و سەرجەم حوکمی ١٣٧٤ مانگ زیندانی بە سەر ٢٠ گیراوی سیاسیی کورددا سەپاندوە.

هەر لەو ماوەیەدا ٨ مامۆستای قوتابخانەی شارەکانی دێولان و دیواندەرە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی لە سەر کارەکانیان دەرکراون، ئەوە لە کاتێک دایە کە بەشێک لەوان رابڕدووی سەروو ١٥ ساڵ و ٢٠ ساڵیان لە وانە گوتنەوەدا بووە.

شایانی باسە کە ئەو ئامارە بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانە بڵاو بوونەتەوە کە بە هەواڵدەریی کوردستان و کورد گەیشتوون یان لە میدیا و لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بوونەتەوە؛ بەو پێیەش کە کۆماری ئیسلامی کەشی سەرکوت و بێدەنگە کردنی بە سەر کوردستاندا سەپاندوە، بە دڵنیاییەوە ئاماری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لەو ڕاپۆرتەدا و لەو خشتەیەی خوارەوەدا هاتوە.

بۆ بینینی ڕاپۆرتی تەکمیل لە بارەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگ پاییزی ٩١ ی هەتاوی دا دەتوانن لە سایتی «کوردستان و کورد»دا چاو لەم لینکە بکەن:




http://www.kurdistanukurd.com/ku/hewal_dreja.php?id=3135

# کاندیدا کردنی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی ٢٠١٣ ی مارتین ئینالس

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی ٢٠١٣ ی مارتین ئینالسی ژنێف کاندید کراوە.

پاڵاوتنی کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی مارتین ئینالس لە



کاتیک دایە کە ناوبراو لە ئێران بە تاوانی بەرگری و داکۆکی لەپرسی مافی مرۆڤی کورد بە ١١ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.

ئەنجومەنی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران لە ژنێڤ رایگەیاند کە ئەو ڕێکخراوەیە محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی ٢٠١٣ ی مارتین ئینالسی ژنێف کاندید کردوە.

خەڵاتی مارتین ئینالس بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن مارتین ئینالس، یەکەمین سەرۆکی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ داندرا و ئەو خەڵاتە لەو کاتەوە هەموو ساڵێ لە لایەن کۆمیسارییای بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەدرێ بە یەکێک لە چالاکانی مافی مرۆڤ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران لە ژنێڤ رایگەیاندوە کە بۆ ئەو مەبەستە تا ئێستا توانیویەتی پشتیوانیی دەیان ڕێکخراوی ناحکومی، نوێنەرانی پارلمانی سویس و کەسایەتییە سیاسییە جیهانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ پاڵاوتنی کەبودوەند کۆ بکاتەوە.

# لەجیهانێکی نائەمن‌دا، منداڵان چۆن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن؟



کوێستان فتوحی

چ دنیایەکی ناخۆشە! لە سۆماڵی منداڵان لە برسان دەمرن، لە ئێران پۆل پۆل دەسووتێن، شکەنجە دەکرێن و دەکوژرێن. لە ئەمریکا جەستە ناسکەکەیان بەگوللە ئاژن ئاژن دەبێ، لە سووریە بە تانک و تۆپ لەت و پەت دەبن و ....

جاری وایە بێ رەحمی و دلڕەقیی مرۆڤەکان لە دژی منداڵان دەگاتە لوتکە، سنوور ناناسێ و چوارچێوەی بنەماڵە، ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن و ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێی وا نییە دەستی دڕندەیی و بێرەحمی بگاتە ئەوێ. دایک، داخ و دیقی خۆی بەسەر منداڵێکی ٤ ساڵە دا هەڵدەرێژێ و هەتا هەناسەی دێ، لێی دەدا! باوک، دەبێتە دڕندە و منداڵە ٥ ساڵەکەی دەداتە بەر نوکی چەقۆ وناخی خۆی لە ئینسانییەت خاڵی دەکاتەوە و.... !بەڕاستی چ کەسانێک بەرپرسی ئەو کارەسات و ڕووداوانەن کە بەسەر منداڵان دێن؟

هەرکات باس لە هەلومەرجی نائەمن دەکرێ، دەسبەجێ سەرنجمان بۆ لای وڵاتانی شەڕلێدراو و ناوچە ئاڵۆزەکان رادەکێشرێ. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە شادی و هێمنی و ئارامی لەو وڵاتانە بار دەکا کە شەڕیان تێدایە. تەنانەت ناوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکانیش لەم جۆرە شوێنانە بایی پووشێک بایەخیان نامێنێ. بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دەبینین کە بە داخەوە لە ئەمنترین شوێنەکانی دنیاش منداڵان، لە ئەمان دا نین و ئەو توێژە بێدەسەڵات و بێتاوان و لاوازەی کۆمەڵگە دەبنە قوربانیی ئەو مرۆڤانەی خاڵی لە ویژدانن.

**منداڵ قوربانیانی بێدەسەڵات و بێدەنگ!**

ساڵانە بە هەزاران منداڵ لە جیهاندا دەبنە قوربانیی کوشتن و ئازار و ئەشکەنجە. ئەوەی ویژدانی گشتی و غەمخۆرانی مافەکانی مرۆڤی پەرێشان کردوە، کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی وڵاتان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداو و کارەساتانە دایە کە بەسەر منداڵان دێن. بۆ نموونە لە ئێران یەکەم جار نییە کە قوتابخانەیەک ئاگری تێبەر دەبێ و کۆمەڵێک منداڵ دەسووتێن. هەروەها لە هاوینی رابردوودا چەند ئوتوبووسی هەڵگری قوتابیان کە بەرپرسانی رێژیمی ئێران بۆ بینینی ئاسەواری شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق (کە ئەمە بۆتە بەشێک لە چالاکیی قوتابخانەکان) دەیانبەن بۆ ناوچەو شوێنەکانی شەڕ، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە تووشی کارەسات دەبن و نزیک ٦٠ قوتابی گیان لەدەست دەدەن! کەچی بەرپرسانی ئەم وڵاتە زەحمەتیان بەخۆیان نەدا تەنانەت هاودەردییەکی سادەش لەگەڵ بنەماڵەکانیان بکەن یا سەبارەت بە کەمتەرخەمیی خۆیان لەم پێوەندییە دا داوای لێبووردن لە بنەماڵەکانیان بکەن. زۆر جار، ئەوان ئەم کارەساتانەیان بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەم داوە و تەنیا وەک هەواڵێک لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکانیاندا باسیان کردوون! لە وڵاتێکی وەک ئێران ڕۆژانە دەیان ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن لەپێوەندیی لەگەڵ منداڵاندا ڕوودەن، کەچی دەسەڵات وەک ئەوەی ئەرک و بەرپرسایەتییەکی لە پێوەندی لە گەڵ منداڵان دا لە سەر شان نەبێ، بە ئەرکی خۆی نازانێ لایان لێ بکاتەوە و زۆر بە هاسانی گوێی خۆی لە ئاستیان داخنێ وخۆی لێیان دەرباز دەکا. هەر وا بزانە هیچ ڕووی نەداوە!

**٢٠١٢، ساڵێکی شووم بۆ مندالان؟**

لەم چەند حەوتووی دوایی ساڵی ٢٠١٢ دا، کۆمەڵێک ڕووداو لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان کە لە هەر کامێکیان دا ژمارەیەک منداڵ بوون بە قوربانی، ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاند. لە کوردستان، لە شیناوێی پیرانشار نزیکەی ٤٠ کچە قوتابیی پۆلی ٤ی سەرەتایی لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوەیەک دا، سووتان، چەند کەسیان لێ مرد و ژمارەیەکیشیان هەتا ئێستا لە گەل مردن لە بەربەرەکانیدان. لە ئەفغانستان، پۆلێکی ٧-٨ کەسیی کچانی میرمندال لە کاتی کۆکردنەوەی ئاوردوو، کەوتنە سەر مین و گیانیان لە دەست دا. لە چین، کەسێکی دڕندە بە ساتوور(کاردی گەورە) هێرشی بردە سەر مندالانی خویندنگەیەک و بێرەحمانە کەوتە لێدان و قەڵتوبڕ و کوشتنیان. لە ١٤ی دیسامبری ٢٠١٢ لە مەدرەسەی سەرەتایی «سەندی هوک» لە شاری «نیوتاون»ی ئەمریکا لاوێکی ٢٠ ساڵە، بە چەک پەلاماری بردە سەر باغچەیەکی منداڵان و ٢٨ کەسی کوشت کە زۆربەیان منداڵ بوون. لە سووریە، مندالان لە جیاتی «آتش بازی» و «نورفشانی(کایەی خۆشی بە ئاگر و نوور) ی سەری ساڵ، دوایین رۆژەکانی سالیان لە نێو بۆمباران و گرمە و تەقینەوە و وێرانی و برسیەتی و بێدەوا و دەرمانی و بێسەرپەنایی دا، تێپەڕ کرد و سەدانی دیکە وەک ئەوانی پێش خۆیان، لەتوپەت و هەپروون بە هەپروون بوون.

گەورەکان بە گشتی و بە تایبەتی ئەوانە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان رۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دا هەیە، لەو کارەساتانەی بە سەر مندالان دین، بەرپرسیارن.

***

**کێ دەبێ داکۆکی لە منداڵان بکا؟**

مەسەلەکە لە چەند حاڵەت بە دەر نییە. وڵات و کۆمەڵگەی وا هەیە کە لە سایەی سەر و لە راستی دا لە بەر سیاسەتی چەوت و نەزانانەی دەسەڵاتداران یا هەڵوێست و کردەوەی توند و تیژ و نابەرپرسانەی هێزە نەیار و بەرهەڵستکارەکان تووشی شەر و ئالۆزی و قەیران و نائەمنی دەبن. یا ئەگەر شەڕیشیان تێدا نەبێ، بە هۆی ناوەرۆکی دیکتاتۆرانە و دژەگەلی بوون و کۆنەپەرستانەبوونی سیستەمی دەسەڵاتدارییەوە، دامودەزگا و یاساکانی وڵات، وڵامدەری خۆشی و ئاسوودەیی و ئەمنییەتی هاووڵاتیان نین. ئاسیا و ئەفریقا، کۆمەڵگە و وڵاتی لەم چەشنەی زۆر هەن. هێندێک وڵات و کۆمەڵگەش هەن کە جگە لەوەی شەڕیان تێدا نییە، دیموکراسی، ئاسایش و ئارامی و ئیمکاناتی رەفاهییان تێدایە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی خزمەتی هاووڵاتانیان تێدا جێگیرە. بەڵام دیسانیش تاکەکان و بە تایبەتی منداڵان و مێرمنداڵان، ناوبەناو دەبنە ئامانجی توندوتیژییەکی شێتانە. ئەوەی ئەمساڵ لە نیوتاونی ئەمریکا ڕووی دا و پێشتریش چەندین نموونە لە کوشتن و بە بارمتەگرتنی قوتابیان هەر لە ئەمریکا ڕووی دابوو، یا ئەو جینایەتە سامناکەی سالی ٢٠١١ لە نۆروێژ لە دژی ئۆردوویەکی هاوینەی لاوان ڕووی دا و کوشتنی نزیکەی ٧٠ کەسی لێکەوتەوە، دەچنە ئەو خانەیەوە.

***

لە هێندێک کۆمەڵگە، ئەوە چینێک ، تاقمێک یا لایەنێک لە ڕێگای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، یا لە ڕێگای هەوڵدانی توندوتیژ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کۆمەڵگەیان نائەمن کردوە. بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش دا، تاقمە مافیاییەکان، یا کەسانێک کە لە بەر هۆی دەروونی و هۆکاری دیکە، تووشی جۆرێک جنوون دەبن، نائەمنی لە کۆمەڵگە دا دروست دەکەن و بە تایبەتی نائەمنی بۆ لاوازترین توێژی کۆمەڵگە کە مندالانن، پێک دینن. بەڵام لە هەمووی ئەو حاڵەتانە دا، دەبێ گەورەکان ناچار بکرێن، ئەمنیەتی منداڵان بپارێزن. دەبێ بە جۆرێک مشوور لە ئەمنییەتی منداڵان بخۆن کە وا بە هاسانی نەبنە قوربانی. ئەوان ناتوانن داکۆکی لە خۆیان بکەن و ئەوە کۆمەڵگە و دەسەڵات و گەورەکانن کە سەرەتاییترین مافی ئەوان کە مافی ژیانە، بپارێزن. ئەوان دەبی پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی داهاتوو بگرنە دەست. بەڵام لە جیهانێکی نائەمندا، کە هەرەشە لە ژیانیان بکرێ، چۆن دەتوانن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن.





# ڕەوشی ژنان لەژێر گڕی توندوتیژییەکانی سووریەدا



سیروان مووساپوور

شەڕ و بەرەنگاری، کوشتن و کوژران، گرژی و ئاڵۆزییەکان لە سووریە هەروا درێژەیان هەیە و خەڵک و خاکی ئەم وڵاتە هەرچی زیاتر تووشی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی دەبنەوە. ئەوەکە سەرەنجام ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕوا و لە داهاتووشدا چارەنووسی وڵات دەکەوێتە دەست کام کەس و گرووپ و بە گشتی پێشبینی کردنی داهاتووی سووریە، کاری خاوەنڕایان و شرۆڤەکارانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەیە. بەڵام ئەوەیکە بابەتی باسەکەی ئێمەیە، ئاوڕدانەوەیە لە رەوشی ژنان لەو وڵاتە بە تایبەت ئەو ژنانەی کە گرژی و ئاڵۆزییەکانی سووریە زۆرترین کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و گوزەرانیان داناوە. ئەمەش ڕاست بەو مەبەستە کە زۆرجار کاتێک وڵاتێک تووشی بارودۆخێکی لەم شێوەیە دەبێتەوە، ڕووداو و مەسەلە زەق و بەرچاوەکان زیاتر خۆ دەردەخەن و تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانیشدا زیاتر مەسەلە سیاسی و ستراتیژییەکان و هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز و ئیقلیمی و بابەتی لەم جۆرە باسیان لێوە دەکرێت بەڵام لەبیرمان نەچێ کە لە زۆربەی هەرەزۆری ئەم گرژی وئاڵۆزییانەدا، ژنان و منداڵان قوربانیی سەرەکی و بێتاوانی تاوانلێکراوی مەیدانەکەن کە زۆر دەچێژن و کەمیان لەسەر باس دەکرێ. هەر بۆیە بە کورتی ئاوڕێک لە ڕەوشی ناهەمواری ژنانی سووریایی دەدەینەوە. دیارە مەبەست لەو ژنانەیە کە ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە زۆرترین کاریگەریی خراپ و ئەرێنی لەسەر ژیانیان داناوە.

بێگومان شەڕ و ئاڵۆزی لە هەر وڵاتێکدابێ، لەگەڵ هەموو دواهات و دەرەنجامە نزیک و دوورەکانی بەدوای خۆیدا کۆمەڵێک دواهات و دەرەنجامی ناخۆش و نەرێنی دێنێ کە توندوتیژی بە شێوازی جۆراوجۆر و دەرحەق بە توێژ و تاقمی جیاواز و یەک لەوان ژنان یەکێک لەو دواهاتە خراپانەیەتی. کوژران، بێسەروشوێن بوون، ئاوارەبوون، ئەشکەنجەکران، دەسدرێژی کرانەسەر، بازرگانی پێوەکران، لەشفرۆشی لەبەر ناچاری و دەیان جۆرە توندوتیژیی دیکەی جەستەیی و دەروونی و ... تەنیا چەند نموونەیەک لەو نەهامەتیانەن کە ژنانی وڵاتانی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی و یەک لەوان سووریە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بە سەرنجدان بە زاڵبوونی کەشی سەربازی و باڵادەست نەبوونی یاسا و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و بە گشتی لێکترازانی شیرازەی وڵات لە هەموو بارێکەوە، جۆر و بڕی ئەو ئازار و توندوتیژییانەش زیاد دەکات و بە هەمان رادەش بەردی بێدەنگی لەسەر دادەنرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە بەرۆکی ژنانی سووریای گرتۆتەوە، بەڵام زۆر بە کەمی باسیان لێدەکرێ و چارەنووسی ژنان و منداڵانی ئەم وڵاتە بە هۆی بەرژەوەندیخوازیی وڵاتانی زلهێز هێندەی پوولێکی قەڵب بابەخی نییە و هەموو بانگەشە و هەرا و هاواری مافی مرۆڤ بایی دوو دینار لە فریای ئەم لیقەوماوانە نایەت. لەو نێوەدا و لە ماوەی رابردوودا تەنیا چەند ڕاپۆرتنووس یان هەواڵدەرییەک لە گۆشەیەکدا ئاماژەیان بە ڕەوشی ناخۆش و ناهەمواری ژنانی سووری کردوە کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سکای نیوزی عەرەبیە بکەین کە لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ بارودۆخی پەنابەرانی سووریا باسی ئەوەی کردوە کە لە چەند ناوچەیەکی ئۆردن بانگەشە کراوە بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچە پەنابەرەکانی سووریە تەنها بە بڕی ٢٠٠ دیناری ئۆردنی و هاوکات ئاژانسەکە لە زاری چەند لاوێکی ئۆردنییەوە بڵاوی کردۆتەوە کە لەبەر ئەوەی ئەو کچانە داوای مارەیی زۆر ناکەن، دەیانهێنن و تەنانەت ئەوەی ژنێکی سووریی هێناوە، لەبەر تێچووی کەم بە نیازە دانەیەکی دیکە بهێنێت و زۆرجاریش تەنیا بۆ رابواردن و کات بەسەربردن کەڵکیان لێ وەردەگرن.

لە لایەکی دیکە، رێکخراوی مافی مرۆڤی ژنانی گەمارۆ دراو» (تحت محاصره) لە راپۆرتێکدا ئەوەی ئاشکرا کردوە کە هێزە ئەمنییەتی و لیباس شەخسییەکانی ئەسەد بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بنەماڵەکانی شۆڕشگێران لە هەندێک ناوچەدا دوای دەسبەسەکردنی ژنان دەسدرێژییان دەکەنەسەر. هەروەها ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ( هیومەن رایتس واچ) جێگیر لە شاری نیۆیۆرک رایگەیاندوە کە لەگەڵ چەند کەس لە دەسبەسەرکراواندا چاوپێکەوتنی کردوە کە دەڵێن دەسدرێژیی سێکسییان کراوەتەسەر. زۆر لەو کەسانە بە تایبەت ژنان لە ترسان یان لە شەرمان نایانهەوێ تەنانەت بنەماڵەکانیشیان لەم شتە ئاگادار بن.

ئەگەر بە وردی سەرنجی رەوشی ژنان لەو دیوی سنوورەکانی سووریە و لەنێو خاکی وڵاتانی دەوروبەردا بدەین، بێشک زۆر دیمەنی ناخۆش و خەماویی دەبینین کە لە کاتی ئاساییدا نەدەبینران و ئەمرۆکە بەدەستیانەوە دەناڵێنن. بە کورتی دەبێ دان بەوە دابنێین کە لەگەڵ هەموو ئەو گرفت و ناخۆشییانەی کە تاکەکانی ئەم جۆرە وڵاتە پڕ لە گرژیی و توندوتیژییانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ژنان تووشی کۆمەڵێک نەهامەتی و نارەحەتی تایبەت دەبنەوە کە پێویستە بە جیددی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لە پەنا پێشگرتن بە کردەوە نامرۆییەکان لەلایەن هەر کەس و گروپێکەوە بێ، بەها و قورسایی ژن بپارێزرێ و لە هەموو حاڵەتەکاندا پێش بە بازرگانی پێوەکران و شکاندنی حورمەتی ژنان بگیرێت. مشوورخواردن بۆ وەها ئەرکێکی پیرۆز و هەنگاونان بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان ئەگەر لەلایەک بە هۆی یاسا نێونەتەوەیی و مرۆییەکان و لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست و خێرخواز جێبەجێ بکرێت، پێش ئەوان و زیاتر لە ئەوانیش ئەرکی مرۆڤدۆستان و نیشتمانپەروەرانی ڕاستەقینەی سووریایە کە چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە ئەم ئەرکە پیرۆزە هەنگاو هەڵ بگرن و لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕزگاربوونی وڵات لەدەست زەبروزەنگ و دیکتاتۆری، هەوڵی پاراستنی ماف و حورمەتی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی بدەن.



# ستراتیژیی دامەزرانی قەڵغانی مووشەکی لە تورکیە و کاردانەوەی ئێران



تەها رەحیمی

بەردەوامیی توندوتیژی و پێکدادانی نێوانی هێزەکانی بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سووریا و دژبەران و چەکدارانی دژی، لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی دا بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان بە روونی خۆ یەکلا بکەنەوە و پشتیوانی و لایەنگریی خۆیان لە یەکێک لەم دوو بەرەیە دەربڕن کە لە ئاستی ناوچەییدا لەگەڵ یەکتر لە ململانێ دان. بەرەی بەشار ئەسەد، رووسیا، چین، ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە ناوچەکەدا کە زیاتر هێز و میلیشیاکانی لوبنان و فەلەستین و گرووپە چەکدارە شیعەکانی وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە. لەم لایەشەوە بەرەی دژبەرانی حکوومەتەکەی ئەسەد و رۆژئاوا و تورکیا و عەرەبستان و .......

شەڕ و کێشمەکێش لە سەر هەژمۆنی و بە چۆکداهێنان لە هەردوولا بەردەوامە و، کێبەرکێی دیپلۆماسی و گۆشار و پێکدادانی سەربازی و ئاسمانی و گوشاری ئابووریی لایەنەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا بە روونی دیارن. پاش ئەوەی چەند جار هەوڵە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر کێشە و قەیرانی سووریا لە ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندە جیهانییەکانی دیکە بە ئاکام نەگەیشت، هەرتک لایەن بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و خڕکردنەوەی دۆستانی بەرەکانی شەڕ لە سووریا، هەوڵی لاوازکردنی یەکتریان دا کە دەتوانین ئاماژە بە کۆبوونەوەی دۆستانی سووریا لە توونێس و میسر و دوحە لەم لایە و کۆبوونەوەی تاران لە پێناو بەهێز کردن و وردانەوە بە بەشار ئەسەد و هێزەکانی بکەین. دەگەڵ شەڕی دیپلۆماسی و شەڕی میدیایی و پرۆپاگەندەیی لایەنەکان شەڕ و پێکدادان و قەڵتوبڕی خەڵکی مەدەنی و شەرڤانان لە هەردووک لا لە بەرەکانی شەڕ لە نێوخۆی سووریا بەردەوامە و رۆژ بە رۆژ بەرەو گرژبوونەوە و توندوتیژترە. تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریش لە خێروبێری تۆپی تۆپخانەکانی ئەرتەشی ئەسەد بێبەش نەبوون و ٣ هاووڵاتی لە شاری سنووری ئاقچا قەلعە بوونە قوربانی و ٩ کەسیش بریندار بوون. هەروەها سنوورەکانی ئوردۆنیش لە لایەن سوپای بەشار ئەسەدەوە کەوتە بەر تۆپباران. هەر ئەم سەرکێشی و لاسارییانەی ئەرتەشی بەشار ئەسەد و گوێ نەبزووتنی بە دەنگی خەڵکەکەی خۆی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەزاندنی سنووری وڵاتانی دراوسێ بوونە هۆی ئەوەی کە تورکیە و بەرەی رۆژئاوا بیر لە رێگەچارەسەرێک لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بەر بوونەوەی فڕۆکەیەکی تورکیا لە ئاوەکانی دەریای سپی نێوەڕاستدا کە گومانی ئەوە دەکرێ لە لایەن سوپای سووریاوە بەر درابێتەوە و هەروەها ترس لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی و هێرشی موشەکی لایەنگرانی هێڵی سووریا-ئێران، تورکیەی ناچار کرد داوا لە ناتۆ (رێکخراوی سەربازی ئەتلانتیکی باکوور) بکا کە سیستمی قەڵغانی مووشەکیی پاتریۆت لە سنوورەکانی نێوان ئەم وڵاتە و سووریا بۆ پاراستنی خەڵک و بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە هێرشێکی ئاسمانی بەرەی بەرانبەر بەکار بێنێ.



بەم پێیەی کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بە زووترین کات لە ماوەی دوو حەوتوودا ناتۆ وەڵامی ئەرێنیی بە داواکەی تورکیا دایەوە و بڕیار درا شەش یەکە لە سیستمی قەڵغانی مووشەکی پاتریۆت لە لایەن ئەمریکا و ئاڵمان و هولەند بە ٧٥٠ سەربازەوە لە نیوەی دوویەمی ژانویەدا بگەنە تورکیا و دەوترێ نزیک بە ٩٠٠ کیلۆمەتری سنووری نێوان تورکیا و سووریا دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم قەڵغانەوە.

ئەگەرچی خۆی بڕیاری ناردنی ئەم سیستمە و دامەزرانی لە سووریا گرنگی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوە هەڵوێست و دژکردەوەی وڵاتی ئێران و رووسیا و، بە تایبەت ئێرانە کە زیاتر شایانی سەرنج و هەڵوەستە کردنن. کە ئەم نیگەرانییەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای شوێن گرتنی مووشەکی بالستیکی، کروز و فڕۆکە پێشکەوتووەکانە لە لایەن ئەم قەڵغانەوە لە هەر کەشو هەوایە و هەموو بەرز و نزمییەکدا. تا ئێستا لە ناوچەکەدا تەنیا کوێت و عەرەبستان ئەو قەڵغانەیان هەبوو. کە لە شەڕی سێیەمی کەنداودا بە شێوەیەکی بەربەرین لە خاکی کوێتەوە بۆ شوێنگرتنی مووشەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەکار هێنرا.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە رووخانی حکوومەتی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی تووشی گەورەترین شکستی ستراتیژیی لە ناوچەکە دەبێتەوە و ئەو هەڵوێست و دژکردەوانە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دامەزراندنی ئەم سیستمە قەڵغانییە لە سنوورەکانی تورکیە و سووریەدا هاتنە ئارا، بەڕوونی ئاماژە بەوەن کە نیگەرانیی رێژیمی ئیسلامی زۆر لەوە قووڵتر و زیاترە کە خەمی ئێران تەنیا مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بێ. چونکی بە دامەزراندنی ئەم قەڵغانە سەرەڕای تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی نێوان تورکیە و سووریا لە لایەکیشەوە هاوسەنگیی نێوان ئێران و تورکیە دەگۆڕدرێ و لە ئەگەری گواستنەوەی نائارامییەکان لە سووریای پاش ئەسەدەوە بۆ ئێران، کە ئاڵقەی نێوان هێزەکانی بەرەی رۆژاوا و ناتۆ لە ئەفغانستان و تورکیایە، گواستنەوەی ئەم سیستمە قەڵغانییە بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و تورکیا لە ئەگەری هەڵگیرسانی هەر چەشنە بشێوی و ئاڵۆزییەکدا زۆر دژوار و رێگەیەکی دوور نییە.

لەم لایەشەوە ئێران سەرەڕای قبووڵی تێچووی گرانی قەڵغانی مووشەکیی ئێس ٣٠٠ی رووسیا، نەیتوانی دەسەڵاتدارانی کرملین قایل بکا کە ئەم قەڵغانە بکرێ و بەم جۆرە دەبینین هاوسەنگیی توانایی کۆنترۆڵی ئاسمانی تاران و ئانکارا بەلای تورکیە دایە. هەر بۆیە بە دوای ئەم بڕیارەی ناتۆدا ئەحمەدینژاد سەفەری خۆی بۆ یادی مەولانا کە لە قونیەی تورکیە بەڕێوە دەچوو هەڵوەشاندەوە و گەورە بەرپرسی سەربازیی سوپا، سەرلەشکر فیروزئابادی رادەگەیەنێ «شەڕ لەگەڵ سووریا، شەڕ دەگەڵ ئێرانە». بە کورتی ئێران کە پاش رووخانی سەدام لە عێراق، هیلالی شیعەی لە ناوچەکەدا تەکمیل کردوە و هەروەها بەرەیەکی نوێشی دژی ئەمریکا کردۆتەوە بە هەر چەشنێک بێ نایەوی پردی پێوەندیی لوبنان و فەلەستین لە دەست بدا و گەورەترین ئاڵقەی ئەم زنجیرەی لە دەست بپسێ و وەک بە ئاشکرا رایگەیاندوە دژایەتیی هەر چەشنە سناریۆیەکی رۆژئاوا بۆ لابردنی بەشارئەسەد ستراتیژیترین هاوپەیمانی لە ناوچەدا دەکا. بەڵام دوای کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی بەشار ئەسەد لە دوحە، کە لە لایەن ١٣٠ وڵاتەوە بە فەرمی ناسران، بەردەوام نیشانەی لاوازیی و پاشەکشەی هەرچی زیاتری بەشار ئەسەد دەردەکەوێ. رەنگە یەکەم جارێک کە ئەم سیستمە بەکار بهێنرێ بۆ ناوچەیەکی دژەفڕین لە سووریا دابێ کە لەملاو لەولا باس لە هەرێمێک ئازاد دەکرێ و ئێرانیش وەک دەوترێ هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە مەرجی لە سەر ئەسپێک کردوە کە دۆڕاوە و هەموو هەوڵ و تێچووەکانی بۆ پاراستنی لک و پۆپەکانی لە ناوچەدا زۆر سەر ناگرێ و ئەوە تەنیا پارە و سامانی ئەو خەڵکەیە کە بێهودە دەڕوا لە کاتێکدا خۆیان ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین.

# ئابووریی ئێران لە ٢٠١٢ و دووره دیمەنی لە ٢٠١٣ دا

حەمید مافی

و: عەلی بداغی

ساڵی ٢٠١٣ لە کاتێکدا بۆ ئابووریی ئێران دەست پێ دەکا، کە ئابووریی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە ژێر توندترین فشارەکان بوو. هاوبۆچوونی و هاوهەڵویستیی کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لە دژی ئێران گورزی گورچکبڕی لە ئابووریی نەخۆشی ئێران دا و برینە شاراوەکانی خستە بەرچاو.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئێران گەمارۆی خراوەتە سەر، بەڵام قەت بارودۆخی وەک ئەم ساڵیان تەجرەبە نەکردوە و تەنانەت زۆرێک لە نوێنەرانی مەجلیس ئابووریزانانی حکوومەتیش دەڵێن کە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقیش ئابووریی ئێرانی ئەوەندە گرفتارو کۆڵەوار نەکردبوو.

ئەو گەمارۆیانە کە لە سەرەتادا فرۆشی نەوتی ئێرانی کردبووە ئامانج، وردە وردە نیزامی بانکیی ئێران و دوایەش هاتوچۆی کەشتیوانیی ئێرانیشی گرتەوە و وایان کرد کە هەناردەی نەوتی ئێران بە کەمتر لەیەک میلیۆن بۆشکە لە ڕۆژێکدا بگا، جیا لەوەش کە ئێران ئەوجارەیان بۆ وەرگرتنی پووڵی ئەو کەمە نەوتەش کە فرۆشتوویەتی، لەگەڵ گەمارۆ بانکییەکان بەرەوڕوو کرایەوە.

لە یەک کاتدا گەمارۆ خستنە سەر بانکی ناوەندی ئێران و کەرتی بەرهەمهێنان و فرۆشی نەوتی ئەو وڵاتە دەری خست کە ئابووریی پشتبەستووی ئێران بە داهاتی نەوت چەندە نەخۆش و تێک تەپیوە. ئێران بەهۆی چوونە سەرێی نرخی نەوت لە بازارە جیهانییەکان وایان دانابوو کە بەشی شێریان لەو داهاتە خەیاڵییە پێ دەبڕێ، بە جۆرێک کە لە بودجەی ساڵی ٩١ دا پێشبینی کرابوو کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە ڕۆژدا ٤ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار بۆشکە و ئاستی فرۆش و هەناردەش بۆ دەرەوە زیاتر لە ٣ میلیۆن بۆشکە بێ، بەڵام ئەو خەونەیان لێ بوو بە کابووس، چونکی ئاستی هەناردەی ئێران بە حاڵەحاڵ گەیشتە یەک میلیۆن بۆشکە لە رۆژێکدا و کڕیارەکانی نەوتی ئێرانیش هەر هاتن و لە کەمییان دا. ئەوانەش کە نەوتی ئێرانیان دەکڕی، گەمارۆکانیان قۆستەوە و چۆنیان پێ خۆش بوو ئاوایان کڕی و بەجێی پیدانی دراویش، چی خشتوخاڵ و کاڵای سەقەت بوو بە ئێرانیان فرۆشت.

جیا لەوەش بەشی ئێران و پێگەی لە ئابووریی جیهاندا کاڵ و کەم دیارە. ئێران بێجگە لە نەوتەکەی هەموو مامەڵە تیجارییەکانی دیکەی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی ناگاتە ١٠٠ میلیارد دۆلار.

بڕی ڕاکێشانی سەرمایە بیانییەکانیش لە ئێران بە هۆی گەمارۆکان و بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئەو وڵاتە ئەوەندە کەمە کە لە ڕیزبەندییە جیهانییەکانیشدا نایەتە بەرچاو.

دیارە بە ئیدیعای بەرپرسی گشتیی رێکخراوی سەرمایەدانان و یارمەتییە ئابوورییەکان ئێران پلەی سێهەمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە ڕاکێشانی سەرمایەی بیانیدا بووە و توانیویەتی پتر لە ٣ میلیارد دۆلار سەرمایەی بیانی بۆ ئێران ڕاکێشێ، بەڵام بنیاتی ئانکتاد وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو ئیدیعایە دەڵێ کە بەشی ئێران لە ڕاکیشانی سەرمایەی بیانی لەو ساڵدا نەگەیوتە یەک میلیارد دۆلاریش.

لەبواری کەسابەت و خوڵقانی هەلی کاریشدا پلەی ئێران هاتۆتە خوارێ و لە ڕیزبەندیی جیهانیدا لە پلەی ١٤٤ جێی خۆش کردوە. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانیی



شەففافییەتی ئابوورییش دەڵێ ئێران ١٣ پلەی دیکە داگەڕاوە و ئێستا لە پلەی ١٣٣ ی جیهاندا جێی گرتوە.

هەروەها ئێکۆنۆمیست پێشبینیی کردوە کە نرخی هەڵدان و گەشەی ئێران لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ خوار مەنفی سەدا ١ دادەگەرێ و ڕێکخراوی ئۆپێکیش ئاشکرای کردوە کە ئێران جێگەی دووهەمی خۆی لە ئۆپێکدا لە دەست داوە و دوای عەرەبستان، عێراق، کووەیت و ڤێنزوئێلا لە پلەی پێنجەمی وڵاتانی هەناردەکەری نەوتدا جێی گرتوە.

لە هەمان کاتدا راپۆرتی رەسمیی گومرکی کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە بارستایی بازرگانیی بیانیی ئێران لە کەمی داوە و گرینگترین کاڵای هەناردەی غەیرە نەوتیی ئێران کە بەرهەمە پێترۆشیمییەکانە، سەدا ٣٠ ی ساڵی ڕابردوو کەمتر بۆتەوە. لەتەنیشت هەموو ئەوانەشدا بینیمان کە ئەو ساڵ بایەخی دراوی نیشتمانیی ئێران لە ماوەیەکی کەمی چەند مانگەدا تێک ڕما و سەدا ٦٠ ی بایەخی بەرامبەریی خۆی لە دەست دا و بشێوییەک بازاڕی دراوی ئێرانی گرتەوە.

بەپێی بۆچوونی کارناسان، ئابووریی ئێران لە کاتێکدا لەو قۆناغە تاقەت پڕووکێنەدا بە سەر دەبا کە هێشتا هەموو گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا بە تەواوی نەخراونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بەوجۆرەی هەواڵدەرییە نێودەوڵەتییەکان باسی دەکەن لە دەوری نوێی گەمارۆکاندا هەموو داهاتە نەوتییەکانی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە دەستیان بە سەردا دەگیرێ و شیرکەتەکانی کەشتیوانیی ئێران بەربەستی زیاتریان بۆ کاروباری گواستنەوە دەخرێتە سەر ڕێ. بەو پێیە ئەگەر ئەو گەمارۆیە نوێیانە بخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەگەر ئێران تەنانەت بواری فرۆشتن و هەناردەی نەوتیشی هەبێ، ئەوا ناتوانێ پووڵی فرۆشی نەوتەکەی وەرگرێ و هیچ ڕێیەک جیا لە گۆڕینەوەی نەوت بە کاڵای بۆ نامێنێتەوە.

بەپێی پەرەسەندنی گەمارۆکان و کەوتنە ژێر فشاری زیاتری ئابووریی ئێران، دەوڵەت کە بە بیانووی گەمارۆکان پتر دەستی بردۆتە نێو کاروباری بازاڕەوە، کێشەی زۆر قووڵتری ئاوقا دەبێ و هیچ ڕێیەکی جیا لە کەمکردنەوەی بودجەی ئاوەدانیی وڵات بۆ نامێنێتەوە. بارودۆخی پیشەسازیی نێوخۆییش کە بۆدابینکردنی کەرەسەی خاو لە دەرەوەڕا لەگەڵ ئاستەنگی زیاتر بەرەوڕوو بووتەوە، خراتر لە ئێستا دەبێ و بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لەوەش زیاتر لە کەمی دەدا. هەر بۆیەش کەم کەس هەیە کە گەشبین بە داهاتووی ئەو ئابوورییە تێک تەپیوە بێ، تەنانەت کاربەدەستانی دەوڵەتیش کە بەردەوام حاشایان لە کاریگەریی گەمارۆکان لە سەر ئابووریی وڵات کردوە، ئێستا کومیتەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ مەجلیس پێک هێناوە تا بەر لە ئامادە کردنی لایحەی بوودجە، هەڵسەنگاندنێکی وردیان لە بڕی هەناردەی نەوتی ئێران لەو ساڵی داهاتوودا هەبێ.

ئێکۆنۆمیست بارودۆخی ئابووریی ئێرانی لە ساڵی نوێی زایینی، ٢٠١٣ دا شپرزەتر لە ئێستا لێک داوەتەوە و دەڵێ نەک هەر ئەوەی نرخی هەڵدانی ئابووریی ئێران خوار مەنفی یەک دەبێ، نرخی هەڵاوسان و بێکاری هیندەی دیکەش دەچێتە سەرێ و هەناردە و هاوردەی ئێران پتر لە هەموو ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو لە کەمی دەدا.

کارناسانی نیودەوڵەتیی ئابووری دەڵێن ئابووریی ئێران کاتێ دەتوانێ لەو قەیرانە دەرباز ببێ کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بیانەوێ کێشە سیاسیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیدا چارەسەر بکەن و نیگەرانیی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لە سەر پڕۆژە ئەتومییەکانیان بڕەوێننەوە، ئەگینا وەرزی ساردی ئابووریی ئەو وڵاتە پێ دەنێتە بەستەڵەک، بەستەلەکێک کە زۆرترین کاریگەری لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران دادەنێ.

# کۆنفرانسەکان شوێنێک بۆ بە ئێرانی کردنی گۆتاری کوردستانی

## وتوویژی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ ناسری ئێرانپوور یەکێک لە بانگهێشتکراوانی سەربەخۆی کۆنفرانسی پراگ

**ئاماژە: ئەم وتوویژە، دەبوایە لە ژمارەی پێشووی «کوردستان» دا بلاو بوایەوە، بەلام بە هۆی درەنگ وەرگێڕدران و هەر وەها زۆریی ئەو بابەتانەی کە دەبوا لە کاتی خۆیان دا بلاو ببنەوە، بۆ ئەم ژمارەیە هەڵگیرا. لە گەڵ داوای لێبووردنمان لە کاک ناسر ئێرانپووری بەڕێز.**

**دەستەی نووسەرانی «کوردستان»**



**«کوردستان»: ئێوە ئامانج و دەستکەوتەکانی کۆنفرانسەکانی رابردوو، بە تایبەتی کۆنفرانسی پراگ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**ناسر ئێرانپوور:** بە نیسبەت هەموو کۆنفرانسەکانی رابڕدوو ناتوانم قسە بکەم چونکە لە هەموویاندا بەشداریم نەکردوە و نە ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە بووم. من لە کۆنفرانسی پراگ بەشداریم کردوە کە لە درێژەی دوو کۆنفرانسی پێشووی ستۆکهۆلم و بروکسێل بەرێوە چوو. ئامانجی راگەیەندراو پێکهێنانی چەشنێک نزیکی و دیالۆگ لەمەر دێموکراسی بوو. لەو روانگەوە کە دیالۆگ لە نێوان چالاکانی سیاسیی ئێرانی بۆ پێکهێنانی چەشنێک لە لێکتێگەیشتن بە نیسبەت دێموکراسی پڕبایەخە و ئەو کونفرانسانە بەستێنێکی گونجاو بۆ ئەو بابەتە دروست دەکا. من ئەو کۆنفرانسانە بە شێوەیەکی رێژەیی بە ئەرێنی لە قەلەم دەدەم.

**چۆنیەتیی هاتنەئارا و لێکدانەوەی پرسی نەتەوەکان لە کۆنفرانسی پراگ بە چ شێوەیەک بوو؟**

بە بڕوای من وتاربێژانی کوردی بەشدار لە کۆنفرانسی پراگ، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، رۆڵێکی پۆزێتیڤیان گێرا. بەشداربووانی کورد بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی، هەڵبەت نەک هەر لە ئاستی کوردستان، بەڵکوو بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێراندا بە شێویەکی پێویست و گونجاو قسەیان کرد. دیارە یەکێک لە وتاربێژانی غەیرە کوردیش باسێکی رەخنەئامێزی بە نیسبەت هێزە کوردستانییەکان باس کرد کە لە لایەن بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بە باش نەزانرا.

بە پێی دروشمی کۆنفرانسەکە، یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی، چ بابەت و ئاریشەیەک بە شێوەیەکی بەرجەستە لە سەر رێگەی بنیاتنانی دێموکراسی لە ئێران هەیە؟ ئایا ئەو کۆنفرانسە بە نیسبەت بنیاتنانی دێموکراسی لە ئێراندا توانی بە لێکنزیکبوونەوەیەکی تیۆریک بگا؟

«یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی» پرۆژەیەکی دروستە، بەلام هەوڵدان لەو پێوەندییەدا دەبێ وەک ستراتژییەکی درێژخایەن تەماشا بکرێ. دیارە دارشتنی ئەو چەشنە ستراتژییانە پێویستی بە دیالوگ گەلێکی زور هەیە و کونفرانسێکی دوو رۆژە بۆ ئەو بابەتە فرەرەهەندە وڵامدەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو کۆنفرانسەدا کۆمەڵێک باسی بەسوود هاتنەئاراوە. پرسی نەتەوەیی، پرسی ژنان، ئابووری و مافی مرۆڤ بەرجەستەترینی ئەو باسانە بوون کە لەو کۆنفرانسەدا باس کران. لێکدانەوەی هەموو ئەو بابەتانە و هەروەها بابەتگەلێکی دیکە، وەک کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵیان لە بنیاتنانی دێموکراسی کە لەوێدا باس نەکران، پێویستیان بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە.

چاوەروانییەکی بەجێ نییە ئەگەر وایدابنێین کە دەستکەوتی ئەو کۆنفرانسانە رێک هەر دەبێ ببێ بە یەکیەتییەکی ئۆرگانیک. تەنانەت بۆ ئەوەی بلێین کە ئایا لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانە لێکنزیکبوونەوە هەیە، زور زوویە. بۆ نموونە بە ئیحتیمالی زور لێکتێگەیشتنی جۆراوجور لە سەر»دێموکراسی» هەیە،جگە لەوەش خۆدی دێموکراسییش لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێ. کەوایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەستێنانە ناکرێ چاوەروانیی ئەوە بکەین کە دەرئەنجامی ئەو دانیشتنانە «یەکیەتی» یان تەنانەت بە وتەی ئێوە لێکنزیکبوونەوەی تیۆریک بێ.



**رۆڵ و بەشداریی چالاکان و حیزبە کوردییەکان لە کۆنفرانسی پراگ دا چون هەڵدەسەنگێنن؟**

من هیچ رۆلێکی ئەوتوم لەو کۆنفرانسەدا نەبوو هەتا باسی بکەم، بەڵام هەر وەک لە پێشتردا باسم کرد چالاکانی دیکەی کورد کە لەوێدا بەشداربوون جێگەی شانازیی من بوون و ئەوان بە پێی پێویست و لە جێگەی خۆیدا قسەیان کرد و بەوپەری حورمەتەوە دیالۆگیان دەکرد. بە بڕوای من چالاکانی کورد بە باسەکانیان هەم ئالای رزگاری لە زۆلمی نەتەوەییان بەرز کردەوە هەم ئالای رزگاری لە چنگ هەلاواردنی رەگەزی و ئایینیان لە ئێراندا هەڵگرتبوو. هەروەها ئەو بەرێزانە رۆخسارێکی شارستانی و دوستانەیان لە کوردەکان نیشان دا. دیارە ئەو بابەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدابرانانەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەیە،شتێکی سادە و ساکار نیە.

بە تایبەتی دوستایەتی و هەڵسوکەوتی شارستانییانەی نێوان ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر شیاو و جێگەی دەستخۆشی کردن بوو. من دڵنیام کە تەنانەت بەشێک لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە نەیاندەزانی کە ئەو کەسانە سەر بە دوو حیزبی جیاوازن. دیارە بۆ من ئەوە یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو. هیوادارم ئەو فەزا تەندروستە ببێتە بەستێنێک بۆ یەکیەتیی دووبارەی ئەو حیزبە. هەروەها ئاواتەخوازم باڵەکانی کۆمەڵەش تێکەل بەو فەزایە بن.

دیارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە باسەکانی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاتوو گۆلاڵە شەرەفکەندی(بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان) و بەرێز کاوە ئاهەنگەری (هەڵبژاردنی ئازاد)، زۆر سەرنجراکێش بوون و لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییان لێکرا. خۆدی من هەر وەک زۆرێک لە بەشداربووانی دیکە بە تایبەتی لە باسەکەی خاتوو شەرەفکەندی چێژم وەرگرت. ئەو بەشدارییە چالاکە بۆ منی دەرخست کە کە کورد نەتەنیا دەتوانێ بانگەوازی لابردنی زوڵمی نەتەوەیی لە ئێران بلاو بکاتەوە، بەڵکوو توانای ئەوەی هەیە کە بە بزووتنەوەی ژنانیش ئاراستە ببەخشێ. شانازی نوێخوازیی بزووتنەوەی مەشرووتە بە تایبەتی بۆ خەڵکی ئازەربایجان دەگەرێتەوە. شانازیی نوێخوازیی بزووتنەوەی دێموکراسی خوازیی خەڵکی ئێرانیش( پرسی نەتەوەیی و ژنان پێکەوە) لەو قۆناخەدا دەتوانێ بە کوردستان ببرێ.

کوردستان بە هەبوونی کەسایەتییەکی نوێخوازانە، بوونی حیزبی جۆراوجۆر و ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی رێکخراوەیی و سەربەخۆ لە پوتانسیەلێکی گەورە بۆ رۆلگێرانێکی چالاک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی داهاتووی ئێران بەهرەمەندە.

کوردستان هەموو کات بە شوێن یەکیەتیی بووە و ئەزموونێکی بەنرخیشی لەو پێوەندییەدا هەیە. ئێستاش زۆرێک لە چالاکانی ئێرانی بە پێی پێویست ئاگاداری ئەو مێژوویە و ئەو هەوڵانە نین. رێبەرێکی بەرجەستەی کورد لە رێگەی دروستکردنی لێکتێگەیشتن و یەکیەتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن گیانی بەخت کرد، رێبەری حیزبێک کە ئەو حیزبە لە لایەن کۆمەڵێک دەمارگرژەوە بە «جیاییخوازی» تۆمەتبار دەکرێ.

هەرچەندە ئەو هەولانە دروستبوونی ئیتلافێکی سەقامگیر بۆ بنیاتنانی دێمۆکراسی و فێدرالیزمی لە ئێران لێنەکەوتۆتەوە، بەلام لە روانگەی منەوە بێ ئاکام نەبووە. ئەو رێگەیە دەبێ درێژە بدرێ و یەکێک لەو بەستێنە گونجاوانەش بۆ ئەو هەولانە ئەو کۆنفرانسانەن.

**راگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانسی پراگ لە لایەن چ کەسانێکەوە نووسرا و بە بڕوای ئێوە ئەو راگەیەندراوە دەتوانێ کاریگەری نەرێنی بە سەر چۆنیەتی و تەندروستیی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی ٢ هەبێ؟**

هەر وەک لە دوو وتاری پێشوومدا لە ژێر ناوی «پەیامێکی خێرا» و «ولام بۆ رەخنەگرانی کۆنفرانسی پراگ» باسم کردوە، ئەو نووسراوەیە کە واپێدەچێ لە لایەن حەسەنی شەریعەتمەداری نووسرابێ، چونکە ئەو بوو کە هەرچەند جارەی بەشدارانی کورد نارەزایەتییان دەردەبری، نوسخە و وشەی جیاجیای بەو دەقە زیاد و کەم دەکرد. ئەو راگەیەندراوە جگە لەوەی لە لایەن یەکێک لە بەرێوەبەرانی کۆنفرانسەکە نووسرابوو، پێوەندییەکی دیکەی بەو کۆنفرانسەوە نەبوو. ئەو دەقە رەنگدانەوە و ئاکامی باسەکانی نێو کۆنفرانس نەبوو. دیارە ئەو راگەیەندراوە لە باری نیوەرۆکیشەوە زۆر پرسیارهەڵگر بوو. بەشێکی بۆ پیاهەڵکوتن بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی تەرخان کرابوو، بەشێکی دیکەی شتی نافەرمی و گشتی لە خۆ دەگرت و بەشێکیشی هەڵگری پەیامێکی نهێنی بوو کە بەتایبەتی جێگەی رەزامەندیی چالاکانی کورد و تەنانەت چالاکانی غەیرە کوردی بەشدار لەو دانیشتنەش نەبوو. بە گشتی دەقی ئەو راگەیەندراوە بە چەشنێک بوو کە جێگەی رەزامەندی نەبوو. هێندێک بەشی ئەو راگەیەندراوە ئەوەندە «بێ لایەنانە« بوو کە بە بڕوای من ئەگەر چەند وشەیەکی سەرەکییش بگۆرین، مەرج نییە نارەزایەتیی جیدی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر چەمکی «گەلی ئێران» کە هەمیشە باس هەڵگر بووە لەگەڵ «خەڵکی ئێران» گۆردرابا و هەروەها لەوێدا ئاماژەیەک بەوە نەکرابا کە «هێندێک هێز» خوازیاری «شەڕن»، بە تایبەتی ئەگەر ئاماژە بە پێویستی لابردنی کۆماری ئیسلامی کرابا، ئەو راگەیەندراوەم واژۆ دەکرد لەگەڵ ئەوەی دا کە ئەو کاتیش بە تەواوەتی دەقی جێگەی پەسندی من نەدەبوو.

ئەوەی کە کاریگەریی نەرێنی بەسەر چۆنیەتی و تەندروستیی کۆنفرانسی داهاتوو لە ستۆکهۆڵم دەبێ، رەنگە بەو جۆرە بێ. بەو پێیە نووسەری ئەو دەقە باس هەڵگرە، تەنانەت خەساری بە هەوڵەکانی خوێشی گەیاندوە. کەمبوونەوەی ویستی بەشداری لەو کۆنفرانسانەدا بە تایبەتی لە نێو دوو لایەنی دێموکرات دەبینرا کە دیارە جێگەی سەرسوڕمان نییە، هەرچەند من پێداگرم لە سەر ئەوەی کە هێز و بژاردەی سیاسیی کورد دەبێ لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیاندنی خواست و خەباتی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێ. هێزە کوردستانییەکان هەموو کات خوازیاری دیالۆگ لەگەڵ چالاکانی دیکەی ئێرانی بوون و ئەوە بە هیچ جۆر هەڵە نەبووە.

**بە پێی «کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی ٢» کە دوایین دانیشتن لە زنجیرە دانیشتنەکانی رابڕدوویە، چ بابەتگەلێک بایەخێکی زیاتریان هەیە؟ ئایا لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆنفرانسانە دەرئەنجامەکنی ئەو باسانە پراکتیزە دەکرێ؟**

بۆ من قسە کردن لەوبارەوە زۆر دژوارە. زۆر چاوەڕوانی ئەوەش ناکەم کە وەک دەرئەنجامی ئەو کۆنفرانسانە، ئیتیلافێک لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک بێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆنفرانسانە، بە تایبەتی بۆ حیزبە کوردستانییەکان، بێ سوود نابێ. ئێمە دەبێ گۆتاری کوردستانی بکەین بە گۆتاری ئێرانی و ئەو کۆنفرانسانەش شوێن و پلاتفۆرمێکی گونجاوە بۆ بەدیهاتنی ئەو خواستە.

**مەبەستان لە «کردنی گۆتاری کوردستانی بە گۆتارێکی ئێرانی»چیە و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد دەبێ هەڵگری چ پەیامێک لەو کۆنفرانسانەدا بن؟**

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو راستییە کە داواکارییەکانی کورد بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی گشت خەڵکی ئێران دان.هەر بۆیە کوردستان دەبێ ببێ بە ناوەندی بەرهەمهێنانی هزر بۆ تەواوی ئێران. من لەو بڕوایە دام کە کوردستان ئەو پۆتانسیەلەی هەیە کە رێبەری بزووتنەوەیەکی راستەقینەی دێموکراسیخوازانە بۆ تەواوی ئێران وەئەستۆ بگرێ. بە پێی چ یاسایەک ئێرانییەک، بە پێی ئەوەی لە تاران لە دایک دەبێ، «نەتەوەیی» و سەرانسەری و «ئێرانی» یە و دەتوانێ بانگەوازی داکۆکی کردن لە کۆی ئێران بدا، بەڵام هەر ئەو کەسە ئەگەر بۆ نموونە لە مەهاباد لە دایک بێ، «قەومی» و «بوومی» و «لە باشترین حالەتدا «ناوچەیی»یە؟! خەبات بە دژی ئەو کولتوورە تارادەیەک فاشیستییە یەکێک لە ئەرکەکانی هێزە دێموکراتەکانی ئێرانە. بە بڕوای من حیزبە کوردستانییەکان ئەگەر لە «پان ناسیۆنالیستەکان» و «نەتەوەیی»یەکانی ئێرانی ئێرانیتر نەبن، بێگومان کەمتریش نین. کەواتە نابێ رێگە بدەن کەسانێک لە بەرەی ئێرانیبوون هەڵبکۆتنە سەر ئەوان. ئێران «ملک مشاع» خاوەندارانی درۆیینی ئێران کە ئێستا لە دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن، خۆیان بە پاسەوانی ئەو مولکە دەناسێنن، نییە. ئەوە دەبێ پەیامی چالاکانی کورد لەو دانیشتنانە دا بێ.

**کورد تەنیا وەک نەتەوەیەک بۆ خۆی خەبات ناکا، بەڵکوو جەوهەری ئەوخەباتە بۆ گشت خەڵکی ئێرانە. هەر ئێستا کوردستان لە تەنیشت تاران یەکێک لە دوو ناوەند و مەتەرێزەکانی گرینگی سیاسیی ئێران لە بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکاری ئیسلامی دایە. کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتێک خەبات دەکا کە نەتەنیا نوێنەری خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو لە دژایەتییەکی ئاشتی هەڵنەگرلەگەڵ یەکتر دان. ئایا ئەو هەڵ و خەباتە لە بەرژەوەندی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران نییە؟**

هەرچەند شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیی هێزە سیاسییەکانی کورد، کوردستانە، بەڵام روانینی سیاسیی ئەوان ئێرانییە و دەیانهەوێ سیستمێکی دێموکراتیک لە تەواوی ئێران دابمەزرێنن. لە داهاتووشدا ئەگەر ئیتێلافێکی راستەقینەی ئێرانی و سەرانسەری پێکبێ هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە کۆلەکەکانی سەرەکی ئەو ئیتێلافە دەبن. دیارە ئەو کۆنفرانسانە یەکێک لە ئاسانترین و باشترین بەستێنەکانی هەوڵدان بۆ ئەو بابەتە گرینگەیە.

**هەر وەک دەازنن ئیتێلافەکان زۆرتر بەرهەمی رێککەوتن لە سەر خاڵ هاوبەشەکانن و لەو شوێنەشدا کە خاڵێکی هاوبەش نییە،چەشنێک لە سازانی دوو لایەنە دروست دەبێ. لە**

ل ١٠

# ئیخوان براوەی بچووک و، میسر دۆڕاوی گەورە

ئەردشیر زارعی قنواتی
و: سیروان موساپوور

ریفراندۆمی یاسای بنەڕەتیی نوێی میسر لە ڕۆژەکانی شەممە ۱۵ و ۲۲ی دیسامبر بە بەشداریی نزیکەی لەسەدا ۳۳ی دەنگدەران بە نزیکەی لەسەدا٦٤ی دەنگی «بەڵێ» و لەسەدا٣٦ی دەنگی «نەخێر» دوای چەند حەوتوو نارەزایەتی و هاتوهاوار کۆتایی پێهات. ڕەشنووسی ئەم یاسا بنەڕەتییە کە بەهۆی چوونەدەری نوێنەرانی سێکولار، چەپ و کەمایەتیی مەسیحی لە کومیتەی دارشتن و نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی، لەلایەن کەسانی سەر بە حیزبەکانی ئیخوانولموسلمین، سەلەفییەکان و ڕێکخراوە ئیسلامییە بچووکترەکان لەسەر بنەمای یاسای شەریعەت و ئەحکامی ئایینی ڕێک خرا بوو، بوو بە هۆی ئەوەکە بۆ ماوەی چەند حەوتوو نارەزایەتی و نائارامیی لە میسردا لێبکەوێتەوە کە هەروا درێژەی هەیە.

لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئەم ریفراندۆمە سێ ڕەوتی دیاریکراو ڕۆڵی خۆیان دەگێرا کە هەر یەکێکیان خاوەنی پەیامێکی دیاریکراو و هێزی تایبەت بوون. هەرچەند هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەرحەق بە ساختەکاری و سەرپێچی لە ماوەی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەلایەن دەوڵەتی « محەمەد مورسی» سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە بە توندی ناڕازی بوون و بەم هۆیەشەوە ئاکامە فەرمییەکان لەبەر پێداچوونەوە بە نارەزایەتییەکان ڕۆژێک وەدوا خرا بەڵام قبووڵکردنی ئاکامی ریفراندۆم لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تارادەیەک بە شێوەی یەکجاری دێتە بەرچاو. بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی میسر و هاوسەنگیی ڕێژەیی دەسەڵات لەنێوان هێزە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا ناتوانرێ هیچ براوەیەکی ڕاستەقینە و دۆڕاوێکی سەرەکی لە ڕەوتی ریفراندۆمی یاسای بنەڕەتی و بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانە هەنووکەییەکان بە واتای دروستی وشە بناسێنرێ. هەرچەند لە پێناسەیەکی ئەبستراکتدا لە ڕووداوی هەنووکەیی دەتوانرێ ئیخوان و هاوپەیمانە سەلەفییەکانی وەک براوەی ئەم قۆناغە لە کێشمەکێشی هێزەکان لە لوتکەی دەسەڵات لەقەڵەم بدرێ بەڵام لە حاڵەتی قبووڵکردنی ئەم واقعییەتە کە میسر ئێستاکە لە قۆناغی تێپەڕینی خۆی دایە، شرۆڤەکردنی ڕێژەی بەشداریی و پێکهاتەی هێزە دەنگدەرەکان ئەوە دەردەخات کە براوەکانیش لە ریزی دۆڕاوەکانی کۆتایی ئەم پرۆسەیە دێنە ئەژمار.

بە گەڕانەوە بۆ فاکتەرە دیارەکان دەتوانرێ دەرەنجامگیرییەکی جیاواز لەوەیکە وەک سەردێڕی هەواڵەکان بڵاو دەبێتەوە، بەدەست بهێنرێ کە بۆ سەقامگیریی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی میسر لە داهاتوودا تێچووی زۆری بۆ دەدرێ. یاسای بنەڕەتی وەک یاسای سەرەکی و پایە لە هەر وڵاتێکدا کاتێک ڕەوایی ڕاستەقینە پەیدا دەکات کە ئاکامی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران یان بە شێوەی لانیکەمی ئاکامی دەنگی زۆرینەی ئیستانداردی سەرووی لەسەدا ٥٠ی کەسانی خاوەن مافی دەنگدان بێت. ئەم ئیعتبارە حقووقییە لە ریفراندۆمی یاسای بنەرەتی میسر بە سەرنجدان بە رادەی بەشداریی لەسەدا ۳۳ی و دەنگی «بەڵێ»ی لەسەدا ٦٤ی ئێستاکەی، هەرچەند بە هۆی سیستەمی یاسایی ئەم وڵاتە فەرمییەتی پێدراوە بەڵام نموونەی ڕاستەقینەی پێناسە و پاساودەری پەسندکرانی یاسایەکی بنەڕەتی ڕەوا و خەڵکیی نییە. بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراو لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زیاتر لە ٥٢ ملیۆن کەس خاوەنی مافی دەنگدان بوون کە ئاکامی سەرەتایی بڵاوکراوە ئەوە دەردەخات نزیکەی ۱۷ ملیۆن کەس چوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. هەر بۆیە بە سەرنجدان بە دەنگی لەسەدای ٦٤ی کەسانی رازی بەم یاسایە لە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەشداریی لەسەدا۳۳ی کەسانی خاوەن مافی دەەنگدان دەتوانرێ بگوترێ کە تەنیا ۱۱ ملیۆن کەس دەنگی «بەڵێ«یان بە یاسای بنەڕەتیی میسر داوە. لەڕاستیدا ئەم یاسا بنەڕەتییە ئەگەر پەسند بکرێ بەرهەمی بڕیاری تەنیا لەسەدا ۲۱ی خەڵکی میسر بووە و لەسەدا ۷۹ی خەڵکیش یان دژی بوون یان گرینگییەکیان پێنەداوە. لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی ناسەقامگیریی ئارایی لە میسری ئێستاکەدا و ڕاوەستانی چەرخەی ئابووری لە سووڕان و پێشوەچوون، بەشێکی بەرچاو لەو ۱۱ ملیۆن دەنگدەرە بە پێی قسەی خۆیان تەنیا بۆ چوونەدەر لەم بنبەستەی ئێستا و هاتنەئارای پرۆسەگەلی یاسایی بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی وڵات دەنگیان پێداوە. لەلایەکی دیکە، دژبەرانی یاسای بنەڕەتیی نوێ کە تا سێ ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی ریفراندۆم سەرگەرمی نارەزایەتیی خەیابانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کردەوەیەکی نایاسایی و ناڕەوا بوون، لە بریاردانێکی لەرزۆک و تێکشکاو بەبێ هیچ ڕێکخستن و یەکگرتووییەک کەمپەینی بەپەلەی لایەنگرانی خۆیان بۆ بەشداری و دەنگی مەنفی وەڕێخست کە بە هۆی بۆشایی زەینی و عەینی لەم پرۆسەیەدا توانای کۆکردنەوە و ئامادەکردنی چالاکانەی هێزە دژبەرەکانیان لە گۆڕەپانی گشتیدا نەبوو. بەڵام بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە ڕەوتی پێکهێانی پەرلەمان و سەرۆک کۆماری، ئەم جارە ئیسلامگەراکان هەر لە ئیخوانەوە هەتا سەلەفییەکان و پارتە کۆنەپارێزەکانی دیکەی سوونەش بە تەواوی هێز و توانای ڕێکخراوەیی خۆیان، بەسیجی کۆمەڵایەتی و توانای ماڵیی خۆیان لە شکڵی هاوکاری و یارمەتیدانی خێرخوازیی بە شێوەی هاوبەش بۆ پشتیوانی لە یاسای بنەڕەتی وەگەڕ خست. دەنگی ۱۱ ملیۆنیی ئەوان لە باشترین حاڵەتی گونجاودا دەبوایە لە بارودۆخی هەنووکەییدا بە ئاستی سەرەوەی جێگە و شوێنگەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئەو هێزانە لە کۆمەڵگەی میسردا لەقەڵەم بدرێت.

بەم هۆیەوە لە هەلومەرجی تێپەڕینی هەنووکەیی میسر و گۆڕانەکانی داهاتوو بە تایبەت هەڵبژاردنی پەڕلەمانی نوێ و نارەزایەتییە شیمانەییەکانی پەیوەندیدار بە پەسندکرانی ئەم یاسا بنەڕەتییە دەتوانرێ لە لێکدانەوەیەکی سادەدا سەبارەت بە هاوسەنگیی هێزەکانی ناو میسر ئەوە قبووڵ بکرێ کە ئیخوان هێز و توانای پارێزگاری لە دەستکەوتە هەنووکەییەکانی نابێ. سەرکەوتنی ئێستای محەمەد مورسی و لایەنگرانی زیاتر بە سەرکەوتن لە خاڵی سیفردا دەمێنێتەوە و ڕۆیشتن بەرەو پێشەوە بەم تێشووە کەمە لە ڕێگەیەکی سەخت و ناهەمواردا و ڕەقیبە دیار و شاراوەکان، لە داهاتوودا زیاتر لە پێشوو هێز و توانایی میراتخۆرانی شۆڕشی میسر دەردەخات. هەڵبەت ئەم ریفراندۆمە دەتوانرێ وەک شکستێکی گەورەش بۆ ئیخوان و سەلەفییەکان بێتە ئەژمار چونکە دژبەران، سوپا، شرۆڤەکاران و گرینگتر لە هەمووانیش هێزە دەرەکییەکانی شوێندانەر لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە بە دەرکەوتنی ئەم ئامارە، جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی باڵی مورسی لە فەزای گشتیدا باشتر دەناسن.

ئەگەر گۆڕانەکانی میسر لە داهاتوودا بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆن بگاتە دۆخێکی ئاڵۆز و ڕەوشێکی هاوشێوەی حەوتوویەک پێش بەڕێوەچوونی ریفراندۆم، ئەم جارە زۆر لە هێزە بێلایەنەکان و جەماوەری خەڵکی ئاسایی بە تێگەیشتنێکی جیاواز کە لە رادەی ڕاستەقینەی توانایی هێزە ئیسلامگەران بەدەستیان هێناوە، بە پێچەوانەی دژکردەوەی پاسیڤی هەنووکەیی لە بواری مەیدانیدا ڕۆڵێکی دیاریکەر بگێڕن. ئەم شانۆی هێز و دەسەڵاتە کە لەلایەن ئیخوان و هاوپەیمانەکانیدا لە ڕەوتی ریفراندۆم نیشان درا، لە حاڵەتی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان و هاودەنگیی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانەکانی داهاتوو، توانایی هێژمۆنیک و تەنانەت ململانێی هاوتەریبیشی بەدواوە دەبێت. ئێستا کە ئیخوانیەکان سەرۆک کۆمارییان بەدەستەوەیە و یاسای بنەڕەتییش لەلایەن ئیسلامگەراکان و بە مەیلی ئەوان و لە بارودۆخێکی نائاساییدا پەسند کراوە، کۆمەڵگەی میسری زیاتر لە ڕابردوو بۆ نەگەڕانەوەی دیکتاتۆری و یەکدەست بوونی دەسەڵات دژکردەوە نیشان دەدەن. لەبەر ئەوەکە ئیخوان و سەلەفییەکان تەواوی هێزی خۆیان بۆ پەسندکرانی ئەم ریفراندۆمە وەکار خستبوو و تەنانەت کردبوویانە کارێکی ئایدۆلۆژیکیش، دەتوانرێ بە دڵنیایی ئەوە باس بکرێت کە بەشداری نەکردنی لەسەدا ٦٧ی خەڵکی خاوەن مافی دەنگدان لە ریفراندۆمدا، جۆرێک بایەخ پێنەدان و بایکۆتی شاراوە لەنێو زۆرینەی کۆمەڵگەی دەرحەق بە سیستەمی جێگیرە. هیچ هێزێک بە توانایی لەسەدا ۲۱ لە بارودۆخی قۆناغی تێپەڕبوون ناتوانێ ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە جەریانی گۆڕانە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان بۆ خۆی بیمە بکات و حیساب لەسەر دەسکەوتە کاتییەکانی خۆی بکات. بەم هۆیەوە سەرکەوتنی لاواز و لانیکەمی ئیخوان و سەلەفییەکان لە قووڵایی زاتی خۆیدا شکستێکی گەورەیە کە لە داهاتوودا میسر لە بەرامبەر ئەواندا ڕادەگرێت. هەروەها دارشتنی حقووقیی کۆمەڵگە لەسەر یاسایەکی بنەڕەتی کە لە پشتیوانی لەسەدا ۲۱ی خەڵک بەهرەمەندە، لە داهاتوودا بە هۆی زۆریی هێزەکان و دووجەمسەری بوونی سیستەمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی وڵات خاوەن توانایی و هێزی دامەزراوەسازی و دانانی یاسا بابەتییەکان نابێت و لە هەر قۆناغێک لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، میسر تووشی چەنددەستەیی و هەڵچوونی ناوخۆیی دەکات. لە پێناسەیەکی کورتدا لەئاکامی ئەو ریفراندۆمە دەتوانرێ بگوترێ کە ئیخوان و هاوپەیمانەکانی، دۆڕاوەکانی سبەینێی ئەم سەرکەوتنە دەبن و میسریش دۆڕاوی سەرەکیی ئەم کێشمەکێشە بەردەوام و درێژخایەنانە دەبێت.




**( ئەم وتارە لەژێر سەردێڕی «اخوان برنده کوچک و مصر بازنده بزرگ» لە سایتی «اخبار روز» وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە)**

**درێژەی:**

# کۆنفرانسەکان شوێنێک بۆ بە ئێرانی کردنی گوتاری کوردستانی

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ ناسری ئێرانپوور یەکێک لە بانگهێشتکراوانی سەربەخۆی کۆنفرانسی پراگ

**کوردستان دەبێ لە سەر چ خاڵگەلێک دەبێ سازش بکەن و هەروەها لەسەر چ خاڵگەلێکیش پاشەکشە نەکەن؟**

بێ گومان سیاسەتیی ئیتێلافی بە بێ سازان و بە بنەماگرتنی خاڵە هاوبەشەکان و تەریکخستنەوەی خاڵە جیاکەرەوەکان مانایەکی نییە. جەوهەری ئەو بابەتە کێشەیەکی نییە و تەنانەت پێویستیشە. گرفت لەو شوێنەدا دروست دەبێ کە سازان یەک لایەنە بێ و لایەنێک هەوڵ بدا بڕواکانی خۆی بە سەر لایەنەکەی دیکە بسەپێنێ و جۆرێک هێژمونیی هەبێ. ئیتێلافێکی لەو چەشنە درەنگ یان زوو لە نێو دەچێ. بە بڕوای من سێ بنەمای دێموکراسیی پارلمانی، فێدرالیزم و سێکۆلاریزم دەبێ وەک بنەمایەکی سەرەکی دابنرێن. بە واتایەکی دیکە کورد دەبێ هەوڵ بدا یەکیەتییەک لە چوارچێوەی ئەو سێ بنەمایە دروست بکا. دەزانم کە کۆمەڵێک هێز هەن کە ئێران وەک « یەک نەتەوە« سەیر دەکەن، قبوولی فرەنەتەوەیی ئێران ناکەن، کورد بە «قەوم» لە قەلەم دەدەن و بڕوایان بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان نییە.

بە بڕوای من هیچ یەک لەو خاڵانە نابێ ببنە کوسپی سەر ڕێگەی دیالۆگ و هاوکاری و تەنانەت پێکهێنانی یەکیەتی لەگەڵ ئەو هێزانە. ئەوە ئەو ڕێککەوتنە ئیتێلافیەیە کە باسم کرد. سەرنج بدەن کە ئەوە سازانێکی فیکری و پرۆگرامیی نییە، بەو واتایە کە لە داهاتووشدا هیچ یەک لە هێزە کوردستانییەکان ئێران بە «یەک نەتەوە_ یەک دەوڵەت» و نەتەوەکانی ئێران بە «قەوم» نازانن. هەروەها ئەو هێزانە بە هێچ شێوەیەکیش لە مافی دیاریکردنی چارەنووس پاشەکشێ ناکەن. بەو پێیە مەبەست ئەوەیە کە ئەو خاڵانە نەبنە مەرج و کوسپی سەر ڕێگەی هاوکاری، هەر وەک هێندێک کەس بە هەڵە جەخت لە سەر ئەو خاڵانە دەکەن.

**بە نیسبەت «تمامیت ارضی ایران» کە لە لایەن «پان ئیرانیستەکان» و لەم دواییانەش لە لایەن گرووپە سیاسییە بە رواڵەت میانەڕۆکان بە توندی پێی لە سەر دادەگیری، دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکرێ؟**

ڕاستە لە لایەک هێزە کوردستانییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەمایەکی نەگۆر بۆ خۆیان سەیر دەکەن و هۆکاری بوونی خۆیان لە وەدیهاتنی ئەو بنەمایەدا دەبینن. لە لایەکی دیکە هێزە ناسیۆنالیستەکانی ئێرانی بە وتەی خۆیان پارێزگاری لە تەواوییەتی خاکی ئێران بە «بناغەی کاری سیاسی» و بە واتایەکی دیکە بە مەرجی سیاسەت و هاوکاری کردن دادەنێن. ئایا ئەو دوو بنەمایە دەتوانن یەک بگرن؟ وڵامی من ئەوەیە کە بە جۆرێک یەکدەگرن و تەنیا تێکهەڵکێشێک لەو دوو بنەمایە دەتوانێ قبوول بکرێ. پێویستە هەر هێزێک بێ پێچوپەنا و بە ڕوونی خواستەکانی خۆی باس بکا. پابەندبوونی هەر هێزێکی سیاسیی کورد بە نیسبەت تەواوییەتی ئەرزیی ئێران گرێدراوە بە دەستەبەربوونی خواستە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێران. کە وایە بنەمای تەواوییەتی خاکی ئێران ناکرێ بە شێوەیەکی جیا بۆ هیچ هێزێکی دیموکراتیکی کورد بوونی هەبێ.

لە گرووپی زۆر بچووکتری وەک بنەماڵەش بۆ درێژەدان بە ژیانی هاوبەش ناکرێ بەرپرسیارەتییەکی یەک لایەنە هەبێ. کام ژن و پیاوی ژیر هەیە کە پەیمانێک واژۆ بکا کە پێشوەخت و پێش مەرج مافی جیابوونەوەی لێ زەوت کردبێ؟ هێزە کوردستانییەکان هیچ کات تەواوییەتی خاکی ئێرانیان نەخستۆتە ژێر پرسیار و هۆشیارانە لە چوارچێوەی ئێراندا بە شوێن دەستەبەرکردنی خواستەکانی خۆیان کەوتوون. پێداگری ئەو هێزانە لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ دۆخێکە کە مافی خۆبەڕێوەبەریی سیاسی لە چوارچێوەی ئێران لەو هێزانە زەوت بکرێ. هیچ هێزێک کە بە شوێن درێژەدان و دووبارەکردنەوەی ستەم بە سەر کوردستان و سەرکوتی بزووتنەوەکەی دا نەبێ، نابێ دڵەخۆرپەی دابەشبوونی ئێرانی هەبێ. کەوایە تەنیا فورموولی «هەوڵ بۆ یەکپارچەیی ئێران هاوکات لەگەڵ سانترالیزەکردنیکی هەمەلایەنەی ڕووبەری سیاسی و حکوومی» لە ئێران دەتوانێ بۆ لایەنی کوردی گونجاو بێ. هەر بەو ڕادەیە پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانیش نابێ بە واتای خستنە ژێرپێی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ. پابەندبوون بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە واتای خستنە ژێر پێی تەواوەتی ئەرزی ئێران نییە ئەگەر هاوکات جەخت لە سەر هەر دوو بنەما بکرێ(هەر لەو پێوەندییەدا سەرنجی ئێوە بۆ خوێندنەوەی بابەتێکی تێروتەسەل کە لە ژێر سەردێری «نظریاتی پیرامون ائتلافی ایرانی و برخی موضوعات مربوطه از منظر کردی» بڵاو کراوەیەوە).

لە لایەن هێندێک هێز، بە تایبەتی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان،ڕەخنە لە کۆنفرانسی پراگ گیراوە. بە بڕوای ئێوە ئەو ڕەخنانە لە جێی خۆی دایە؟

ئەو کەسانە بە مەبەستی جیاجیا ئەو ڕەخنانەیان گرتوە. لەو پێوەندییەدا پێشتر قسەم کردوە و نووسیومە، هەر بۆیە بە درێژی باس ناکەم. بەڵام لەو شوێنەدا لەگەڵ ڕەخنەگران هاوڕام کە ڕەخنە لە حیزبە کوردییەکانی بەشدار لەو دانیشتنانە دەگرن کە خۆیان بە ناوەند دەگرن و هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی نادەن، بەڵام ئامادەن لەگەڵ هێزێکی دەستە دوو و سێی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و تەنانەت لەگەڵ کەسانێک کە دژایەتی خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن دابنیشن. باسی من ئەوە بووە کە جەوهەری ئەو ڕەخنەیە دروستە و نەبوونی بەرەیەکی بەرینی کوردستانی بە واتای ئەوەی نییە کە بە شوێن پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی نەبین.

٨ ی دیسامبری ٢٠١٢

# بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیک‌دا

بەشی سێهەم و کۆتایی



ڕەهبەر مەحمودزادە

جودا لەم دووبەشە، لە هەندێک بەشی تردا، شێوازی بەیت نە ئەوەندەی شێوازە دراماتیکە پڕ جووڵەکە، تەژی لەکێشە یەو نە ئەوەندەی شێوازە لیریکە نەرم و نیانەکە، ڕاوەستاوە یان بڵێین هەم جووڵەیەکی دراماتیک و هەم نەرم و نیانییەکی لیریکی تێدایە. لەم شوێنانەش دا هۆی دراماتیک بوونی دەق، گوتوبێژێکی بەردەوام لە نێوان دووکەسە و هۆی لیریک بوونیشی، ئەوەیە کە ئەم گوتوبێژانە زۆرتر ئەویندارانەن و لەبەر ئەوەی وەسفەکان درێژ دەبنەوە و دەلالەت بۆ کردە و کێشە بگۆڕەکان ناکەن بەڵکوو دەلالەت بۆ حاڵەت و وسفە نەگۆڕەکان دەکەن، خەسڵەتێکی ڕاوەستاویان هەیە:

شۆڕ مەحموود هاتە بەر پەنجەرە بانگی مەرزینگانی کرد و گوتی:

کێژێ بێ بەعسەتی، بەعسەت پێ نەدراوی
ڕەشە ڕێحانەی ئێستا دەست لێ نەدراوی، نەژاکاوی و هەڵنەکەندراوی
زەردە مەمامن حەفس کردووە لە ژێر کراسی مەخمەڵ دارایی دا بەمیسالی هەرمێ گوڵاوی
تێچووی تەرکە و تورکومانم دەیە بۆم هەڵێنە گۆشە چاوی ...

مەرزینگان ئەگەر چاوی بەشۆڕە مەحموود کەوت، بەرۆکی ئاواڵە کرد و گوتی:

ئەوە کاری بابمە دەتنێرێ بۆ جەنگی جوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەرییە
ئاگاداری تۆبێ ئەلیاس لە بەحرێ و خدر لە چۆلی و لە بەرییە ...
لە پاشت بە جێ نەمێنێ بەژنێکە باریک و دوو کوڵمەی لیمۆییە

لە هەندێک شوێنی تر دا، قورسایی بەیت دەکەوێتە سەر شین گێڕی و نزای عەوداڵانە. لەم بەشانەدا، دیالۆگی ئەویندارانە جێگای خۆی دەدا بە وایلۆکی مەزڵوومانەی کەسێکی لێقەوماو:

سوارینە وەرن لە دڵێکە من گەڕێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە
ئەی لەوی خەبەری لە نەدیو و لە نەکاوە!
کوڕە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحموود لە گێژی دەریایە دا خنکاوە
سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە
شەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاواڵە نەکراوە
تا ئەو ڕۆژەی دەڵێن ڕۆژی قیامەتە و ڕۆژی عەرشە و خودا دیوانی داناوە.

کەواتە وەکوو ئەنجامگیرییەک دەکرێ بڵێین، لە بەیتەکاندا، چەند بەشێکی وەک وەسف و نزا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شینگێڕی، کرێ بەیت دەچنن، ئینجا لە بەشی گێڕانەوەشدا جاری وایە ڕەوتی ڕووداوەکان خێرا و پرکێشە دەبێتەوە و جاری واشە بە هاتنی گوتو بێژێکی دوولایەنە بێ ئەوەی ڕەوتەکە تەواو بوێستێ، تاڕادەیەک لە خێراییەکەی کەم دەبێتەوە. لە بەشی وەسف و نزا دا، هیچ ڕەوت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە پێهەڵگوتنە. بەشی شینگێڕی بەچەند هۆ تاڕادەیەک تایبەتمەندی بەشەکانی تریشی پێ دەبڕێ. هۆی یەکەم ئەوەیە کەسی شینگێڕ بە بیانووی شینگێڕییەوە، بەشێک لە ڕووداوە تراژێدییەکە دەگێڕێتەوە ڕەنگدانەوەی کێشەکان لەم بەشەدا تاڕادەیەکی کەم وەبەر چاو دەکەوێ.

هۆی دووەم ئەوەیە چونکە کەسی قوربانی نزیک و خۆشەویستی کەسی شینگێڕە، کەواتە وەسف و نزا و پێهەڵگوتنیش دێتە ناو شینگێڕییەکەوە.

لە نێو ئەم بەشە جۆراوجۆرانەدا، جوانترین و ناسکترین و سەرنجڕاکێشترین بەش، دیالۆگی ئەویندارانەی کیژ و کوڕە. هەر ئەو بەشەیە کە لە پێکهاتەی بەیت جودا بووەتەوە و وەکوو جۆرێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بەناوی حەیران، درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. ئەگەر غەزەل تەشبیبی قەسیدە بێ، حەیرانیش ئەو غەزەلەیە کە لە تەغەزوللی بەیتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. حەیران بە پێچەوانەی بەیتە درێژەکان، دەتوانێ تەنانەت هەتا سێ ڕستەش کورت بێتەوە. کەواتە هیچ سەیر نییە کە حەیران لەبەر ئەم سووک و چکۆڵە و گردو کۆ بوونە لە لایەک و لە بەر ناسکبێژی و جوانکارییەکانی لەلایەکی ترەوە، جێگای بە بەیت لێژ کردبێ و زیادتر لە جۆرە فۆلکلۆرییەکانی تر وەرمێن کەوتبێ. ئێستا بەم ئاکامە گرینگە دەگەین کە بەر لەوەی لە بارەی جوغرافیاییەوە پرسیار لە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بکەین، دەبێ لەباری فۆرمی و پێکهاتەییەوە، لە چۆنیەتی ئەم سەرهەڵدانە ورد بینەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بڵێین حەیران لە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریانەوە سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئێستا ئەم دوو هەرێمە، وەک دوو ناوچەی جوداواز لە ناو جۆغرافیای دوو وڵاتی جیران چاویان لێ دەکرێ، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی حەیران دا، ڕۆژهەڵاتی موکریان هەتا ڕۆژاوای دەشتی هەولێر لە ناو یەک یەکە



(واحید)ی جۆغرافیاییدا بوونە.

لە زەمانی زوو دا ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵیان لە کۆیە و بیتوێن و پشدەر، ڕابواردووە، نیوەی تری ساڵیان لە شنۆ و لاجان و سندووس و شارەوێران بردووەتە سەر و بە پێچەوانە ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵ لە کوێستان ژیابێتن، نیوەکەی تری لە گەرمێن ژیاون. ڕاستە هۆزی واهەبووە مەودای هێڵی گەرمێن و کوێستان کردنەکەی مەودایەکی بەرتەسک بووبێ، بەڵام بەگشتی ئەو هێڵەی دەشتی هەولێر بە موکریان دەلکێنێ، بەسەر ئەو ناوچانە تێدەپەڕێ کە هەموویان بۆ هۆزە کوردەکان ئاشنا بوونە. هۆی ئەوەی هەندێک تەعبیر و زاراوەی وەکوو بەری سوێسنایەتی و بەری پیران و وڵاتی مەرگە و پشدەرییان و زۆر زاراوەی تری لەم دەستەش هەر لە کۆنەوە لە ئاخاوتنی کوردی دا باوبوونە، ئەمەیە هۆزە

کوردەکان سەرەڕای هەموو گەرمێن و کوێستان کردنەکانیان بۆ کاروباری ئاژەڵداری، ناچاربوون بۆ کار و باری کشت و کاڵیش، تارادەیەک خۆیان بە شوێنێکەوە ببەستنەوە. بەڵام کێ هەیە حاشا لەوە بکا کە ئەو خۆ بەستنەوە و مانەوەی وەک ئەو دامەزران و مانەوەیە نەبووە کە کوردەکان لەسەدەکانی نۆزدە و بیست دا بەرەبەرە وەکوو شێوەی ژیان هەڵیانبژاردووە و ئەم شێوە ژیانە بەهۆی سنوورەکانیشەوە هێندەی دیکە پەرەی سەند.

بەڕاستی کێ هەیە بڵێ عەشیرەتێکی وەکوو مەنگوڕ هەر بەتەنیا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن یا بڵێ هەر بەتەنیا خەڵکی باشوورن. پەرژ و بڵاوی ئەو شوێنە جۆغرافیاییانەی عەشیرەتی هەرکی تێیاندا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی مەنگوڕەکانیش زۆرترە و هەر سێک هەرێمی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. کەواتە با چیتر بە پرسینی ئەو پرسیارە ساویلکانەیە کە حەیران لە کامە ناوچەی کوردستان سەری هەڵداوە، خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی لەویش ساویلکانەتر نەبینەوە و نەمانهەوێ بە دەمارگرژییەکی ناوچەییەوە خۆمان لە قەرەی بابەتێکی زانستی بدەین. شوێنی سەرهەڵدانی حەیران، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە نێوان موکریان و دەشتی هەولێر هەڵکەوتوون. دیارە دوایەش بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم و بە هۆی لێکدابڕانی ئەو ناوچانە، حەیرانی دەشتی هەولێر و حەیرانی موکریان لەباری چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیرەکانەوە نەختێک لێک جوداواز بوونە.

کەواتە لە جیاتی ئەوەی دەربارەی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران پرسیار بکەین، باشتر وایە ئەو پرسیارە بهێنینە گۆڕێ کە پێکهاتەی حەیران لە چ پێکهاتەیەکیترەوە سەری هەڵداوە. بۆ ئەوەی باشتر ئەو بابەتە بسەلمێنین کە پێکهاتەی حەیران، بەشێکە لە پێکهاتەی بەیت، با ئەم بەشەی خوارەوە لە گوتوبێژی لاس و خەزاڵ لهگەڵ بەشێکی تر کە لە حەیرانێک هەڵبژێردراوە، هەڵسەنگێنین:

خەزاڵ دەڵێ:

بریا ئەمن دیوە خانێک بوایەم بەرەو قوبڵە، شوعرەی منیان بکێشایە
پەنجەرەی سێدەریان لە پێشی من لێ بدایە
ئێوارە و سبحەینان لێی بدرایە شوبایە
کەسێکی ماندوو بوایە و عێجز بوایە
بیکوتایە ئەوە جێگای ئیسراحەتگایە.

لاس دەڵێ: ...

چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ ئەگەر تازە هەڵدێ پریشکان داوێ
بەژنت بە من بمێنێ بە چووزەی پیرە لاولاوێ
سبحەینان تاو لێی نادا گوڵی لاولا وگەشە، نیوەڕۆیان هیچ کەس لێی نابینێ کام و کاوێ
...

**حەیران:**

دەجا براینە بڕادەرینە بریا ئەمن گولێک بام لە گوڵی کەس نەناسی
ڕەخسابام لە نەویان، لە کەویان، لە قووچەکەی بڵباسی
دەڵێم بریا شتڵە ڕێحانێک بام لە سەر هەیوانی ماڵە بابی نازدار حەیرانێ
هەموو ئێوارە و سبحەینانێ ئاوی ئێستکانی دەبن کردبام...
بەژنی تۆ بەمن بمێنێ بە کەوێ سەهەند و سۆڵاوان
سوورە قورینگی گەردەن گۆزەڵێ، بەوێ خارێ گوڵ بەدەمێ
ئەگەر شەختێ پایزانی لێدەدا لە ڕووباری پیرە کەلوێ
بەژنی تۆم بە من بمێنێ بەوێنەی لکە ڕێواسی ئەگەر بوهاران دێنەدەرێ لەسەر قەبری حاجی مەمێندی غولامکێ لەگەڵ گوڵی بێژانێ

لەوانەیە لە بەیتێکدا هەر بەتەنیا بەشی شینگێڕییکە مابێتەوە و چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتە تراژێکەکە لە ڕێگای شینگێڕییەوە بگێڕدرێتەوە. لە ڕاستیدا زۆر بەیتی وەک سەیدەوان، سوارۆ، ئەحمەدی شەنگ و کاکە میر و کاکە شێخ بەم شێوەیەن لە بەر ئەوەی لەم بەیتانەدا لە جیاتی ئەو مەنتیقە مەجازییەی لە بەیتە درێژەکان دا وە بەرچاو دەکەوێ، زۆرتر مەنتیقێکی خوازەیی دەبینددرێ، دەکرێ ناوی، «بەیتی خوازەیی» لەسەر ئەم جۆرە بەیتانە دابنێین.

هەر بەم شێوەیە و بە پێی ئەو مێتۆدەی لەم وتارە دا قسەی لێ کراوە، دەکرێ چۆنیەتی سەرهەڵدانی فۆرمە چکۆڵەترەکانی فۆلکلۆری لەناو فۆرمی بەربڵاوی بەیت، شی بکەینەوە.

**سەرچاوەکان:**

١. ئۆسکارمان، تحفە مظفریە، پێشەکی و ساغکردنەوە مامۆستا هێمن، انتشارات سیدیان لل٣-٢١٢
٢. سەلاح پایانیانی، کانی مرادان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٨١، ل ١٩٥
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.
٤. میمنت میرصادقی، واژەنامه هنر شاعری، کتاب مهناز، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٦، پێ ٢١٠-٢٠٨
٥.دکتر سیروس شمسیا، انواع ادبی، انتشارات فردوسی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٦، ێ ٢٧٩
٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.
٧. لسان الغیب، با تصحیح و مقدمه پژمان بختیاری، انتشارات امیرکبیر، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٧٨، ێ ٥١٥.
٨. سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٧.
٩. قادر فتاحی، قاضی، شۆڕ مەحموود و مەرزینگان، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٤٨، ێ ٧٢
١٠. سەرچاوەی پێشوو لل ٥٥-٥٤.
١١. سەرچاوەی پێشوو ل٤١
١٢. سەرچاوەی پێشوو ل ٨٩
١٣. قادر فتاحی، قاضی ، منظومه کردی لاس و خزال، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٧٩، ێ ٦٦.
١٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠
١٥. ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١٧٢
١٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢

هەڵە چنی

# زمانی فرەڕێنووس



مستەفا شێخە

دنیای مەجازی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتەر، فەیسبووک، یوتیووب و یاهوو و گووگل و شتی لەم بابەتە پێک دێت، هەموو لایەکمانی تووشی کێشە کردوە. ئەوکاتەی لە پشت ئەم سندووقە سێحراویەی بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، بزەیەکت دێتێ و بە زەردەخەندەوە خەریکی پیت لێدانی، ئەو کەسانەی لێت نزیکن، لێت دڕدۆنگ دەبن و بۆیان گرینگە بزانن ئەم زەردەخەندەیە کاردانەوەی کامە هێنی ناو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەیە. ئەوە تەنیا هاوسەرەکەتە چ ژن بێت و چ پیاو، دەماری دڵپیسیی دەبزوێت و پڕ بەدڵ قینی لەم دنیا مەجازییە دەبێتەوە.

ئەم دیاردەیە ئەو هاوسەرانە ناگرێتەوە کە لە ترسی پاشەڕۆژی تفت و تاڵ، وشەی تێپەڕینی ناو تۆڕەکانیان بە یەکتری داوە و دواتریش ناچاربوونە بە ناوی خوازراو لاپەڕەی دیکە هەر لەم تۆڕانەدا بۆ خۆیان بکەنەوە. ڕەنگە بەشێکی زۆر لە بەکاربەرانی بەڕێزی ئەم سندووقە سێحراویە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت، بەجۆرێک ئەم کێشەیان چارەسەر یان پووشبەسەر کردبێت. منیش وەک ئێوەی بەڕێز، ئەم کارەم کردوە و نازانم لە سەتا چەند تێیدا سەرکەوتووم. کێشەی منی نەخوێندوارشتێکی دیکەیە کە چەندی دەکەم بۆم چارەسەر نابێت.

لە ناو ژوورە گشتیەکان و ماڵاندا، ناکرێ لە ناو ئەم تۆرە کۆمەڵایەتیانەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەدەنگ لەگەڵ دۆستانمان بدوێین. ئەم کارە پێویستی بە ژوورێکی چۆڵ هەیە و ئەگەر شووشەی دەرگا و پەنجەرکانی دووتوێی و دەنگگێرەوەش بن، ئەوە هەر قیمەتی تەواونابێت.

کاتێک لەم ژوورە گشتیانەدا لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە پەیوەندی بە دۆستانەوە دەگری، ناچاری بە نووسین لە گەڵیاندابی.

یەکێک لەو تۆڕانەی کە ئێستە بووەتە مەیدانی تەراتێنی هەموو لایەک، فەیسبووکە. لەم فەیسبووکەی خۆماندا کە لە مامۆستای زانکۆ و فەیلەسووف و ڕۆژنامەنووس و بازاڕیەوە تا دەگاتە حەمەلاقرتێ و خوشکە بەیبوونی سەری کۆڵانی خۆمان، بە پەنجە ڕەنگینەکانیان خەریکن پیت و وشە و ڕستە و کۆمێنتی کورت و درێژی تێدا بەڕەڵڵا دەکەن.

ڕێنووسی زمانی کوردی کە بە هەموویەوە ماوەی نزیکەی سەد ساڵێکە بە ڕەوتێکی پێگەشتندا تێدەپەڕێت، لە سەر گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکاندا کەوتووەتە بەر ڕاوی سێ کۆسان و هەر کەسە و بە شێوازێک پێی دەنووسێت. لە نووسینی هێندێکاندا پاشگر بە وشەی پێش خۆیەوە دەنووسێت و لای هێندێک کەسی دیکە ئەم پاشگرە ماڵوێرانە بێ کەس و کارە، بە تەنیا لە بۆشاییەکی دوور لە وشەکانی ئەملا و ئەولای لەخۆیدا سێ‌پێی و سوێچکەیی و شێخانی هەڵدەپەڕێت. تاڕادەیەک هەموو خوێنەرانی بەڕێز و بێ‌ڕێز خوویان بەم جیاوازییە فرت و فراوانەی کوردی‌نووسینەوە گرتوە، بەڵام کاتێک پەنچەی دۆشاومژە بە کیبۆردی کامپیوتێرەکاندا دەدەن، پێ دەنێنە قوناغێکی دیکە.

دونیای مەجازیی ئەگەر بۆ کوردهیچی تێدا نەبێت، توانیویەتی زمانێکی فرە ڕێنووسترمان بۆ بەرهەم بێنێت. جیا لەوەی ئێمەی کورد خاوەنی دوو ڕێنووسی تەواو جیاوازی لاتینی و شێوازە عەرەبیەکەین، لە دونیای مەجازیدا ئەم دوو ڕێنووسە بەسەر چەندین وەردە ڕێنووسی دیکەدا دابەش دەبن .

لە ناو تۆڕی ئینترنێتدا، بۆ کوردی نووسین پێویست بەوە ناکات ئەم دووڕێنووسە لەبەرچاو بگری و کێشەی پێکەوە لکاندن و جیاکردنەوەی پێشگر و باشگرەکان و کورتی و درێژیی مەودای نێوان وشەکان ڕەچاو بکەی. بۆ وێنە دەتوانی کۆمێنتێکی کوردی بە ئەلف و بێی ئازەری بنووسی، دەتوانی هەر ئەم کۆمێنە بە بە پیتی ئەڵمانی یان سویدی یان ڕووسی دابنێی.

کوردەکان بە هۆی ئەم دابەشبوونەی کوردستان، زۆربەیان زمانێکی جیا لە کوردی لە زمانەکەی خۆمان باشتر دەزانن. ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی لەم تۆڕەدا کۆمێنت و نووسینەکان تێکەڵاوێک بن لە کوردی‌نووسینێک بە ڕێنووسی فارسی، عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی.

نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد سەرکەوتووانە ئەم کارەیان کردوە و توانیویانە دابەشبوونی کوردستان بە ئەمانەتەوە بۆ ناو زمان و ڕێنووسەکەشمان بگوزانەوە. من لەکاتێکدا ئەوەیان وەک پێشکەوتن و گەشەکردن دەزانم، بەڵام بەداخەوە خۆم تێیدا ماومەتەوە و هەست بە نەخوێندەوارییەکی قورس دەکەم. ئەوەندە نەخوێندەوارم تەنیا دوو ڕێنووسە سەرەکیەکەی خۆمانم بۆ دەخوێندرێتەوە.

لە کاتێکدا لە دوو ڕێنووسە سەرەکییە کوردییەکە ناتوانم بە هیچ ڕێنووسێکی دیکە بنووسم، پێموایە ئەم دوو ڕێنووسە زۆر چەختی و بەرچاو نەترسیشن. پێموانییە کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە توانیبێتیان وەک خەڵکی لای خۆمان کەلک لەم دووڕێنووسە وەبگرن و زمانی خۆیانی پێ بنووسن.

منیش ئێرەیی بەم کەڵە خوێندەوارانەی خۆمان دەبەم کە ئەوا بە سووک و هاسانی بۆ زمانی کوردی کەلک لە هەموو ڕێنووسێک وەردەگرن و کەسانی وەک من نەخوێندەوار ناچارن لەجیاتی تێگەیشتن لەم فرە ڕێنووسییە، ئەنگوستی سەرسوڕمان بخەنە سەرلێویان و بە دیتنی زۆربەی کۆمێنت و تێبنییەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کۆڵەوار و نەخوێندەوار و دەستەوستان دەست بەخۆیاندا شۆڕ بکەنەوە.

چیم پێنەماوە جگە لەوەی بەم زمانە فرە ڕێنووسەم بنازم.

# دەریا دڵ

**( بۆ کۆچی دوایی نەمر شوکروڵڵای بابان)**



مامۆستا بێبەش

لە باخان ئاهو ناڵین دێ دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ دەڵێن پیری مۆغان ڕۆیی

تروسکەی چاوی کیژە قژئاڵتوونییەکەی وشەی کوردی لە ژێر ڕووبەندی ستەمدا هەر هێزی باوەڕ بوو دەیدیت، پەری شێعر پەڕ وەریو و تەنیا لە خەمخانەی شاعیرانی پەڕیوە یا دانیشتووی نێو کونجی قەفەس و لە نێو هێندێک لە حوجراندا خۆی دەردەخست.

لەو حاڵەدا چریکەیەکی خۆش وەک چرپەی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و نازی دڵداران، ئاوێتەی خوڕەی تافگە و دەنگی کوڵێنگی دەست عاشقە سەر مەستەکەی بێستوون ، تێکەڵاویی زەمزەمەی حەنجەرەی زیرەک و ئاوازی ژێی کەوانی میرزادە، تەمی بەر ئاسمانی مانی ڕیشە و زمانی کوردی ڕادەماڵی.

دەریا دڵە سەربەرزەکەی وەک ئاوێەر « لە گەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار» گۆمیلکە ئاوی دەنگی کرماشانی کردە دەریا و شەپۆلە ئۆقرە نەگرەکانی هەستیارانی لە بەستێنی دڵی ئەویندارن دا و لە سەر وردەخێزەکانی ساحیل تروسکە و بریسکەی گەوهەری مام هێمنی دەرخست:

بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لە گەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بەهار نایە
بە ریشی بۆزەوە سوجدە دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو
تازە دانایە
لە گەڵ چارەرەشی و دوورە بەشی
ونەگبەت دەبی هەڵکەم

لە مێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەروایە.

چریکەی بە سۆز ولێزانی لە ڕیتم و ئاوازی خوێندنەوەی شێعری کلاسیکی کوردی دەبووە هانی گەنجانی خاوەن هەست هەتا قەڵەم دەست دەنێ و لە چوارچێوەی هۆنراوەدا کوڵ هەڵڕێژن و بۆی بنێرن هەتا وەیخوێنێ و بەمجۆرە هەژمارێک شاعیری دیکە پێگەیشتن، بەمجۆرە لە نێو شەوی ئەنگوستەچاوی ژیانی کورداندا نوورێک ئەگەر کەمیش بووبێ خزایە نێو ناخی دڵان کە ئەدەب و زمانی کوردی وەک لە بن نەهاتووە لە بن نایە . بەمجۆرە زیاتر دەرکەوت ئەگەرچی بە درێژایی مێژوومان قەڵەمیان شکاندووین و زمانی حەقبێژیان بڕیوین ، دیسانیش خاوەنی خانی و مەولەوی و نالی و وەفایی بووین کە بە دەنگی دەریا دڵ شێعرەکانیان وەک بەڵگە بوون و هەوارگەی دڵانیان ئاوپژێن دەکرد. کاتێ بارانی ڕووحی وەفایی دەباراند:

گوڵێکم بوو لە دونیادا شگۆفەی باخی ڕەعنایی
لە داخی پەرچەمی شێوام لە نێو بازاری ڕیسوایی
وەکوو بولبول بە ڕوح و دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی
هەموو عومری عەزیزم چوو لە ڕێی خەندێک بە خۆڕایی
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو
ئەمن وەک پەرچەمی جانان ئەمن وەک نرگسی یارم
لە لایێ خاو و سەرگەردان لە لایە مەست و بێمارم
بلا بگریم، بناڵێنم، کەوا تێکچوو سەر و کارم
دڵم دانا لە ڕێی دولبەر ، نە دڵ بۆم بوو نە دڵدارم
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو

لەو ماوەی ژیانی دەریا دڵدا باس لە کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی لە ژێر باڵی ڕەشی حاشاکەرانی بوونی کورد سەممی قاتیل بوو. ئەگەر چی نەیتوانی پڕ بە ویستی بانگی کوردایەتی بدا دیسانیش وەک یەکێک لە قارەمانانی مەیدانی بەرگری پێشگیری لە فەوتانی زمانی کوردی کرد. لە هەموو تەمەنیدا وەک شەم سووتا و ڕووناکی بەخشی بۆیە ئاوێەر و بێستوون سەر لە هەوران دەسوێن ودەبینن دەماوەندیش پێیانەوە سەر بەرزە.

ژیلەمۆی نێو ئاگردانی مێژوو هەر گەش بوو گەش، تەرزەی ناهۆمێدی و دارمانی قەڵای بەخت و لافاوی زەلکاوی بۆگەن نەیانتوانی دایمرکێنن. هەر گەش بوو وەک چاوی سێرەی پێشمەرگە. وەکوو یاقووتی سەر سینگی گوڵبەهارێک. وەک برووسکە.

زۆر بە جێیە لە یادی دا لە هەستی مام هەژارەوە باوەڕەکەی بدرکێنم:

**بە دەربەدەری یان لە ماڵی خۆم**
**لە خاکی عەرەب لە ئێران و ڕۆم**
**دانیشم لە سەر تەختی خونکاری**
**یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری**
**کوردم و لە ڕێی کورد و کوردستان**
**سەر لە پێناوم گیان لە سەر دەستان**
**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم**
**بە کوردی دەیدەم وەڵامی قەبرم**
**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە**
**لەو دونیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە**

٢٥ی١٢ی٢٠١٢

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 599 4 Janu 2013



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## خەڵاتی ماملی بۆ ساڵی ٢٠١٢ بە عەزیز شاروخ درا



عەزیز شاروخ، هونەرمەندی بە ناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵاتی مامڵێ بۆ ساڵی ٢٠١٢ی پێدرا.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ کە ماوەی چەند ساڵە دەستبەکار بووە و ساڵانە یەکێک لە هونەرمەندانی بواری گۆرانی و موزیکی کوردی خەڵات دەکا، لە بابەت هەڵبژێرانی ئەمساڵی دەڵێ: مامۆستا شاڕوخ ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی لە پێناوی پاراستن و پەرەسەندنی فۆلکلۆر و هونەری کوردیدا بەخت کردوە.

لە ڕاگەیەندراوی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ دا ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەم ساڵ بە هۆی ئەوە کە کوردستان ڕەشپۆشی شینی شیناوێیە، مەڵبەندی هونەریی مامڵێ بڕیاری داوە کە بۆ بەخشینی خەڵاتی ئەمساڵ هیچ جێژن و کۆڕێکی شادی ڕێک نەخرێ و خەڵاتی مامڵێ لەوپەڕی بێدەنگی و شینی شیاوی شیناوێ پێشکەش بەم هونەرمەندە هێژایە بکرێ.

شایانی باسە کە هونەرمەند عەزیز شاهروخ بە گوتنەوەی مەقام و گۆرانییەکانی هونەرمەندان کاوەیس ئاغا، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی، تاهیر تۆفیق، حەسەن جزراوی و محەممەد عارف جزراوی ڕۆڵێکی گرینگی لە نوێ کردنەوەی گۆرانییەکانی ئەوان و ناساندنی زیاتریان دا گێڕاوە. جگە لەوەش هونەرمەند شاروخ بۆخۆی خاوەنی زۆر ئاواز و گۆرانیی تایبەتە کە لە ناویاندا بە دانانی ئاواز لە سەر شێعری شاعیرانی سەردەم ڕۆڵێکی گرینگی لە ناساندنی زیاتری شێعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوانە هێمن، سوارە ئیلخانی زادە، عەتری گڵۆڵانی و «چاوە»بە وەچەی نوێ دا بینیوە.

## پێدانی خەڵاتی سیمۆن دۆبوار بە مەلالە یوسفزای



بنیاتی سیمۆن دۆبوار خەڵاتی ئەوساڵی خۆی بە مەلالە یۆسفزای، کچە تەمەن ١٥ ساڵەکەی پاکستانی بەخشی کە لە بواری مافەکانی منداڵان و ژناندا چالاکە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسە مەلالە یوسفزای لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا ڕەفتارەکانی تالیبانی لە بابەت ڕێگری و بەربەست دروست کردن لە بەردەم خوێندنی کچانی وڵاتەکەی لە قاو داوە و هەر بەهۆی ئەو چالاکییانە لە وڵاتی پاکستان کەوتۆتە بەر هێرشی تیرۆریستیی هێزەکانی تالیبان و ئێستا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بریتانیا لە ژێر چاوەدێریی پزیشکی دایە.

خەڵاتی سیمن دۆبوار لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی و بە بۆنەی سەدەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی نووسەر و فمێنیستی بەناوبانگی فەڕانسەیی «سیمۆن دۆبوار» بنیات نراوە و هەر ساڵە پێشکەش بە کەس یان ناوەندێکی چالاکی داکۆکیکاری مافەکانی منداڵان و ژنان دەکرێ.

**سەرچاوە: ماڵپەری «ڕۆژهەڵات تایمز**

## بەخشینی خەڵاتی هێلمەن- هێمت بە سێ چالاکی ئێرانی



سێ چالاکی ئیرانی توانیان خەڵاتی مافی مرۆڤی هێلمەن- هێمت بۆ ساڵی ٢٠١٢ بەرنەوە.

عیسا سەحەر خیز چالاکی سیاسی و لە ئەندامانی کەمپەینی هەڵبژاردنی مێهدی کەڕووبی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨، کەیوان سەمیمی، ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی مانگنامەی ڕاگیراوی «نامە»، هیلا سەدیقی، شاعیر و وێنەکێشی چالاکی بزووتنەوەی سەوز براوەی ئەمساڵی ئەو خەڵاتە بوون.

ئەو خەڵاتە هەموو ساڵێ لە لایەن ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤەوە پێشکەشی چالاکان و نووسەرانێک دەکرێ کە بە هۆی ڕەخنە گرتن لە بەرپرسە حکوومییەکان یا بڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز لە حکوومەت کەوتبنە ژێر فشار و خرابێتنە زیندانەوە.

خەڵاتی هێلمەن- هێمت بۆ ڕێز گرتن لە لیلیان هێلمەن، شانۆنووسی ئامریکایی و دێشیل هێمت، نوسەر و سیناریۆنووسی ئەمریکایی داندراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە پارەکەش چوار کەس لە ئێران توانیبوویان ئەو خەڵاتە وەرگرن.

بەهمەنی ئەحمەدی ئومەوی، یەکێک لە ڕۆژنامە نووسانی دەسبەسەرکراو لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی، کاوە کرماشانی، ڕۆژنامەنووسی کورد و چالاکی مافی مرۆڤ و ئەمیر ڕەشیدی، یەکێکی دیکە لە چالاکە سیاسیەکانی لاوی ئێران ئەو کەسانە بوون کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ساڵی ڕابردوو ناویانی خستبووە نێو لیستەی براوەکانی خەڵاتی هێلمەن – هێمت.

شایانی باسە کە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، ڕەوشەنەک داریووش، مێهرەنگیز کار، تەقی ڕەحمانی، ئیسماعیلی خۆیی، هوشەنگی گوولشیری، ئاسیە ئەمینی، یوسف عەزیزی بەنی تۆرۆف، و ئارەش سیگارچی چەند کەسێکی دیکە لە ئێرانن کە بەهۆی چالاکییەکانیان خەڵاتی هێلمەن- هێمت یان پێ دراوە.

## بەڕیوەچوونی کۆڕی ڕێزلێنان
## لە مامۆستا شوکروڵڵا بابان لە هەولێر




ڕێوڕەسمی تایبەتیی ڕێزلێنان لە مامۆستا شوکروڵڵا بابان لە هوتێی چوارچرای شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی «کوردستان و کوردنیوز» ڕۆژی چوارشەممە، ٧ ی بەفرانبار ئەنیستیتۆی کەلەپووری کورد بە هاوکاریی ڕێکخراوی پەرەپێدانی کاری ڕاگەیاندن ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنان لە تەمەنێک خزمەتی مامۆستا شوکروڵڵا بابان، نووسەر، ڕووناکبیر، بێژەر و هونەرمەندی کورد بە نەتەوەی کوردی لە هوتێل چوارچرای هەولێردا بەڕێوە برد.

لەم کۆڕەدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەدیبان و ڕووناکبیرانی کوردستان، نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزراوە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی کوردستان و لایەنگرانی کلتوور و کەلەپووری کورد بەڕێوە چوو، سەرەتا عوسمان نەدیم بە نوێنەرایەتیی لە هەیئەتی ئامادەکاری کۆڕیادەکە وتەیەکی پێشکێش کرد و پاشان دوکتور زیرەک کەماڵ، بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامی نێچیروان بارزانی بەو بۆنەیەی خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا تاهیر عەبدوڵڵا، وێڕای خوێندنەوەی پەیامی پارێزگای هەولێر، لە بارەی پەیکەرەی مامۆستا شوکروڵڵا بابان ڕایگەیاند کە ئەم پەیکەرەیە لە پارکی منارە دادەنرێ و هەروەها یەکێک لە شەقامەکانی ئەم شارە بە ناوی ئەم کەڵە هونەرمەندەی کوردەوە دەکرێ.

لە درێژەی چلەی ماتەمینی گەورە نووسەری کورددا، ناودارانی وەک مەزهەر خالەقی، ئەسعەد سیراجەدینی و ئیسماعیل بەرزەنجی هەرکام بە نۆبەی خۆیان باسیان لە کەسایەتیی ئەدەبی و هونەری و هەروەها بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ خوالێخۆشبوو کرد.

خوێندنەوەی پەخشان و چەند کۆپلە لە شێعرو پەخشانەکانی مامۆستا شوکروڵڵا بابان لەلایەن مامۆستا بێبەشی شاعیرەوە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو.

لە کۆتایی کۆڕیادەکەدا وەسیەتنامەی مامۆستا شوکروڵڵا بابان بە دەنگی خۆی بڵاوکرایەوە.




## وەرزشکارێکی کورد بوو
## بە قارەمانی جیهان



لاوێکی وەرزشکاری کورد توانیویەتی لە ڕکەبەرییەکانی قارەمانیی «پڕێس سینە»ی جیهان ببێتە یەکەم و میداڵی زێڕی ئەو ڕکەبەرییانە دەستەبەر بکا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵنێریی موکریان «سامانی یاری»، وەرزشکاری لاوی کورد کە لە ریزی تیمی نیشتمانیی ئێران لەو ڕکەبەرییانەدا بەشداری کردوە، توانیویەتی یەکێک لە میداڵە زێڕەکانی ئەو ڕکابەرییانە بباتەوە.

شایانی ئاماژەیە کە وەرزشکارانی کورد سەرەڕای پشتگوێخرانیان لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیدار لە بواری خولقاندنی دەرفەت و گەشە کردنیان بەردەوام توانیویانە لە مەیدانە وەرزشییەکاندا بدرەوشێنەوەو شانازی بخولقێنن.

بەر لە ماڵاوایی

## ئازادیی یەکجاری،
## مافی کەبوودوەندە نەک مەرەخەسیی ٤ ڕۆژە!



**قادر وریا**

خۆشحاڵم کە بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بە ناحەق بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، سەرەنجام مەرەخەسییەکی پێدرا بۆ ئەوەی سەردانی ئەندامانی بنەماڵەکەی بە تایبەتی کوڕە نەخۆشەکەی، پێژمان بکا. بەڵام چۆن مەرەخەسییەک؟ مەرەخەسییەکی ٤ ڕۆژە، پاش ٥ساڵ و نیو بەندکران و تووش هاتنی ئەو هەمووە ئازار و نەخۆشییە، ئەویش لە پاش دانانی وەسیقەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنی!!

بێگومان بۆ هۆگران و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا هەوڵیان داوە دەنگی مەزلومییەتی ئەو تێکۆشەرە بە گوێی دنیا بگەیەنن، ملدانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەرەخەسییە، بە سەرکەوتن دەژمێردرێ. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ، مافی بێئەملاوئەولای کەبوودوەند بووە کە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵ و نیوەدا،دەیان جار، بە مەرەخەسی و بە سەردان بگەڕێتەوە بۆ نیو بنەماڵەکەی، بەڵام ئەو مافەی لێ پێشێل کراوە. تەنانەت ئەو کاتانەش کە بۆ خۆی نەیویستوە مل بۆ هێندێک مەرجی چوونە مەرەخەسیی بدا، حەق هەر بە ناوبراو و ناحەق و ستەمکار هەر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بووە. هەر ئەو مەرجەی ئێستا(دانانی٧٠٠ میلیۆن تمەن وەسیقە) بۆ ٤ ڕۆژ چوونە مەرەخسی، زاڵمانەیە. ئەو بەم ٤ ڕۆژە فریای ڕاگەیشتن بە کام گرفت وکێشەی کوڕەکەی و دەرد و ئازارەکانی خۆی دەکەوێ؟ ملنەدانەکانی پێشووی کەبوودوەند بۆ مەرجە زاڵمانەکانی چوونەمەرەخەسی، وەک مانگرتنە درێژخایەنەکەی، لە هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و خۆنەویستانە وکەرامەتپارێزانەی ئەو کەسایەتییەوە بوون و جێگای ڕێزن.

وەک زۆر جاری دیکەش لە کاتی نووسین و وتوویژ و قسەکردن لە بارەی ئەم تێکۆشەرە سەربەرز و خۆبەختکەرەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وتوومە، کەبوودوەند بە مایە دانان نەک هەر لە سلامەتی و تەمەن و ژیانی خۆی ، بەڵکوو لە هی ئەندامانی بنەمالەکەشی، ئاڵای داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی هاوزمانان و هاونیشتمانانی بەرز ڕاگرتوە.بەڵام وەک لە لێدوان و ئاماژەکانی کەسانی نزیک لەو تێکۆشەرە را دەردەکەوێ، ٤ مانگیان هەوڵ داوە تا توانیویانە ٧٠٠ میلیۆن تمەن وەسیقەی بۆ ئەم مەرەخەسییەی بۆ دابین بکەن، تازە بەشی هەرە زۆری ئەم برە پارەیەش هەر لە ریگای لە گرەونانی ماڵەکەی خۆی و بەشداریی خزمێک و هیممەتی ناسیاوێکی وەک هاوسەری ئێحسانی هۆشمەند، دابین بووە.ئەدی نەخش و بە دەنگەوە هاتنی ئەو خەڵکەی کەبوودوەند خۆی و داهاتووی مندالەکانی کردوون بە قوربانی،بە تایبەتی کوردە دەسترۆیشتوو ودەوڵەمەندەکان، لەو نێوە دا چەندە؟! ئەو کەسە دارا و دەسترۆیشتوانەی نەک لەخەبات و تێکۆشانی پڕهەزینەی وەک پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لە ریزی حیزبە سیاسییە شۆڕشگێڕەکاندا، بەڵکوو لە خەباتی هێمنانە و مەدەنی بە داکۆکی لە مافی مرۆڤیش، خۆ دەدزنەوە، ئەدی بۆ نەتەوەکەیان و بۆ مرۆڤایەتی، چ سوود وچاکەیەکیان دەبێ؟ خۆ لانیکەم دەتوانن لە کارێکی ئینسانی و خێرخوازانەی وەک هاوبەشی لە دابینکردنی وەسیقە، یا پێڕاگەیشتنی ماڵی و ئینسانی بە بنەماڵەی تێکۆشەرانی بەندکراو دا بەشدار بن.

نەک هاتنەدەری کاتی و بۆ مەرەخەسی، بەڵکوو بەربوونی بە یەکجاری لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی، مافی بێئەملاولای بەڕێز موحەممەد سەدیقی کەبوودوەندە.مەحکوومکردنی کەبوودوەند بە ١١ ساڵ زیندان کە ٥ ساڵ و نیو لەو ١١ ساڵەی لە هەلومەرجێکی دژوار لە بەندیخانە دا تێپەڕ کردوە، ستەم وناحەقییەکی ئاشکرایە کە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا و تەنیا بە تاوانی داکۆکیی ئازایانە لە مافەکانی مرۆڤ، بە سەر ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیان دا سەپاندوە. ئێستا کە بەڕێز کەبوودوەند بە مەرەخەسی گەڕاوەتەوە نێو بنەمالەکەی، هیوادارم، بە هەوڵی هەموو لایەک گەڕانەوەکەی ببێتە گەڕانەوەی یەکجاری.